# رەخنەگرتن لە قورئان

**نوسینی : دکتۆر سوها**

**وەرگێڕانی : سوارە محەمەد**

- **ناوی کتێب: ڕەخنەگرتن لە قورئان**
- **نوسینی: دکتۆر سوها**
- **وەرگێڕانی: سوارە محەمەد**
- **دیزاینی ناوەو بەرگ: وەرگێڕ**
- **بەرگی یەکەم**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **چاپی یەکەم: ٢٠١٥ سلێمانی**
- **لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی (          )ی ساڵی ( ٢٠١٥ ) ی پێدراوە**


swarakaka@yahoo.com

# پێڕست


- پێشەکی پێویست
- بەشی یەکەم

ناساندنی قورئان

- بەشی دووەم

هەڵە زانستییەکانی قورئان

## پێشەکی وەرگێڕ

هەر دەقێک کە لەدایک دەبێت، شایەنی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەگرتن و بەدواداچوونە، قورئانی موسڵمانان دوای نوسینەوەی بەردەوام لێکوڵینەوەو ڕەخنەی ئاراستەکراوە.
دکتۆر سوها یەکێکە لەو لێکۆڵەرەوانەی کە بەشێوەیەکی زانستیی وتەی ئاوەزیی سەبارەت بەقورئان خستۆتە ڕوو، بەراوردکارییەکی کردووە لەنێوان ئەو پەرجووانەی بۆ قورئان داتاشراوەو لەگەڵ زانستی ئەمڕۆ .

ئێمەش بە باشمان زانی ئەم کتێبە وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی و سوودێک بەخوێنەرانی تینوی زانست بگەیەنین، ئەگەرچی کتێبەکە لە

**٨٦٠لاپەڕە پێکهـــــاتووە، بەڵام لەبەر کەمیـــــی توانای ماددیی دابەشمان کردووە بۆ ٤ بەرگ.**

**لەبەرگـــی یەکەمـــداو لەبەشـــی یەکەم باســـی (ناسـاندنی قورئـان) دەکـات، تـاوەکو بەرچـاو روونییەکی باش بدات بەخوێنەر کە ناوەڕۆک و دەقـــی قورئـــان لەچـــی پێکهـــاتووە، لەبەشـــی دووەمــــدا( هەڵە زانســــتییەکانی قورئــــان)، بەراوردکــــارییەکی ورد و زانســــتییانەیە بــــۆ دەقەکانی قورئان و زانستی ئەمڕۆ.**

## پێشەکی پێویست

بەســـــەرنجدان لەوەی کە ئـــــاینگەلێکی زۆر لەجیهاندا هەیە و کەسانێکی زۆریش بەدرێژایی مێـژوو پروپاگەنـدەی پێغەمبەرییـان کـردووە، ئاوەز(عەقـڵ)ی ئـێمە بڕیـار دەدات کە ئـاینە جیاوازەکـان بەبـێ لایەنگـری و سـەرنجدانی ئـاوەزی و زانسـتی بخەیـنە ژێـر لێکـۆڵینەوەو ئەگەر ئاینێـک دروسـت و بـێ کەموکـوڕی بـوو ئەوا پەیـــڕەوی بکەیـــن، هەروەهـــا ئەگەر خــودایەک لەم جیهــانەدا هەبێــت و بیەوێــت هیـدایەتی ئـێمە بـدات، لەبەنـدەکانی هەمـان چـاوەڕوانی هەیە، ئەم کتێـبەش بەدوای هەمـان کاردا دەگەڕێت.

ئەگەر قورئـان کتێبی خودا بێت، دەبێـت لانـیکەم تـایبەتمەنـــــــدی بنەڕەتـــــــی هەبێـــــــت. یەکەم: لەسـەدا سـەد و لەهەمـوو لایەنـێکەوە

**تەواو و بەبێ کەموکوڕی بێت، چونکە وتە(کەلام)ی خودایەو خودا زانا و ئاوەزمەند(عاقڵ)ە و هەڵە ناکات.**

**دووەم: دەبێت توانای پەرجوو(موعجیزە)ی هەبێت، واتە شتگەلێک باس بکات کە لەتوانای مرۆڤ بەدەر بێت، چونکە دەربڕین یان نوسینی بابەتێک بەبێ هەڵە لەلایەن مرۆڤەوە مەحاڵ نیە و لەلایەکی ترەوە دەکرێت لەیەک کاتدا هەموو داخوازییەکانی کتێبێک بەدروستی لەبەرچاو بگیرێت. پاشان خودا لەبەرئەوەی بۆ بەندەکانی روون بکاتەوە کە ئەم کتێبە خودا خاوەنێتی، دەبێت پێغەمبەرەکەی هاوپەرجوو بکات بەتایبەتی پەرجوویەکی پتەو کە هەمان کتێبی خودا بێت، بەمانایەکی تر کتێبی خودا دەبێت پەرجووی تێدابێت.**

**قورئـــان دەڵێـــت کە پەرجـــووە، یەکێـــک لەو بەڵگـانەی کەقورئـان خـاوەنی هەمـوو شـتێکە، ئیتـر ئەم لەسـەدا سـەد راسـتە ئەوەیە کە هـیچ کەس ناتوانێت سورەتێکی وەک قورئان بهێنێت یان بنوسێت.**

**ئەو ئایەتانەی کە پروپاگەندەی بـوونی هەمـوو شتبوونی قورئان پێشنیار دەکەن بریتیە لە:**

- لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (يوسف ١١١)

**واتە: لەسەرگوروشتەی ئەمانە، پەنـد هەیە بـۆ بەئـاوەزان، واتەیەکـی هەڵبەسـتە نـیە؛ بەڵکـو [راسـتە] بـاوەڕ دەکـا بەوەی لە بەردەسـتیدایەو شـیکەرەوەی هەمـوو شـتە و ڕێنیشـاندەرەو بەزەییە بۆ ئەو کەسانەی بەباوەڕن.**

- وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ (النحل ٨٩)

**واتە: ئەم کتێبەشمان بۆ ناردووی، هەموو شت ڕوون دەکاتەوە و ڕێنوێنی و دلۆڤانی و مژدەیە بۆ موسڵمانان.**

**هەڵەبوونی پروپاگەندەی (هەموو شت تێدابوونی قورئان) ڕوون و ئاشکرایە، هەموو شت لە هەزاران کتێبیشدا ناگونجێت چ جای لەکتێبێکدا، ئەم پروپاگەندەیە، ڕاڤەکارانی توشی دەردەسەری کردووەو هەندێکیان دەڵێن کە مەبەستی هەموو شت بوون، هەموو شت پێویستە بۆ ڕێنوێنیی مرۆڤ لەلای خوداوە بێت، بەڵام ئەم پروپاگەندەیە دوو کێشەی بنەڕەتی هەیە.**

**یەکەم: مەگەر خودا نەیدەتوانی بڵێت "قورئان**

**هەموو شتێکی بۆ هیدایەت تێدایە" بەکارهێنانی هەمـوو شـت واتە هەمـوو شـت بەشـێوەیەکی گشـتی. دووەم: ئەم لێکـدانەوەیە لەگەڵ هەردوو ئـــایەتەکەی پێشـــوو یەکنـــاگرنەوە، چـــونکە هەردوو ئایەتەکە لەدوای هەموو شت، ڕێنـوێنی پێشنیارکردووە واتە قورئـان لەخـۆگری هەمـوو شـتێکەو لەخـۆگری ڕێنوێنیشـە، واتە ڕێنـوێنی جیـاوازە لە هەمـوو شـت. سـەرباری ئەمەش لەمـــــاوەی خوێنـــــدنەوەی ئەم کتێـــــبەی لەبەردەستدایە ئاگادار دەبیت کە قورئـان هەتـا هەموو شتێکی بۆ ڕێنـوێنی تێـدانیە، بـۆ نمـونە قورئـــان هـــیچ بەڵگەیەکـــی بـــاوەڕپێکراوی بـــۆ بـوونی خـوداو زینـدوبوونەوەی مردووەکـان و وەحی تێدانیە.**

**قورئـان هەمیشـە رایـدەگەیەنێت کە لەودا هـیچ لادانێک و هەڵەیەکی تێدا نیە.**

- قُرْآنًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِي عِوَجٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (الزمر ٢٨)

**واتە: قورئانێکە بەعارەبی و خوارو خێچی تێدا نیە؛ بەشکو لەخودا بترسن.**

-

أَفَلاَيَتَدَبَّرُونَالْقُرْآنَوَلَوْكَانَمِنْعِندِغَيْرِاللَّهِلَوَجَـــدُواْفِيهِاخْتِلاَفًاكَثِيرًا (النساء ٨٢)

**واتە: ئاخۆ ئەمانە لەقورئان ورد نابنەوەو [سەرنجی ڕانەکێشاون]؟ ئەگەر قورئان کاری کەسێکی‌تر بوایە غەیرە خودا، دیارە مەبەستی ناڕێک و دژ یەکتریان فرە تێیدا پەیدا دەکرد.**

**هەڵبەتە بەهەمان شێوە کە پێشتر گوتمان ئەگەر قورئان کتێبی خودا بێت، دەبێت سەدا سەد بێ هەڵە بێت، بەڵام ئەم کتێبەی ئێمە**

**زیاتر لەهەزار هەڵەی زەق لە قورئاندا نیشان دەدات.**

**هەروەها قورئان خەڵکی بانگێشت دەکات کە هاوشێوەی ئەو بهێنن، سەرەتا لە نەیارەکانی داوا دەکات کە دە سورەتی وەک قورئان بهێنن و پاشان داواکەی کەم دەکاتەوە بۆ یەک سورەت:**

- أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿هود ١٣﴾

**واتە: یان ئێژن: هەڵیبەستگە. بێژە: قسەو راستە، دەسا ئێوە بە یارمەتی هەر کەسێ دەستوو دەکەوێ -غەیرە خودا- دە سوورەتی هەڵبەستە هەروەک ئەم بێنن**

**- بەقەرە ٢٣-٢٤:** وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾

**واتە:ئەگەر لەمەی کە ئێمە بۆ عەبدی خۆمان ناردۆتە خوار بەگومانن و پێشتان وایە راستی بۆ ڕۆشتوون، دەسا ئێوە وێڕای هاوباوەڕەکانتان بە گەلەکۆمەکی یەکتر - جگە لە خوا - سورەتێکی وەک ئەو بێژن(٢٣) ئەگەر نەتکرد - کە هەرگیز بۆشتان ناکرێ - سا بترسن لەو ئاگرەی دەستەچیلەی تەوەن و لەشی مرۆیە و هەر بۆ خودانەناسەکان هەڵکراوە(٢٤). [تەوەن: بەرد]**

**ئەم بانگهێشتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قورئان هەڵەیە، چونکە نوسینی هەر کەس وەکو خۆی تایبەتە بە تاک، بۆ نمونە شیعری فیردەوسی و پەخشانی سەعدی و غەزەلی حافز و هەتا بەوردی زانستی، نوسینەکان و وتەکانی کەسی ئاساییش تایبەت بەتاکەکەسن، هیچ کەسێک ناتوانێت شیعری حافز یان پەخشانی سەعدی یان شیعری فیردەوسی بنوسێتەوە، ئەدیبانی جیاواز هەوڵیانداوە لاساییان بکەنەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئایا ئەمە بێ مانایە کە شیعری حافز و پەخشانی سەعدی و شیعری فیردەوسی پەرجوون؟ بێ هیچ ناونیشانێک.**

**هەڵبەتە دەتوانی بەهاوکاری محەمەدەوە بێیت و ئەم بانگهێشتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی قورئان بەشێوازێکی گونجاو بگۆڕی، بۆ نمونە دەتوانیت بڵێی راستە کە نوسراوی شاعیران**

**تایبەتمەندن بەتاکەکەسەوە بەڵام لەڕووی شان و شـەوکەت و لەڕووی پلـەو پـایەو گەورەیـی و داهێنان لـەگەڵ یەکتر شایستەی هەڵسـەنگاندنە بـۆ نمـونە هەر سـێکیان لە قەڵای ئەدەبیـاتی فارسـیدا جێگیـر دەبـن، ئەگەرچـی بەهـیچ ناونیشانێک وەک یەک نین.**

**لەوەڵامـــی ئەم بانگهێشـــتەی قورئـــانیش بەخوێنـــدنەوەی ئەم کتێـــبە تێـــدەگەیت کە نوسـراوەکانی قورئـان زیـاتر و باشـتر لەوان لەجیهـانی ئێسـتادا بـوونی هەیە، لەوانەش شـــیعری حـــافز کە لەترۆپکـــی ئەدەبیـــاتی جیهانـدایە. پاشـان لەڕوانـگەی نـاوەڕۆکەوە، گـوتن یـاخود نوسـین ویسـتراوێکە پـڕ لە کەموکـوڕی و هەڵە هەر کەسـێک بەرهەمـی بهێنێـت و پێویسـتی بە حـافز و سـەعدی نـیە. هەروەها نوسراوی جـوانتر و پـڕ نـاوەڕۆکتر لە**

**قورئـــان بــونی هەیە، بــۆ نمــونە مەســـنەوی مەولانا.**

## **<u>ڕەوشی بەڵگەهێنانەوە(استدلال)ی ئەم کتێبە:</u>**

**ڕەوشـــــی بەڵگەهێنـــــانەوەی ئەم کتێـــــبە زۆر سادەیە:**

**- گەورە: ئەگەر قورئـــان هـــی خـــودایە بەبـــێ هەڵەو کەموکورتیەو خاوەن پەرجووە.**

**- بچووک: قورئان پڕە لەهەڵەو کەموکورتی و پەرجووی تێدانیە.**

**- ئەنجام: قورئان هی خودا نیە.**

**کاری ئەم کتێبە سەلماندنی (بچوک)ە.**

## سەرچاوەکانی ئەم کتێبە:

سەرچاوەکانی ئیسلام لەدوو شت زیاتر نیە، یەکیان قورئان و ئەویتر سونەتی محەمەد، ئەم کتێبە لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەیە لەقورئان، سەرچاوەی یەکەمی بەتەواوی قورئانەو ئەگەر ئایەتێکیش روون نەبوو بۆ تێگەیشتن، ئەوا بۆ تێگەیشتن لەماناکەی سونەت(حدیث) دەکەینە سەرچاوە.

سونەت تەنها بەڵام سونەتی باوەڕپێکراو، تەواوی کتێبی باوەڕپێکراوی حەدیسەکانی پێغەمبەر، بەتایبەت سەحیحەکانی بوخاری و موسلیم، هەروەها (سیرەی رسول اللە)ی ئیبن اسحاق و ئیبن هیشام و مێژووی تەبەری، پێداچونەوە بەکۆی ئەو شیکردنەوە(تفسیر)

**باوەڕپێکراوانەدا دەکەین بۆئەوەی مانای ئایەتەکان بەسەرنجدان لەقورئان و سونەت روونتر بێت نەک لەروانگەی شیکەرەوە(مفسر)، بڕیاری لەسەر بدرێت.**

# بەشی یەکەم

# ناساندنی قورئان

**پێیویستە ئەو کەسەی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە لانیکەم یەکجار بەدیقەتەوە مانای ئایەتەکانی قورئانی خوێندبێتەوە. بەڵام ئەمە لەهەموو کاتێکدا وەک یەک نیە، لەم بەشەدا بەتایبەت قورئان دەناسێنین.**

## پەیامە بنەڕەتییەکانی قورئان:

**قورئان کتێبێکە کە بەپێی پروپاگەندەی محەمەد کوڕی عەبدوڵا لەنزیکەی ١٤٠٠ ساڵ پێش**

**ئێستاو لە ماوەی ٢٣ ساڵ بۆ محەمەد دابەزیوە، لوبی قورئان بریتیە لە:**

- **قبوڵی بوونی خودایەک کە تایبەتمەندی بەخشندەیی هەیەو ململانێ لەگەڵ شیرک و بتپەرستیدا**
- **قبوڵی بوونی قیامەت**
- **قبوڵی قورئان وەک کتێبێک خودا ڕاستەوخۆ بۆ محەمەدی پێغەمبەری ناردووە**
- **ئەحکامی جۆراوجۆر کە پروپاگەندەی ئەوە دەکات ڕێگەچارەی کۆتایی هەموو کێشەکانی مرۆڤە**
- **پێویستە بێ بەند و مەرج گوێڕایەڵی خوداو محەمەد بیت**
- **دڵنیابوونەوە لە ئەنجامی کاری باشە کە هەمان دەستوری قورئان و محەمەدە**

- **پێویستی**
- **گرنگـــی و دڵنیـــاکردنەوە لەجەنــگ بــۆ پارێزگـــاری لەئیســـلام و بڵاوکـــردنەوەی ئیسلام لەجیهاندا.**

## جوانی وتەی قورئان:

**قورئـــــان لەڕووی وتەکـــــانییەوە جـــــوانە، بەتایبەتی سورەتە کورتەکانی مەکە لەشێوەی پەخشـانە شـیعری دڵگیـردایە. ئەم سـورەتانە وەک شـیعری نـوێ هـۆنراونەتەوە. هەرروەهـا لەمێژووی ئیسلامدا یەکێـک لەسەرنجڕاکێشـییە گرنگەکـانی قورئـان بـۆ شـیکردنەوە(اعراب)، جوانی ئەو بووە. هەڵبەتە لە هەموو شوێنێکی قورئانـدا لەڕووی جـوانییەوە وەک یەک نـیە. ڕستەگەلێکی بێ مانـاو نـاوەڕۆک بەشێوەیەکی فــراوان لێــرەو لەوێ هەیە لە قورئانـــدا، لەم**

**بــــارەیەوە لە بەشــــی (هەڵە نوســــراوییەکانی قورئان) باسی دەکەین.**

## دوبارەبوونەوەی قورئان:

**پەیــامە بنەڕەتییەکــانی قورئــان ســەدان جــار دووبارە بۆتەوە و لە هەر لاپەڕەیەکی قورئانـدا هەمــووی یــان بەشــێکت بەرچــاو دەکەوێــت. لەهەمــــووی زیــــاتر ترســــان لەرۆژی ســــەڵا (قیامەت) و دڵنیـاکردنەوە لە یەکبـوونی خـوداو دژایەتی لەگەڵ هاوبەشی بـۆ خـوداو بتپەرستی لەودا دوبارە بـۆتەوە. بەنزیکەیـی ئەسـتەمە کە لاپەڕەیەکی قورئـان بخـوێنیتەوەو ئامـاژەی بـۆ ئەم دوو بـــــابەتە نەکردبێـــــت. لەقورئانــــــدا دەســتەواژەی کەم هەیە کە یەکجــار نوســرابێت. لەوانەیە قورئان دوبارەترین کتێب بێـت. ئەگەر**

**کەسێک سورەتێکی درێژی قورئان بۆ نمونە (البقرة) بخوێنێتەوە، ئەوا بەخوێندنەوەی هەموو قورئان شتێکی زیاتر بۆ زانینی ئەو زیاد ناکات.**

## چەند نمونەیەک لەدوبارەبووەکانی قورئان:

**- ناوی موسا ١٣٦ جار لەقورئاندا دوبارە کراوەتەوەو چیرۆکی موسا بەشێوەی کورت و درێژ لە ٣٤ سورەتی قورئاندا دوبارە بۆتەوە.**

**- دەستەواژەی " جنات تجری من تحتها الانهار " واتە ( باخەکانی بەهەشت کە رووبارەکانی بەژێردا دەڕوات) کوتومت نزیکەی ٤٠جار دوبارە بۆتەوە.**

**- دەستەواژەی " ومن اظلم ممن افتری علی اللە الکذاب " واتە (چ کەسێک لەو کەسە زاڵمترە کە درۆ لەگەڵ اللەدا دەکات) کوتومت ٩جار و**

**لەگەڵ گـۆڕانێکی کەم لەدەربڕینـدا ١٣جـاریتر دووبارە بۆتەوە.**

**– بۆچونی "ویعبدون من دون الله ما لا یضرهم ولا یـنفعهم " واتە (جـگە لە اللـە شـتێک دەپەرستن کە قـازانج زەرەریـان پێناگەیەنێـت) لانیکەم ١٠جار دووبارە دەبێتەوە.**

**– دەسـتەواژەی "اللـه الـذي خلـق السـموات والارض في سته الایام" واتە (اللـە ئاسمانەکان و زەوی لە شـەش ڕۆژدا دروسـتکردووە) ٧ جـار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە.**

**دەتـوانین بڵێـین کە تەواوی نـاوەڕۆکی قورئـان بەبێ دووبارەبونەوە تەنها ٢٠٪ لەقەبـارەی ئەم کتێبە پێکدەهێنێت.**

## کەم ناوەڕۆکی قورئان:

قورئــان کتێبێکــی کەم نــاوەڕۆک و رووکەشــە. بەداواکاری جۆراوجۆر لەرووکەشـی تێگەیشـتنی خەڵکــی ئاســایی زەمــانی مــحەمەد و نــیمچە دورگەی عەرەبــی دەردەخــات، بەبــێ بەڵــگەی گونجـاو تێڕامـانی تەواو. بـۆ نمـونە کاتێک لە محەمەد دەپرسن بۆچی مانگ شـێوەی جیـاوازی هەیە؟ ئەو لەقورئاندا دەڵێت: بۆئەوەی ژمـارەی ساڵەکان بـزانن. ئەگەر ئەمـڕۆ هەمـان پرسـیار لەفێرخوازێکی زانکۆ بپرسیت لەوەڵامـدا دەڵێـت چـــونکە بەشـــی جیـــاواز لەمانـــگ لەلای خـۆرەوەیە، بەڵام مـحەمەد هەرگیـز ئەم شـتەی نەزانیوە، زۆر نەفامانە ئەم وەڵامەی داوەتەوە. دوبــارەبوونەوە لەنــاو قورئانــدا بەڵگەیەکــی گـرنگە بــۆ کەم نــاوەڕۆکی قورئــان، مــحەمەد کۆمەڵە باسێکی لە کتێبـی پیـرۆزی یەهـودیی و

**مەسیحییەکان وەرگرتووەو کۆمەڵێکی تر لە کلتوورەکەی دەوروبەری خۆی یان ئەوەی بەرگوێی کەوتووە، هەڵبەتە لەسەردەمی دواکەتوویی و لە نیمچە دوورگەی عەرەبیی، کە یەکێک بووە لە دواکەوتووترین ناوچەی زەوی، شتێکی زۆر بۆ فێربوون نەدۆزراوەتەوە، محەمەد ویستویەتی ئەم حیکایەت و ڕێنماییە دیاریکراوانە لەماوەی ٢٣ ساڵ بۆ خەڵکی باس بکات، هەڵبەتە ڕێگەچارەیەک جگە لە دووبارەبوونەوە نەبووەو ئەمە بەڵگەیەکی روونە کە قورئان کاری محەمەدە نەک خودا، زانستی خودا دیاریکراو و ناتەواو نییە.**

## ناوچەی دەرکەوتنی قورئان

قورئــان بەتــودنی لەژێــر کــاریگەریی کلتــورو نەریتـــی زمـــانی عەرەبیـــدایە، بـــۆ نمـــونە تێگەیشـتنی زۆرێـک لەوشـەکان و چەمکەکـانی قورئان پێویستی شـارەزایی لەکلتـورو نەریتـی عەرەبـی لەزەمـانی مـحەمەدا هەیە، زۆرێـک لە داب ونەریتی عەرەبیـی بەناونیشـانی ئەحکـامی قورئـان و ئیسـلام باسکراوە، لەوانەش مـانگە حەرامکراوەکان، کۆیلایەتی، زەبـونکردنی ژن، هەڵکوتانە سەر قافڵە بازرگانییەکان و شێوازی پێکـــدادان لەگەڵ دوژمنەکـــان، بـــۆ نمـــونە بتپەرســـتی لە دەوروبەری **مەکە زۆر** ڕەواجـــی هەبووە لەکاتێکدا لەئێـران و کوردسـتانیش(و.ک) یەک خـــودا پەرســـتراوەو لای ڕۆمەکـــانیش مەسـیحییەت ڕەواجـی هەبـووە. بەڵام مـحەمەد لەژێر کـاریگەری تونـدی نـاوچەکەی، تەوەرەی

**ســـــەرەکی قورئـــــانی بەدژایەتیکـــــردن لەگەڵ بتپەرســتیدا داڕشــتووە، بــێ ئاگــا لەوەی ئەم هەمــوو باســە لەبــارەی بتپەرســتی بەکەڵکــی ناوچەکــانی تــری جیهــان یــان ئاینــدەی مــرۆڤ نایەت.**

**نمونەیەکی تر ئەو کەشتییە گەڕۆکانە بــووە کە لەســەردەمی مــحەمەددا بــاو بــووە. هەنــدێجار لەقورئانــــدا بەشــێوەی بـــا لە جوڵانــــدنەوەی کەشتییەکان ئاماژەی بۆ کراوە ئەوە بەخواستی خودا زانراوە، نمونە:**

هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ ﴿يونس ٢٢﴾

**واتە:**

**بێئاگــا لەوەی بەزوویــی بــزوێنەری جۆراوجــۆر جـــێگەی بـــا دەگـــرێتەوە، ئەم فەرمـــانەش**

**یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە قورئان کاری محەمەدە نەک خودا، چونکە خودا ئاگاداری ئایندەیە.**

**بەشێکی زۆری قورئان لەوەڵامی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ناوچەی مەدینەو مەکە دابەزیوە. بۆ نمونە ڕووداوێک هاتۆتە پێش یان جەنگێک ڕوویداوە، محەمەد پاش ئەو ڕووداوە چەند ئایەتێکی لەو بارەیەوە دابەزاندووە. هەتا زۆرێک لە ئایەتەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی تایبەتی محەمەدە، وەکو ئایەتەکانی افک (افک بەواتای گەورەترین درۆ دێت، کە لەسورەتی النور ئایەتی ١١ تا ٢٠ باسکراوە. وەرگێڕ) لەبارەی تۆمەتی زیناکردن لەلایەن عائیشە بەشێوەیەکی دوورو درێژ قسە دەکات بەشێوەیەک کە ئەم جۆرە کارانە هیچ سودێکی بۆ سەردەمەکانی تر نابێت.**

**بەگشتی محەمەد نەیتوانیوە کە کتێبێکی فرەکلتورو گشتگیر بەدەست بهێنێت.**

## شپرزەیی قورئان:

**لەڕوانگەی دەستەواژەکان، بابەتەکان و نوسراوەکان، قورئان شپرزەترین کتێبە کە من بینیومە، داخوازییەکانی قورئان بەشێوەی پچڕ پچڕ و نارێک لەدوای یەک هاتووە، کاتێک تەنها لە یەک ئایەتدا، دوو یان چەند دەستەواژەی ناپەیوەست لەتەنیشت یەکەوە هاتوون، ڕێکخستنی داخوازییەکە نە بەپێی بابەت و نە بەپێی مێژووی دابەزینێتی.**

**بارەکانی شپرزەیی:**

**- بیرهێنــانەوە کاروبــاری زۆر جۆراوجــۆر لە هەر سورەتێکی تایبەت لە سورەتە گەورەکان**

**- نەبـوونی بەدواداچـونی بـابەتێکی تـایبەت و بیرهێنانەوەی هەڵەکـانی بـابەتە جیاوازەکـان، بەشێوەیەک کە ئەگەر بتەوێت بۆچونی قورئـان لەبارەی بابەتێکی تـایبەتەوە بزانیـت پێویستە تەواوی قورئان بگەڕێیت.**

**- بەدواداهـــاتنی چەنـــد ئایەتێـــک کە هـــیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نیە.**

**- ریزکردنی چەند دەستەواژەیەکی ناپەیوەست لەتەنیشت یەکەوە هەتا لەیەک ئایەتدا.**

## **ناڕێکبوونی قورئان:**

**لەدەربڕینـی داخوازییەکـان قورئـان وردییەکـی تەواوی بەکارنەبردووە. بۆ نمـونە داخـوازییەک لەئایەتێکـدا بەشـێوەیەکی گشـتی نوسـراوەو چەنـد سـاڵ دواتـر سـەرنجدراوە کە تەواوی ئـایەتەکەی پێشـوو هەڵە بـووە، لەبەرئەوە لە ئـایەتێکی تـردا هەمـان داواکـاری دەستنیشـان کراوەتەوە. زۆرێک لەو بابەتـانە، بە وردبینـی چارەسەر نەکـراوە، بـۆ نمـونە دەڵێـت: "**فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا**" واتە: بەدڵنیـایی لەدوای هەر ناخۆشـییەک خۆشـییەک دێـت. ئەم دێـڕە بەشـێوەیەکی گشـتی لەتەواوی لایەنەکـانەوە ڕاستگۆ نیە. بەڵام لەهیچ جێگەیەکی تـریش ئەم هەڵەیە چاک نەکراوەتەوە، هەڵبەتە ڕاڤەکـاران و شەرعزانەکان بۆ یارمەتی محەمەد ئامـادەن و لەچـاکردنەوەی ئەم نـاوردبینییەدا، بەئـایەتی**

**دواتر یان حەدیسێک یان بەسود وەرگرتن لە بۆچونەکانی من دەریانهێناوە، هەوڵی زۆریانداوە. هەروەک ناوردبینی لەنوسینە زانستییەکانی ئەمڕۆ نەگونجاوە. لێکۆڵەرێک دەبێت رستەی خەبەری بەهەمانشێوە بڵێت کە راست بێت نەک نیوەی راست و نیوەی هەڵە و پاش دوو ساڵ دوبارە هەمان شت چاک بکاتەوە.**

## <u>**ناڕوونی قورئان:**</u>

**زیاتر ئایەتەکانی قورئان پێویستیان بەشیکردنەوە نیە، بەڵکو بەخوێندنەوەیان دەتوانیت لێیان تێبگەیت، بەڵام لەقورئاندا ناڕوونییەکی زۆریش هەیە، ئەم ناڕوونییانە بەڵگەی جیاوازیان هەیە، لە رستەی شپرزەیی**

**توندی قورئان، دەرخستنی داخوازی نادروست و ناڕوونی لە نەریتی جیاواز، ناوردبینی لەدەرخستی داخوازی، سڕینەوەی نابەجێی فراوان، جێناوەکان لەگەڵ کارهێنی دیارینەکراو، ڕستەگەلی ئاوێتەو بێ مانا، پروپاگەندەی مێژوویی بەبێ بەڵگەو ناو و بەرواروو شوێن، بەکاربردنی زمانی ناعەرەبی و عەرەبی بێگانە بەشێوەیەک تەنانەت ڕاڤەکارێکی گەورەی وەک ئیبن عەباس دوچاری گومان بووە. سەرەڕای ئەوانە دەستنیشان و لەبەرگرتنەوەی ناڕوونی قورئانیان زیادکردووە. بەهەمانشێوە ژمارەیەکی زۆری ئایەتەکانی قورئان بە گەڕانەوە بۆ سوننەت(حەدیس)یش ناتوانیت لەوانە تێبگەیت چونکە ئەوەی لە سوننەتدا باسکراوە ناتوانیت باوەڕی پێ بکەیت. بۆ نمونە سەدان ئایەتی**

**کورتی چەند وشەیی لە سورەتە مەکەییەکاندا، بەتـــایبەتی لەبەش(جـزء)ی سـێیەمی قورئانــدا ئامادەن، کە بەتەواوی نـاڕوونەو ئەم ئایەتـانە جـێگەی بـاس و گفتوگـۆی تونـدی راڤەکـارانە، چـــــــونکە نە لە روخســــــاری ئەوانەو نە لە سوننەتیشــدا، مانـــایەکی تەواو بەدەســـتەوە نـــادەن. ئەم بـــابەتە لە بەشـــی داهـــاتوودا باسکراوە.**

## تێگەیشتن لەقورئان:

سەرچاوەکانی ئیسلام تەنها دوو شتن: قورئـان و سوننەت. مەبەست لە سوننەت وتەو کرداری مـحەمەدە، کە لە کتێبـی حەدیـس و سـوننەت وسیرەدا ئامادەیە. شارەزایانی دینی بەدرێژایـی مێژووی ١٤٠٠ ساڵی رابردوو بەڕاستی ئابڕویـان بەئیسلام داوە. قورئان پەرتەوازە بووەو کـاتی لەنـــــــــــاوچوون کۆیـــــــــــــانکردۆتەوەو تۆماریــانکردۆتەوە. وتەکــان و حەدیســەکانی محەمەد بەوردی و پەسنکراوی کۆیـانکردۆتەوەو ڕێکخراوە. سوننەتەکانی مـحەمەد بەشێوەیەکی بـــــــاوەڕپێنەکراو کـــــــۆکراوەتەوە. لە وتە هەڵبەستراو دژیەکەکانی محەمەد، دەستگایەکی گرنگــی شــەرعییان دامەزرانــدووە. لە کاتێکـدا لەئیسلامدا شتێک بەناوی فەلسـەفەوە نـیە، بە لەبەرگرتنەوەی فەلسـەفەو پەروەردەی یۆنـان،

فەلسەفەو کەلامی ئیسلامیان دروست کردووە. هەرچەندە لە وتەو کرداری محەمەددا شتێک لە عیرفان و سۆفیگەری بوونی نیە، بەهەڵبژاردن لە عیرفانی ئاینی هیند و مەسیحییەت، بینایەکی گەورەی عیرفانی ئیسلامیان دروستکردووە. بەنوسینی سەدان کتێبی ئەخلاقی و بە لەبەرگرتنەوەی ئەندێشەی زانایان میللەتە جیاوازەکان بەتایبەت یۆنانییەکان، ئەخلاقی ئیسلامیان پەروەردە کردووە،راستی نکوڵی لێنەکراو ئەوەیە کە ئیسلام پەروەردەیەکی بەرهەم هێناوە لەسایەی زاناکانی ئیسلام، زۆر جوانترو، هەڵخەڵەتێنەر تر، تەواوتر، راستتر، ئەخلاقی ترو مرڤانەتر لە ئیسلامی محەمەد. لەبەر ئەم بەڵگەیە بۆ نزیکبوونەوە لە مانا و راستی(واقعییەت) قورئان دەبێت هەرچی زیاتر لە خودی قورئان

**بەبێ ئارایشت و سوننەتی راستی (حديث صحيح) پشت ببەستین و بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی ئیسلام بگەڕێینەوە.**

**لەبەرئەوە ریگەی دڵنیاکەرەوە لەتێگەیشتنی قورئان، سود وەرگرتنە لەخودی قورئان و سوننەت، ئەگەرچی ئەم ریگەیە بەڕوخسار ئاسان دێتە بەرچاو بەڵام ئەوەندەش ئاسان نیە، لێرەدا بەگرنگترین کێشەکان و ریگەچارەکانی ئەوانە دەگەین.**

## <u>کۆسپەکانی بەردەم تێگەیشتن لەقورئان:</u>

**- <u>ناڕێکیی</u> لەگەورەترین کۆسپەکانی بەردەم تێگەیشتنە لەقورئان. پارچە پارچەبونی داخوازییەکان و پەرتەوازەیی هەر داخوازییەک لەنێوان ٦٦٠٠ ئایەت، کاری تێگەیشتن**

**لەقورئان لەچوارچێوەی یەک بابەتی تایبەتدا زۆر ئەستەم دەکات. ڕێگەچارەی بنەڕەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گرفتە ئەوەیە کە تەواوی ئەو ئایەتانەی پەیوەستن بە بابەتێکەوە لە تەنیشت یەکەوە دابنێین. ئەم کارە پێشتر زۆر کێشەی هەبووە بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی سود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر زۆر ئاسان بووە.**

**- <u>تێڕوانینی قورئان بەپێی کات:</u> بەپێی تێپەڕبونی کات قورئان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەکو لەسەرەتای بانگهێشتدا داخوازی جەنگ نەبووە بەڵام لە مەدینە، جەنگ بنەمای بانگهێشتەکەی محەمەد بووە. ئەم گۆڕانە لە چەند لایەکی ترەوە نیشان دەدرێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیە زانینی کاتی دابەزینی ئایەتەکان پێویستە. بەگەڕانەوە بۆ**

**ڕاڤە باوەڕپێکراوەکـــانی قورئـــان بەســـەر ئەم کێشەیەدا زاڵ بێت.**

**<u>ناســـخ و مەنســـوخ:</u> لەهەنـــدێ لایەنـــی فەرمانەکـانی پێشـوی قورئـان لەچوارچێـوەی ئایەتەکانی دواتردا ڕەت(نەسخ)کراوەتەوە، بـۆ نمونە لە سـەرەتای بانگهێشـتەکەی مـحەمەد لە مەکە، ئـــازادی بـــاوەڕ لەقورئانـــدا قبـــوڵکراو بـــووە، بەڵام لە مەدیـــنە ئـــازادی بـــاوەڕ ڕەتکـــراوەتەوە کە ئەم ڕەتکـــردنەوەی دوایـــی لەسەر زیاتر لە سەد ئایەتی پێشوو کـاریگەری داناوە. کێشـەکە لێـرەدایە کە لەهـیچ ئایەتێـک ئامـاژە بەوە نەکـراوە کە ئەمە (ناسـخ)ە یـان (مەنسوخ). بۆ چارەسـەری ئەم گـرفتە گەڕانەوە بۆ کتێبی ناسخ و مەنسوخ پێویسـتە. هەڵـبەتە گرنگتـرین لایەنـی نەسـخ لە هەمـان کتێبـدا کـــۆکراوەتەوە و بـــۆ هەر مرۆڤێکـــی**

**ناتایبەتمەند(متخصـــص)، بەســـەرنجدان لەم لایەنە گرنگە بەسە.**

**– <u>پێویستی پێگەی هەندێ لە ئایەتەکان</u>**

**یەکێک لەباشترین ڕێگاکانی پەیبردن بە مانـای ئـــایەتە نارِونەکـــان، ســـەرنجدانە لە پـــێگەی دابەزینـــــی ئـــــایەتەکەیە. واتە ئەوەی کە ئەم ئـایەتە لەوەڵامـی چ واقعـێکەوە دابەزیـوە. لەم کـــــاتەدا دوبـــــارە بە گەڕانەوە بـــــۆ ســـــەر ڕاڤەکردن(تفسیر) دەتوانین لەپێگەی دابەزینی بزانین.**

**- <u>چاکسازییەکانی وەرگێڕەکان و ڕاڤەکاران</u>**

**ئەگەرچی وەرگێڕانی قورئان بۆ کەسێک کە عەرەبی نازانێت پێویستە و شیکردنەوەکانیش بۆ ڕونکردنەوەی ئایەتە ناڕونەکان پێویستە، بەڵام کاری ڕاڤەکاران و وەرگێڕانەکان پینەکردنە. ڕاستی شاراوە ئەوەیە کە لەزۆربەی ڕوداوەکان، ئیماندارو ڕۆحانی هیچ دینێک ناتوانێت لێکۆڵەرێکی ڕاستی بێت لەدینی خۆی. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بێلایانانە، لێکۆڵەر پێویستە باوەڕی بەهیچ دینیک نەبێت. باوەڕی پێشوەختە بە شتێک بە مانای ئەوەیە کە تۆ پێش لێکۆڵینەوە، دادوەریتان کردووە. لەبەرئەمە لێکۆڵینەوەی دواتر شتێک جگە لە دوپاتکردنەوەی باوەڕی پێشوتان زیاد نابێت.**

**ئەم داخوازییە لەڕوانگەی دەروونناسی مۆدێرنەوە باوەڕپێکراوە.**

**لەبەرئەوە ڕاڤەکاران و شارەزایانی ئیسلامیی هەرگیز لێکۆڵەری بێلایەنی قورئان نین. ئەوانە پێش پێداچونەوەو لێکۆڵینەوە لە قورئان باوەڕیان بەقوئان هێناوەو تەنها بەچاوی وەرگرتنی مەعریفەو ڕێنوێنی و پیاهەڵدان بەقورئاندا دەیبینین، ئەوانە بەپێش دادوەری تەنها باشی لەئەندازە بەدەر لەقورئاندا دەبینن، هەر لەبەر ئەمەیە کاری ڕاڤەکاران پینەکردنە. ئەوانە لەپێشدا باوەڕیان وایە کە قوئان وتەی خودایە و لە وتەی خوداشدا کەموکورتی و هەڵە بوونی نیە، بۆیە یەکەم، چونکە تەنها بەچاوی پیاهەڵدان و پەسن سەیری قورئان دەکەن و هەڵەکانی نابینن. دووەم ئەگەر هەڵەیەکی زۆر ئاشکرا ببینن،**

**چــونکە باوەڕیــان وایە کە هەڵەی تێــدا نــیە لەبەرئەوە ئەو هەڵەتە تێـــــــــدەپەڕێنن و لەبەرچـاوی ئەوانیتـر دەیشـارنەوە، هەروەکـو (حافزی شیرازی) دەڵێت:**

**پیر ما گفت خطا بر قلم صنع نرفت**
**آفرین بر نظر پاک خطاپوشش باد**
**واتە( شێخی ئێمە دەڵێ هەڵە لەپێنوسی خالقدا نــیە، ئــافەرین بــۆ ئەو کەســەی سـڕییەوەو هەڵەکەی پۆشیوە)**

**ڕاڤەکاران،قورئــان بەدەرهاویشــتەی پێنوســی خــالق دەزانــن هەڵــبەتە لەودا هەڵە نــابینن و ئەگەر بینیشـیان ئەوا دەیپۆشـن. لەبەرئەوە لە زۆربەی لایەنەکــانەوە وەرگێــڕان و ڕاڤەکردنــی قورئان، وشـەو تێبینـی زیـاد دەکەن تـا مانـای ئـایەتەکە لەدیـدی خۆیـانەوە ڕاست بکەنەوە، هەنــدێجار مانــای زمــانەوانیش دەگـۆڕن، بـۆ**

**نمـونە شـیکردنەوەیەکم بینـی کە زمـانی فێـڵ ماناکەی گۆڕی بـوو لـەبەرئەوەی بەپـێچەوانەی قورئـان ئەم فـێڵە پشـکی بەر خـودا نەکەوێـت. سەرنجڕاکێشە زۆربەی وەرگێڕەکان و راڤەکاران پەرسـتاریکی دڵسـۆزتر لە دایکـانن و بەشێوەیەک هەنـدێ لە ئایەتەکـان پاکسـازی و چاکسازی دەکەن کە لـەمانـای راستی ئـایەتەکە دەردەچـن. لـەم کـاتەدا پێـداچونەوەو بەراورد لەگەڵ راڤەکـانی پێشـووتر و بـاوەڕپێکراوتر دەتوانرێـت رێکبخـرێتەوە. بەڵام چارەسـەری کۆتـایی ئەوە بەداخەوە پێویسـتی بەزانینـی زمانی عەرەبی و ئاشنابونی راڤەکانە.**

**زۆربەی رۆشـنبیرانی موسـڵمانان پـارەدزێکی مـۆدێرنن. بەزۆریـی لە قورئـان و سـەرچاوە دینییەکان بێ زانیاری یان کەم زانیـارییـن بەڵام بـاوەڕی تەواویـان بەئیسـلام هەیە. لەبەرئەوە**

**بەوەرگرتنی چەند دێڕێک لە قورئان یان سونەت و ساختەکردنی وشەکان و ماناکانیان، بەرگی مۆدێرنە لەجەستەی ئیسلام دەپۆشن. ئەوان بەپێی مۆدی ڕۆژ ڕاڤەی نوێ بۆ ئیسلام دەکەن و گەنجە بێچارە موسڵمانەکان لە چەپەڕێیەکەوە بە چەپەڕێیەکی تر هان دەدەن. ڕۆژگارێک کە سۆسیالیزم مۆدی ڕۆژ بوو، بەرگی سۆسیالیزمیان بۆ ئیسلام دەپۆشی، هەر ئەوەی کە دکتۆر شەریعەتی لەئێران کردی و ئەمڕۆش کە دیموکراسی مۆدی ڕۆژە، بەرگی دیموکراسی لەبالای ئیسلام دەپۆشن، بەهەمانشێوە ئەمڕۆ گروپە سیاسییەکانی ئیسلامگەریی جیهانی عەرەبی وەک ئەوە دەکەن. لە زۆربەی لایەنەکان لەتەواوی کتێبێکدا، ئایەتێک لەقورئان یان حەدیسێکی محەمەد نابینیت. زۆربەی ئەوانە خەیاڵەکانی**

**خۆیـان بەرامـبەر ئیسـلام دەپۆشـن. ڕۆحـانییە تازەگەرەکانیش ڕۆڵێکی کەمتریان لە ڕۆشنبیرە موسڵمانەکان لە ساختەکردنی ئیسلام نیە.**

**سـەرەڕای ئەو کێشـانەی لەسـەرەوە باسـمان کـرد، دوبـارە پێشـنیار دەکەیـن کە لەخوێندنەوەی قورئان هەراسان نەبیت چـونکە بەخوێنـدنەوەیەکی سـادەی قورئـان زیـاتر پەی بەمانـای ئایەتەکـان دەبەیـت. هەڵـبەتە زۆر باشـترە کە ئەو ئایەتـانەی کە وابەسـتەی بـابەتێکە لەگەڵ یەکـدا بیخـوێنیتەوە. بەڵام لەکاتی پێچ و پەنا یـان دژیەک دەبێـت بـۆ ڕاڤە باوەڕپێکراوەکـان بگەڕێیـتەوە. مـن ڕاڤەکـانی پێشـتر(کۆن) و پشـت بەسـتوو بە سـونەت سـەیردەکەم، چـونکە ڕاڤەکردنـی ئایەتەکـان لە هـاوەڵان (سـەحابە) یـاخود شـوێنکەوتوان**

**(تابعین) دەگوازنەوە. بۆ نمونە ڕاڤەی طبری و الدر المنثور.**

**خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەگەر قورئان بە عەشق و ئیمانەوە بخوێنیتەوە هەموو شتێکی ئەو بە بۆچونتان ڕاستەو ئەگەر بە نەفرەتەوە بیخوێنیتەوە هەموو شتێکیتان پێ هەڵەیە، لە کاتێکدا نە ئەمەو نە ئەو. کەسێک پروپاگەندەی پێغەمبەربوونی کردووەو کتێبێکی بەناونیشانی خوداوە ناساندووە. تۆ دەبێت بەبێ خۆشەویستی و ڕق ئەو بەشێوەی ورد بخوێنیتەوە. بیر لەو بکەیتەوە کە لەگەڵ زانست و واقعیەت و ئاوەز (عەقڵ) بپێویت و ئەگەر لەودا ڕاستی و پەرجویەکت بینی ئەوا شوێنکەوتەی بە، ئەگەرنا ئەو بخەرە کەنارەوە.**

# بەشی دووەم

# هەڵە زانستییەکانی قورئان

ئەو هەڵانەی لێرەدا دەیهێنینە بەر باسکردن، پەیوەست بە تێگەیشتنی ئێمەیە لە دنیای دەوربەرمان کە بە زانستی ئەزمونیی (علم تجربی) ناو دەبرێت. سەرەتا پێویستە بزانین کە بۆچونی قورئان لەبارەی زانستی ئەزمونیی چییە.

## زانست لە ڕوانگەی قورئانەوە

لە قورئاندا زۆر دووپاتی گرنگی و بەهای تێفکرین، ئاوەز و زانست کراوەتەوە و

**بەهەمانشێوە لە سونەتیش ئەم گرنگییە دوبارە بۆتەوە. لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو:**

- قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ (الزمر ٩)

**بێـــژە: ئـــاخۆ زانـــا و نەزان بەرانـــبەرن؟ هەر ئەوانەی بە دڵ زیندوون، دەتوانن بیربکەنەوە.**

- إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللَّـهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لَا يَعْقِلُونَ (الانفال ٢٢)

**خراپترین زیندەوەران لە لای خـودا، ئەو کەڕ و لاڵانەن کە وا هیچ تێناگەن.**

آل عمـران : إِنَّ فِـي خَلْـقِ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْـتِلَافِ اللَّيْـلِ وَالنَّهَـارِ لَآيَـاتٍ لِّأُولِـي الْأَلْبَـابِ ﴿١٩٠﴾ الَّـذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّـهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِـي

خَلْـقِ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَـا مَـا خَلَقْـتَ هَـٰذَا بَـاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ ﴿١٩١﴾

**لەئافراندنی ئاسمانەکان و زەمیندا و ئاڵوگۆڕی شەو و رۆژان، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خاوەن دڵی وشیارن. ئەوانەی چ بە وێستاوی و چ لە جێوە، چ لەسەر تەنیشت دەخەون – هەر یادی خودا دەکەن و لەسازدانی ئەم ئاسمان و زەمینە رادەمێنن. دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان! تۆ ئەم دەزگایەت بەفیڕۆ ساز نەداوە، پاکی و بێ عەیبی بۆ تۆیە؛ هەر بۆ خۆشت لە ئازاری بەئاگرمان بپارێزە.**

**پێغەمبەر دەڵێت:** مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا , سَلَكَ بِهِ طَرِيقًا مِنْ طُرُقِ الْجَنَّةِ .

**کەسێک رێگەیەک لە زانستدا تەی بکات خودا رێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات.**

**بەڵام ئایا مەبەست لە زانستی بایەخدار لە ئیسلامدا هەموو زانستەکان دەگرێتەوە؟ نەخێر. مەبەست لەم هەموو دوپاتکردنەوەی زانست، زانستی دین و ژیریی و تێفکرین لە تێڕوانینی ئیسلام ژیریی و تێفکرینە لە دین.**

**بۆ سەلماندنی ئەم فەرمانە شاهیدی زۆر بوونی هەیە لەوانە:**

**یەکەم: ئەگەر لە تەواوی ئەو ئایەتانە کە لەواندا زانست، تێفکرین و ژیریی تێدا نوسراوە، سەرنجبدە لەچوارچێوەی باوەڕو کردارە بەئیسلام. بۆ نمونە سەیر ئەم ئایەتەی خوارەوە بکە:**

- أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ

وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿الزمر ٩﴾

**واتە: ئـاخۆ ئەمە لەگەڵ کەسێکا کە شـەوگاران روو بە خـودا راوەسـتاوە و سـوژدە دەبـا و بەرفەرمانە و لە رۆژی سەڵا دەترسێ و هیـوای وایە بەر بەزەیـی پەروەرنـدەی خـۆی بـکەوێ، وەکـو یەکە؟ بێـژە: ئـاخۆ زانـا و نەزان بەرانـبەرن؟ هەر ئەوانەی بە دڵ زینـدوون، دەتوانن بیربکەنەوە.**

**مەبەسـتی ئـایەتەکە بەتەواوی روونە، واتە کەسانێک بەدرێژایی شەو بە گوێڕایەڵی(اطاعت) خـوداوە سـەرقاڵن، زانسـتیان هەیە(یعلمـون) و بەرامـبەر بە کەسـانێک کە گـوێڕایەڵی خـودا نـاکەن زانسـت یـان زانینیـان نیە(لایعلمـون)،**

**لەبەرئەوە مەبەســت لەم زانســته، زانســتی تێگەیشتنە لە خوداو دین.**

**بەهەمانشێوە ئایەتەکانی ١٩٠-١٩١ آل عمران کە لەسەرەوە باسمان کرد، نمونەیەکی باشە بۆ ئەوەی کە تێفکرین لەڕوانگەی قورئان ڕامانە لە خودی باوەڕ(ئیمان):**

- إِنَّ فِــي خَلْــقِ السَّــمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْــتِلَافِ اللَّيْــلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ﴿١٩٠﴾

**واتە: لەئافرانــدنی ئاســمانەکان و زەمینــدا و ئــاڵوگۆڕی شــەو و ڕۆژان، زۆر نیشــانەی پــتەو هەیە بــۆ ئەوانەی کە خــاوەن دڵــی وشــیارن. ئەوانەی چ بە وێســـتاوی و چ لە جێـــوە، چ لەســەر تەنیشــت دەخەون - هەر یــادی خــودا دەکەن و لەســازدانی ئەم ئاســمانان و زەمیــنە ڕادەمێــنن. دەڵــێن: ئەی پەروەردەمــان! تــۆ ئەم**

**دەزگـایەت بەفیـڕۆ سـاز نەداوە، پـاکی و بـێ عەیبـی بـۆ تـۆیە؛ هەر بـۆ خۆشـت لە ئـازاری بەئاگرمان بپارێزە.**

**دووەم: ئەم دوو ئایەتەی سورەتی (ئەنفـال)یش دەخەینە پاڵی:**

إِنَّ شَـرَّ الـدَّوَابِّ عِنـدَ اللَّـهِ الصُّـمُّ الْـبُكْمُ الَّـذِينَ لَا يَعْقِلُونَ ﴿الانفال ٢٢﴾

**واتە: خراپتـرین زینـدەوەر لە لای خـودا، ئەو کەڕ و لاڵانەن کە وا هیچ تێناگەن**

إِنَّ شَـرَّ الـدَّوَابِّ عِنـدَ اللَّـهِ الَّـذِينَ كَفَـرُوا فَهُـمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿الانفال ٥٥﴾

**واتە: خراپتـرین زینـدەوەر لە لای خـودا ئەو کەسانەن کە خودایان نەناسیوەو ئیتریش بڕوا ناهێنن.**

**ئەنجام ئەمەیە: کوفرو بێباوەڕیی = بێ ئاوەز، بەدەربڕینێکی تر: باوەڕ = ئاوەز**

**سێیەم:** أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ ۚ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ ۖ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا ﴿الفرقان ٤٤﴾

**واتە: یان پێتوایە کە زۆربەیان گوێ شل دەکەن و تێدەگەن؟ ئەوانە وێنەی ئاژەڵن، بگرە لەویش گومڕاترن.**

**لەم ئایەتەی سەرەوە بێباوەڕ(کافر) بێبەش کراوە لە ئاوەز(عەقڵ)، بەواتایەکی تر بێباوەڕ(کوفر) = بێ ئاوەز (بێ عەقڵ)**

**چوارەم:** وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴿١٠﴾

**واتە: (کافران)ئەشڵێن: ئەگەر گوێبیس باین یاخۆ تێگەیباین، نەدەبوینە یارانی ئەم ئاگردانە.**

**لەم ئـــايەتەدا يـــارانی دۆزەخ بە بـــێ ئـــاوەز دەزانێت.**

**دەتوانيت ئەم پشكنينە لە باقی ئايەتەكـانی تـر كە زمانی تێڕامان يـان ئـاوەز يـا زانسـتی هەيە بەردەوامی پێ بدەيت بەهەمان ئەنجام دەگەيـت. لەبەرئەوە بەسەرنجدان لە تەواوی ئايەتەكـانی پەيوەســت بە زانســت و ئــاوەز لەقورئانــدا(كە چەنــد دانەيەكمــان وەک نمــونە هێنــايەوە)، كەسێک كە باوەڕی نيە، بێ ئـاوەزو تێڕامـان و زانست دەژمێردرێـت، هەرچەنـدە مامۆسـتايەكی بيركاری يان ئەستێرەناسيی يان فيزيايی بێـت. بە واتــايەكی تــر، زانســتێک كە فێركــردن و تــاقيكردنەوەی دروســت بێــت و مامۆســتا و فێرخوازيش بەڕێزن و زانـای دينن.**

**هەروەها گەواهی لە حەديسەكانەوە:**

**پێغەمبەر دەڵێت:** من ابتغى العلم في غيره أضله الله (تفسير عياشى ٦\١)

**واتە: کەسێک بۆ زانست جگە لە قورئان بگەڕێتەوە، خودا ئەو گومڕا دەکات.**

**ئەم حەدیسە بە ڕۆشنی ڕایدەگەیەنێت کە زانست هەرئەوەیە کە لە قورئاندا هەیە و هەر کەسێک بەدوای زانستدا دەگەڕێت لەجێگایەک جگە لە قورئان، گومڕا دەبێت، واتە بۆ زانست دەست نەبات بۆ سەرچاوەیتر.**

**پێغەمبەر دەڵێت:** العلم ثلاثة وما سوى ذلك فهو فضل آية محكمة أو سنة قائمة أو فريضة عادلة (سنن ابي داوود ١١٩\٣ و سنن ابن ماجه ٢١\١)

**واتە: لەمحەمەدەوە دەگێڕنەوە کە زانست سێ جۆرە: ئایەتێکی خۆگرتوو(محكم)، یان ئەرکێکی**

**ئیلاهـی یەکسـان یـان سـونەتێکی پـتەو، جـگە لەوانە پەسەند نەکراوە.**

**کەوایە پێغەمـبەر جـگە لەزانسـتی دیـن هـیچ زانستێکی تری نەزانیوە. تەواوی زانستەکان بە ناگرنگی دەزانێت. ناگرنگی بەواتای زیـادەو بـێ سـود. بەسـەرنجدان لە نـاوەڕۆکی قسـەکەی پێغەمبەر دەگەیـنە ئەو بـاوەڕەی کە مەبەستی ئەو زیادەی بێ کەڵک بووە.**

**بۆچـونی زۆربەی نزیـک لە هـاوڕایی پیـاوانی دینیی هەمان شتە، لێرە بۆ نمونە بۆچونی دوو کەسی ناودار دەهێنمەوە:**

**مەولەوی گەورەترین عارفی ئیسلامیی دەڵێت:**

**خرده کاریهای علم هندسه**

**یا نجوم و علم طب و فلسفه**

**کان تعلق با همین دنییستش**

**ره به هفتم اسمان بر نیستش**

**این همه علم بنای آخوراست**

**که عماد بود گاو و اشتر است**

**بهر استبقای حیوان چند رووز**

**نام آن کردند این گیجان رموز**

**لە شوێنێکی تردا دەڵێت:**

**علم های اهل حس شد پوزبند**

**تا نگیرد شیر زان علم بلند**

**واتە بەهەمانشێوە کە دەمبەست(قەمتەر)ی بەرخ یان گوێرەکە، ڕێگە دەگرێت لە شیر خواردنەوە لە گوانەکانی دایکی، زانستێک جگە لە هی**

**خـــودا دەمبەســـتی زیـــاتر هیچیتـــر نـــین کە دەبنەهـــۆی ڕێگـــری لەبیرهێنـــانەوەی زانســـتی خودا.**

**(صـــدر المتـــالهین شـــیرازی) گەورەتـــرین فەیلەسـوفی مێـژووی ئیسـلامە بە ئەبـو عەلـی سینا ڕەخـنە دەگرێـت و دەڵێـت بـۆچی عـومەر بـایەخی خـۆ لە زانسـتدا بـێ بەهـای زانسـتی پزیشـــکی و بیرکـــاریی و هاوشـــێوەکانی بەسەربردووە.**

**لەبەرئەوە زانســتە نادینییەکــان لە ئیســـلامدا هـــیچ بەهـــایەکی نـــیە لەوانەش زانســـتی ئەزمونیی. لەقورئـان و سونەتدا هـیچ ئایەتێـک یـان حەدیسـێک نـادۆزرێتەوە کە بەدڵنیـاییەوە بتوانیـــت بڵێـــی لەچوارچێـــوەی زانســـتی ئەزمونیدایە، ئەمەش کـارێکی ئاسـاییە چـونکە زانستی ئەزمـونی لەئێسـتادا نـزیکەی ٢٠٠ سـاڵ**

**تەمەنێتـــی و لـە زەمـــانی مـــحـەمەددا نەناســراو بــووە. بـۆیە زانسـتی ئەزمـونی بەتێگەیشـتنی ئەمــــڕۆ، لە ئیســــلامدا نەناســــراوەو ئەگەر بناسرێت ئەوا دەبێتە ئاخوڕ و بێ بەها دەبێت.**

**بیرمەندان دەزانن کە:**

**- زانســـتی ئەزمـــونی(علم تجربـــي) گەوهەری مرۆڤـــی پێشـــکەوتووەو دوور لـە دواکەوتـــوییە. هەمـوو شارسـتانییەتی مـرۆڤ لە کشـتوکاڵەوە هەتـــا پیشەســـازی و پزیشـکی و تـــاقیکردنەوەو پەروەردەو بەڕێـــوەبردنی هەمـــووی دەســـتهاتی زانســـتی ئەزمـــونییە و پێشـــکەوتنی وڵاتـــان شانبەشـانی پێشـکەوتنی ئەوان لە تێگەیشـتن و سودوەرگرتن لە زانستی ئەزمونییە.**

**- زانستی ئەزمـونیی ناوبـانگترین زانسـتەکانی مـرۆڤە و وردبینـــی و تەندروســـتی زانســـتی تـــر**

**وابەستەی هاوسەنگی هاوکاری ئەوان لەگەڵ زانستی ئەزمونییە.**

**– زانستی ئەزمونیی باوەڕە خورافییەکانی مرۆڤی ئاشکرا کردو توانای رەخنەگرتن لە دینەکانی فەراهەم کرد. واتە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کەسێک کە پروپاگەندەی پێغەمبەری دەکات راست دەکات یان درۆ، زانستی ئەزمونییە کە باشترین پێوەر بەردەست دەخات.**

**کەسێک کە قسەی کردو لەگەڵ دەرکەوتەکانی ئەزمونیی پێچەوانە بوو ئاشکرایە کە پێغەمبەر نیە.**

**– بەپێچەوانەی ئینکاریی هەندێ لە فەیلەسوفەکان، زانستی ئەزمونیی زۆرێک لە خورافەکان و رووداوەکان و گومانە بێ**

**بنەماکانی لە فەلسەفەدا بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە.**

**– زانستی ئەزموونیی هەتا ئەندێشە ئەخلاقییەکانی ئێمەی گۆڕیوە و ئێمەی بە ئەخلاقی واقیع و راستیتر رێنمایی کردووە.**

**– زانستی ئەزمونیی مافی نادادپەروەرانەی کۆنی گۆڕیوەو لەجێگەی ئەو مافی مرۆڤ و مافی جێگرەوەی داناوە. بۆ نمونە لە رابردودا کۆیلەکان و ژنان و هەندێک لە نەژادەکان بە نامرۆڤ لەقەڵەم دراون، بەڵام زانستی ئەزمونیی نیشانی داوە کە ئەوانە مرۆڤن و هەروەکو ئێمە و بەڵگەیەک نیە بۆ جیاوازی ماف لەنێوان مرۆڤەکان.**

**– زانستی ئەزمونیی حکومەتی زۆرەملێی لەکارخست و نیشانیدا کە پادشاکان و**

**ڕۆحانییەکــــان و ســـــەربازییەکان، هیچیـــــان لەمرۆڤەکانی تر زیـاتر نیـیە، لـەبەرئەوە مـافی تایبەتی بۆ حکومەت بەسەر خەڵکەوە نییە.**

**بەســـەرنجدان لـەم گرنگیــدانە زۆرەی زانســتی ئەزمـــونیی، نەناســـینی ئەم زانســـتە لـەلایەن قورئانەوە، یەکێکە لـە گەورەترین خەوشـەکانی قورئـــان و بەڵگەیەکــــی ڕوونە کە قورئـــان دروســــتکراوی مـــحەمەدە نەک خـــودا. مەگەر دەشـێت دینێـک کە داواکـارە تەواوی کێشـەکانی مرۆڤ تـا قیـامەت چارەسـەر بکـات و باشـترین سیستەمی ماف و ئەخلاقی و سیاسی و ئـابوری و پەروەردەیـــی بـــۆ مـــرۆڤ هێنــاوە، هەتــا لە بـوونی شـتێک بەنـاوی زانسـتی ئەزمـونیی بـێ زانیــاریی بێــت لەکاتێکـدا تەواوی سـنورەکانی ســـەرەوەو ئەوانیتـــر ســـنورەکانی شارســـتانی مـــرۆڤ ســـــەرچاوەی گرتـــووە لە زانســـتی**

**ئەزمـونیی. ئەگەر قورئــان لەخــوداوە هــاتووە خــودا بەزانســتی ئەزمــونیی و جــێگەی ئەو ئاگــادارەو لە کتێبەکەیــدا بەشــێکی ســەرەکی لەژیانی مرۆڤی پشتگوێ نەدەخست. لەبەرئەوە نەبونی زانیاری قورئـان لە زانستی ئەزمونیی نیشانەی ئەوەیە کە قورئان دەستکردی مرۆڤێکە لە ١٤ سەدەی پێشتردا کە لەبنەڕەتدا زانستێکی تەواو بوونی نەبووە چ جای زانستی ئەزمونیی.**

**لەبەرئەوەی کە رابــردوو ئــێمە لە قورئــان چــاوەڕوانی نــاکەین کە لەبــارەی زانســتی ئەزمـونیی قسـە بکـات،بەڵام هەرچۆنێـک بێـت قورئــان بەشــێوەی پچــڕ پچــڕ ئامــاژەی بــۆ دیاردەکانی سروشت کردووە. هەرچەندە کورت، تایبەتمەنـدییەکانی ئاسـمان و خـۆر و زەوی و ئــاو و مرۆڤــی باســکردووە. ئەگەر قورئــان لە خوداوەیە دەبێت ئەو وتـانە راستبن و ئەگەر نـا**

**بەڵگەیەکـی بـڕاوەیە بـۆئەوەی کە قورئـان لە خـوداوە نـیە. لە کۆتـایی ئەم بەشـەدا نیشـانی دەدەیـن کە زۆربەی ڕووداوەکـانی کە قورئـان باسی کردووە لەبـارەی سروشت هەڵەیە مەگەر لەچوارچێـوەی زۆرێـک لەپێشـهاتەکان وەک ئەوەی خـۆر رونـاکییە یـان ئـاو بـۆ ژیـان پێویستە. ئەم هەڵانە بڕاوەترین بەڵـگەن بـۆ نـا خودایی بوونی قورئان.**

## سکپڕی و تۆڵەکان

### <u>مەنی(تۆو) ئاوێکی کەم بایەخ</u>

ثُمَّ جَعَلَ نَسْلَهُ مِن سُلَالَةٍ مِّن مَّاءٍ مَّهِينٍ ﴿السجده ٨﴾

**واتە: لەپاشـــان ئەمـــی لەپـــاڵاوتەی ئـــاوێکی کەمبایەخ وەدیهێنا.**

**ئەمــڕۆ دەستنیشــانکراوە کە ســپێرم یەکــێکە لەســـەرەکیترین دیاردەکـــانی ژیـــان. لە هەر دڵۆپێکی ئەودا ملیۆنان سپێرمی زیندوو لەباری چالاکی لەگەڵ هەموو مادە پێویستەکانی وەک خواردن و ئـاو و مـادەی بەرگریـی بـونی هەیە. بەڵام مرۆڤی بێ زانیـاری لە رابـردوودا گومـانی کـردووە کە مەنـی ئـاوێکی بـێ بەهـاو نەفـرەت لێکـراوە، هەمـان بۆچـونی هەڵە محەمەدیـش هێنـاویەتە نـاو قورئـانەوە. ئەگەر ئەم ئـایەتە لەلایەن خوداوەیە هەڵبەتە دەیزانی کە مەنی لە مەزنییەکـانی دروسـتبونەو نـاوازەو بەهـادارەو ئەوی بە کەمبـــایەخ و بێکەڵـــک نەدەزانـــی. لەبەرئەوە ئەم ئـــایەتە قســـەی مـــحەمەدە نەک خودا.**

## دەرچـــــوونی مەنــــــی لەنێـــــوان ســــــتونی بڕبڕەکان(فقرات) و پەراسوەکان

**الطارق:** فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ ﴿٥﴾ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴿٦﴾ يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ ﴿٧﴾

**واتە: بـا مـرۆڤ لەخـۆی رابمێنێـت کە لەچـی وەدیتـاوە(٥) لەتـراوێ فـڕکە دەکـا(٦) لەنێـوان پشت و بەرملان دێتە دەرێ(٧)**

**لەم ئایەتەی خوارەوەشدا دەڵێت نەسلی ئـادەم لەپشتی مرۆڤ دێتە دەرەوە کە پاڵپشتی هەمـان ئایەتی سەرەوەیە.**

- وَإِذْ أَخَـذَ رَبُّـكَ مِـن بَنِـي آدَمَ مِـن ظُهُـورِهِمْ ذُرِّيَّـتَهُمْ وَأَشْـــهَدَهُمْ عَلَـــىٰ أَنفُسِـــهِمْ أَلَسْـــتُ بِـــرَبِّكُمْ قَـــالُوا

بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَا ۛ أَن تَقُولُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَٰذَا غَافِلِينَ ﴿الاعراف ١٧٢﴾

**واتە:ئەوسا پەروەرندەی تۆ لە پشتی نەوەی ئادەم بنەچەی بەرهەمهێنا ، لەسەر خۆیان شایەتی هەر بە خۆیاندا. گوتی: من پەروەریێنتانم؟ گوتیان: بەڵێ ، ئێمە لەوە ئاگادارین. نەکا رۆژی سەڵان بێژن: نەمانزانی.**

**ئاشکرایە ئەمڕۆ دەستنیشان کراوە کە مەنی لە گونی نێرینەوە دروست دەبێت و لە کیسەی مەنیدا پاشەکەوت دەبێت و لە میزەڕۆوە دەکرێتە دەرەوەو شوێنی دروستبون و کردنەدەرەوەی هیچ پەیوەندی بە ستونی بڕبڕەی پشت و سنگەوە نیە. ئەم وتەی قورئان هەڵەیەکی زەقە.**

**ئەم هەڵەیە، ریشەی لە خورافاتی کۆندا هەیە. بۆ نمونە Hippocrates پزیشکی یۆنانی لە ۲۵۰۰ساڵ پێشوو بڕوای وابوو کە مەنی لە دەماغەوە سەرچاوە دەگرێت و پاشان دێتە مۆخ لەناو بڕبڕەی پشت و لەوێشەوە دەچێتە گورچیلەو گون و لەمیزەڕۆوە دەچێتەوە دەرەوە[1]. بەهەمانشێوە لە تەوراتدا (۳۰۰۰ ساڵ پێشتر) لە لایەنی دیاریکراو ئاماژە بەم بابەتە دەدات، لەوانەش خودا لەگفتوگۆی لەگەڵ یەعقوب دەڵێت" پاشاکان زۆربەیان لە پشتی تۆ هاتونەتە بوون"[2]. ئەم هەڵەیە لەنێوان عەرەبەکانیش لە کۆندا و هەتا ئەمڕۆش بەربڵاوە. دەبینین محەمەد هەڵەیەکی باوی ناو خەڵکی بەناوی خوداوە هێناوەتە ناو قورئان.**

[1]- Hippocratic Writings, Penguin Classics, 1993, pgs.317-318
[2]- Torah, Genesis 35:11

**بێچارە خودایەک کە نازانێت مەنی لەکوێ دروست دەبێت و دەردەچێت.**

**هەڵەی رونتر لە ئایەتەکانی سورەتی الطارق ئەوەیە کە دەڵێت مرۆڤ لە مەنی پیاو دروست دەبێت. چونکە دەڵێت مرۆڤ لە ئاوی بازدەر دروست دەبێت. ئاوی دەرپەڕیو تەنها لەچوارچێوەی مەنی لەپیاوێکی راستگۆیە. چونکە ژن هەرگیز هیچ مەنی نیەو تەنها دەردراوێکی لە دیواری زاوزێ و رەحمدا هەیە کە گواستنەوەی سپێرم ئاسانتر دەکات. هێلکەی ژنیش بە پارچەبونی لە دیوارەهێلکەدان ئازاد دەبێت و ئاوی دەرپەڕیو نیە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر بیەوێت بڵێت کە مرۆڤ لە مەنی ژن و پیاو دروست دەبێت ئاوی دەرپەڕیو بەشێوەی دوو لایەنە بێت نەک یەک لایەنە. بەو بەڵگەیەی لەهیچ جێگەیەکی قورئاندا رۆڵی ژن**

لە سپێرم (نطفە) دا ئاماژەی بۆ نەکراوە. ئەمە باوەڕێکی هەڵەی کۆن بووە کە منداڵ تەنها بە بەرهەمی مەنی پیاو زانیوە و هەتا ئەم دواییانەش لەناو کۆمەڵگاکان بازاڕی هەبوو. دیسان دەبینین محەمەد ئەم هەڵە بازاڕییەی هێناوەتە ناو قورئان و داویەتە پاڵ خودا. پێویستە بەبیری بهێنینەوە لەریوایەتەکاندا باس لە مەنی ژن و پیاو کراوە. لە حەدیسە پشتراستکراوەکان (حدیث صحیح)دا محەمەد سەرنجی ئەم هەڵەیەی خۆی داوە لەقورئاندا و لە حەدیسێکدا هەوڵی چاککردنەوەی داوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم هەڵەیە لەقورئاندا ئامادەیە.

## دیاریکردنی نێر و مێ لەپاش عەلەقە

**- القيامـة :** أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ ﴿٣٩﴾

**واتە: ئاخۆ ئەو دڵۆپێک نەبوو کە دەڕژێتە ناو مناڵدانەوە(٣٧) دوایی بوو بە چەڵتە خوێن و دروستیکرد و سازیدا(٣٨) ئەوسا هەر لەو تنۆکەوە جوتەی نێرو مێی دروستکردووە(٣٩)**

**لەشیکردنەوەی ئەم ئایەتانەی سەرەوەدا چەند حەدیسێک کە یەک ناوەڕۆکیان هەیە هاتووە لەوانە:**

**- پێغەمبەر وتی: دڵۆپە (نطفه) لە مناڵداندا بۆ ماوەی ٤٠ شەو جێگیر دەبێت و پاشان فریشتەیەک دێتە لای .. فریشتەکە دەپرسێت**

**ئەی خوایە نێر بێت یان مێ؟ پاشان خودا بڕیار دەدات نێر بێت یان مێ[1].**

**ئەم ئایەتانە دەڵێت نێر و مێ بوونی تۆلەکان پاش قۆناغی هەڵبەستراو(علقه) دیاری دەکرێت، ئەمەش هەڵەیەکی زەقە، چونکە ڕەگەزی تۆلەکان هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی خانەکانی هێلکە (ڕێکخستنی سپێرم و هێلکە لە چەند کاتژمێری یەکەمی دوای ئەنجامدانی کرداری سێکسی) دیاری دەکرێت.**

## <u>قۆناغەکانی گەشەی تۆلەکان</u>

**قورئان لەئایەتەکانی خوارەوە قۆناغەکانی پێگەیشتنی تۆلەکانی باسکردووە:**

---

[1]- صحيح مسلم ج٣ حديث ٢٦٤٥

**المؤمنـــــون:** وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ ﴿١٢﴾ ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿١٣﴾ ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ ۚ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ ﴿١٤﴾

**واتە: ئێمەین مرۆڤمان لەقوڕێکی خۆشکراو دروستکردووە(١٢) ئەوسا کردمانە تنۆکێک، لەبنکەیەکی پتەودا (١٣)پاشان هەر لەو تنۆکەوە خوێنی پندرمان پێکهێنا و لەو خوێنەوە پلەگۆشتێکمان ساز کرد و ئەوسا لە پلەگۆشتەکە ئێسکمان چێ کرد، ئێسکەکەشمان خستە ناو پۆشەنێ لەگۆشت. لەپاشان کردمانە چێکراوێکیتر. دەسترەنگینی هەر بۆ خوایە؛ کە هیچ وەستایە پێی ناگا.**

**ئەم قۆناغـانەی باسكراون بـریتین لـە: گـۆڕانی نطفه بە تۆپەڵە خوێن (علقه) و پاشـان گـۆڕانی بۆ گۆشتێكی كوتراو (مضغه) و پاشان دەگۆڕێت بە ئێسـك و دواتـر ئێسـك لەلایەن گۆشـتەوە دادەپۆشرێت و پاشان ئەنـدامەكانی تـر دروست دەبن.**

**حەدیسـێكی راسـت (حـدیث صـحیح) و كـۆ ڕای لەسـەرە لەبـارەی شـیكردنەوەی ئەم ئـایەتەو هاوشێوەكانی هاتووە:**

– حـدثنا رسـول الله وهـو الصــادق المصـدوق قـال إن أحـدكم يجمـع فـي بطـن أمـه أربعين يومـا ثـم علقـة مثـل ذلك ثم يكون مضغة مثل ذلك ثم يبعث الله ملكا فيؤمر بأربعـة برزقـه وأجلـه وشقي أو سـعيد فوالله إن أحـدكم أو الرجل يعمل بعمل أهل النـار حتـى مـا يكون بينـه وبينهـا غير بـاع أو ذراع فيسبق عليـه الكتـاب فيعمل بعمل أهل

الجنة فيدخلها وإن الرجل ليعمل بعمل أهل الجنة حتى ما يكون بينه وبينها غير ذراع أو ذراعين فيسبق عليه الكتاب فيعمل بعمل أهل النار فيدخلها (صحيح بخاري 6/2433 و صحيح مسلم 4/2036 و صحيح ابن حيان 14/47 و سنن نسائي6/366 و سنن ابي داوود 4/228).

**واتە: پێغەمبەر گوتی هەر یەکە لە ئێوە لە سکی دایکیدا تۆپەڵ دەبێت بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ و پاشان دەبێتە تۆپەڵە خوێن (علقە) بەهەمان ماوە (٤٠ ڕۆژ) و پاشان دەبێتە گۆشتی کوتراو (مضغە) دواتر خودا فریشتەیەک دەنێرێت و فەرمان بەچوار شت دەدات، ڕزق و مەرگ و خەمبار یان دڵخۆش بوون.**

**بەپێی ئەم حەدیسە ماوەی (نطفە) ٤٠ڕۆژەو هەروەها ماوەی (علقە) بەهەمانشێوە ٤٠ڕۆژە و ماوەی (مضغە)ش ٤٠ ڕۆژە. بەڵام مەبەست لە**


**دروستبوونی ئەوانیتر ڕۆح بە بەرداکردنی تۆلەیە( بەگواستنەوە لە چەندین هاوەڵ (صحابە) لەوانەش ابن عباس لە تەفسیری تەبەریدا، کشاف، الدر المنثور و الجلالین).**





**بۆ بەراوردکردنی قۆناغەکانی باسکرا لەگەڵ واقعیەتی گەشەی تۆلە، دەتوانیت بچیتەوە سەر هەر کتێبێکی تۆلە ناسی زانکۆکان. بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە لێرەدا بەتایبەتی، قۆناغەکانی گەشەی تۆلە لەشێوەی خوارەوە باسمانکردووە. گەشەی تۆلە لە دەستپێکی پیتاندن تا کۆتایی هەفتەی ٨ ( نزیکەی ٦٠ ڕۆژ کە شێوەی گشتی تۆلە دروست بووە) بۆ ٢٣ قۆناغ دابەش دەبێت. لە لای چەپی خشتەکە، قۆناغەکانی (stage)و کات و قەبارەی تۆلە بەگوێرەی ملیمەتر و لە لای ڕاستەوە جۆری گۆڕانکاری گرنگ لە هەر قۆناغێک دێتە پێشەوە**

**نیشـــان دەدرێـــت. پـــاش ٨ هەفتەیـــی تـــۆلە بەخێرایی گەشە دەکـات و تەواوی بەشـەکانی و ئەنـــدامەکانی نـــاوەوەو شـــانەکان بەخێـــرای پەرەدەسـێنێت تـا هەنگـاوی لەدایکبوون(کۆتـا شـێوە). هەڵـبەتە قۆناغەکـانی گەشـە بەشـێک لەشـــانەو ئەنـــدامەکان بەتـــایبەت سیســـتەمی دەماریی لەپاش لەدایکبـون بەردەوامـی دەبێـت. بەهەمانشێوەی کە دەیبینیـت تـۆلە هەمیشـە لە بـاری گـۆڕان و پەرەسـەندنداپە، لەگەڵ ئەوەش کامەیە قۆناغەکانی عەلقە و کامیان مضـغەیەو کامە ئێسک و کامەیە ڕۆح بە بەرداهـاتن. هـیچ یەکێک لەم قۆناغـانە لە مـاوەی گەشـەی تـۆلە بـوونی نـیە. تـۆلە هـیچ قۆناغێـک خـوێنی مەییو(کڵـۆ خـوێن) نـیە و لەهـیچ قۆناغێکیشـدا لەشێوەی گۆشتی کوتراو(جوێنراو) نیەو لەهیچ**

قۆناغێکیشدا ئێسک نیە. لەبنەڕەتدا گەشەی تەواوی شانەکان

# Carnegie Stage Table

| Stage | Days(approx) | Size (mm) | Images (not to scale) | Events |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 (week 1) | 0.1 - 0.15 |  | fertilized oocyte, zygote, pronuclei |
| 2 | 2 - 3 | 0.1 - 0.2 |  | morula cell division with reduction in cytoplasmic volume, blastocyst formation of inner and outer cell mass |
| 3 | 4 - 5 | 0.1 - 0.2 |  | loss of zona pellucida, free blastocyst |
| 4 | 5 - 6 | 0.1 - 0.2 |  | attaching blastocyst |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | 7 - 12 (week 2) | 0.1 - 0.2 |  | implantation |
| 6 | 13 - 15 | 0.2 |  | extraembryonic mesoderm, primitive streak, gastrulation |
| 7 | 15 - 17 (week 3) | 0.4 |  | gastrulation, notochordal process |
| 8 | 17 - 19 | 1.0 - 1.5 |  | primitive pit, notochordal canal |
| 9 | 19 - 21 | 1.5 - 2.5 |  | Somitogenesis Somite Number 1 - 3 neural folds, cardiac primordium, head fold |
| 10 | 22 - 23 (week 4) | 2 - 3.5 |  | Somite Number 4 - 12 neural fold fuses |
| 11 | 23 - 26 | 2.5 - 4.5 |  | Somite Number 13 - 20 rostral neuropore closes |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 12 | 26 - 30 | 3 - 5 |  | Somite Number 21 - 29 caudal neuropore closes |
| 13 | 28 - 32 (week 5) | 4 - 6 |  | Somite Number 30 leg buds, lens placode, pharyngeal arches |
| Stage 13/14 shown in serial embryo sections series of Embryology Program | | | | |
| 14 | 31 - 35 | 5 - 7 |  | lens pit, optic cup |
| 15 | 35 - 38 | 7 - 9 |  | lens vesicle, nasal pit, hand plate |
| 16 | 37 - 42 (week 6) | 8 - 11 |  | nasal pits moved ventrally, auricular hillocks, foot plate |
| 17 | 42 - 44 | 11 - 14 |  | finger rays |
| 18 | 44 - 48 (week 7) | 13 - 17 |  | ossification commences |
| 19 | 48 - 51 | 16 - 18 |  | straightening of trunk |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 20 | 51 - 53 (week 8) | 18 - 22 |  | upper limbs longer and bent at elbow |
| 21 | 53 - 54 | 22 - 24 |  | hands and feet turned inward |
| Stage 22 shown in serial embryo sections series of Embryology Program | | | | |
| 22 | 54 - 56 | 23 - 28 |  | eyelids, external ears |
| 23 | 56 - 60 | 27 - 31 |  | rounded head, body and limbs |
| Following this stage Fetal Development occurs until birth (approx 37 weeks) | | | | |

**لەوانەش دەمار و ئێسک لەگەڵ ئەوەدا دەچنە پێشەوە نەک ئەوەی سەرەتا بگۆڕدرێت بۆ ئێسک و پاشان گۆشت لەچواردەوری ئێسکەکان دروست ببێت.**

**بەهەمانشێوە هیچ گۆڕانێک کە نیشانەی ڕۆح بە بەرداهاتن بێت دەرناکەوێت.**

**بـــارێکی لەوە خراپتـــر ئەوەیە کە ئەگەر ئەو حەدیسـەی سـەرەوە لەگەڵ ئایەتەکـان بەراورد بکەیـت، حەدیسـەکە دەڵێـت کە پـێش علـقە ٤٠ ڕۆژی دەوێـت تـا دروسـت دەبێـت بەگـوێرەی ئایەتەکـانی سـەرەوە ئەم مـاوەی ٤٠ ڕۆژە بـۆ نطـفە بـووە. ئەگەر نطـفە (پیتانـدنی سـپێرم و هـێلکە و شـێوەگرتنی خانەکـانی هـێلکە) لە بەشـێک لە یەک ڕۆژدا پێکـدێت. هەروەهـا ٤٠ ڕۆژی تەواو ١٦ قۆنـاغ دەگۆڕێـت. چـۆن دەبێـت ئەم هەمـــوو قۆنـــاغە بە نطـــفە ناوببرێـــت. بەگـوێرەی حەدیـس لە قۆنـاغی ١٦ تـا ٤٠ڕۆژی دواتر تـۆلە بەشێوەی علـقە ( کڵـۆ خـوێن)ە کە بێمانایە و لە ٨٠ ڕۆژیی بەدواوە تـا ١٢٠ ڕۆژیـی مضغەیە، لە کاتێکدا لە تەواوی ئەم مـاوەیەدا**

تــۆلە توانـــای شـــێوەگرتنی تەواوی مـــرۆڤە (شـێوەگرتنی کۆتـایی) و هـیچ لێکچـونێکی بە گۆشـتی جـوێنراو ناچێـت. لەبەرئەوە تەواوی ئەوەی لە ئایەتەکـــــان و حەدیســــــەکاندا لەچوارچێـوەی قۆناغەکـانی گەشـەی تـۆلە هاتووە، هەڵەیە.

ژمـارەیەک لە پەرجوو(مـوعجیزە) داتاشـەران هەوڵیانـداوە بەهانـای مـحەمەدەوە بـێن و لەم هەموو هەڵەیە پەرجـوو دروست بـکەن. دەڵـێن مەبەست لە علـقە زالـوە نەک خـوێنی مەیـوو. واتە قورئـــان ویســـتویەتی بڵێـــت کە تـــۆلە لەشێوەی زالودایە. چونکە وەکو زالو بەدیواری منداڵـــدانەوە دەنوســـێت. بەڵام ئەم بۆچـــونە پـوچەڵە چـونکە یەکەم: پـێچەوانەی بۆچـون و تێگەیشتنی تەواوی ڕاڤەکاران و پیاوانی دینـی و هـــاوەڵانە لە ١٤٠٠ ســـاڵی ڕابـــردودا. هەروەک

**ئەوەی (سـیوطی) لە راڤەکردنەکەیـدا دەڵێـت (علـقە) کـۆکراوەی (علـق)و بەمانـای خـوێنی خەسـتە. دووەم: ئەگەر وادابنێـین کە تەواوی پێشەنگەکانی دین هەڵەیان کردووەو مەبەست لە زالوە، دوبارە بـابەتەکە چارەسـەر نابێت، چونکە تۆلە پاش هەفتەی یەکەم تـا کۆتـایی ٩ مـانگی بەدیـواری منالـدانەوە نوسـاوە. لەبەرئەوە دەبێـت بڵێـین علـقە تەواوی مـاوەی تـۆلە لەخـۆ دەگرێت کە پـێچەوانەی قورئـانە. دەگونجێت بڵێـین کە زالـو نـاوی تـۆلەیە نەک لەبەر نوسانی بەمناڵدانەوە بەڵکو شێوەگرتنی چەماوەی تۆلەیە.**




**بەڵام ئەو کێشـــەیە چارەســـەر نابێــت چـــونکە یەکەم شـــێوەی ئاســـایی زالـــو چەمـــاوە نـــیە و دووەم تـــۆلە لە هەفـــتەی ســـێیەم تـــا کۆتـــایی ٩مانـــگ فـــۆرمی چەمـــاوەی هەیە، لەبەرئەوە دەبێت بڵێین کە علقە لەخۆرگری تەواوی ماوەی تۆلەیە کە پێچەوانەی دەقی قورئانە.**

**سەرنجڕاکێشـــتر لەوە ئەوەیە کە بزانیـــت ئەم وتەیەی قورئان دەربارەی قۆناغەکانی گەشەی تـــۆلە لە ســـەدەکانی پـــێش ئیســـلام لە**

کۆمەڵگەکانی ئەو زەمانەدا بەربڵاو بووە. گالن پزیشکی ناوداری یۆنانی لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠ ی پاش زاین (٤٥٠ ساڵ پێش محەمەد) لە تورکیای ئێستادا نوسیویەتی:

"دروستبوونی تۆلە بۆ چوار قۆناغ دابەش دەبێت. قۆناغی یەکەم کە شێوەی مەنی (لەبەرامبەر نطفە) زاڵە... کاتێک کە لەگەڵ خوێن تێکەڵ دەبێت (لەبەرامبەر علقە) و لەو کاتەدا دڵ و دەماغ و جگەر دروست نەبووەو بێ شێوەیە، بەڵام خاوەنی هەیکەلەو قەبارەیەکی شیاوی تێبینی هەیە، ئەمە قۆناغی دووەمە و شێوەی گۆشتی هەیە(لەبەرامبەر مضغە) نەک مەنی.... قۆناغی سێیەم بەدوادا دێت... کە لەو سێ بەش دیاریکراوە، یەک شێوەی گشتی لەودیو هەموو بەشەکانی تر شیاوی نیشاندانە. پەیدابونی سێ بەشی دیاریکراو رونتر دەیبینیت

**گەدە نارِونەو لەگەڵ دەست و پێیەکان. لەپاش ئەوانە پەل (بەرجەستەیی کە دەستەکان و پێیەکان دروست دەبێت) بەرهەم دێنێت. لە چوارەمین و قۆناغی کۆتایی هەموو بەشەکانی ئەندامەکانی جەستە دیاری دەکرێت... و جوڵە دەکات وەکو گیاندارێکی بەشێوەی تەواو دروست بووە... کاتی ئەوە بۆ سروشت دروست بووە کە ئەندامەکان بەشێوەی ڕێک و پێک پێکەوە بلکێن و کامڵ بێت. لەبەرئەوە سروشت هۆکارە کە گۆشت لە بەش و ڕووەکانی ئێسکدا گەشە بکات و لە کۆتایی ئێسکەکان بەستەرەکان جێگیربووە کە ئێسکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو لەسەرانسەری بەشەکانی ئێسک پەردەیەک جێگیر بووە کە پێی دەڵێن بەرگەئێسک."[1]**

[1] - Corpus Medicorum Graecorum: Galeni de Semine (Galen: On

**ویژدانیەن دەبینیت کە گالن قۆناغەکانی باسکرا لەلایەن قورئـــانەوە بەدیقەتتـــرو دروســـتیەکی زیـــاترەوە باســـکردووە. دروســـتی زیـــاتر بەو بەڵـــگەیەی کە پڕبـــون لەخـــوێن ئەگەرچـــی بەتەواوی راســـــت نـــــیە بەڵام بە بۆچـــــونی کۆرپەلەناســـــی مـــــایەی قبـــوڵە، چـــونکە مولولەکـــانی خـــوێنی لە دەوروبەرو نـــاوەوەی دروستبونی سـەرەتای کـۆرپەلە پێکـدێت، بەڵام خوێنی بەستوو هەڵەیە. لەقۆناغەکانی دواتـردا چەکەرەی دەســـتەکان و پێیەکـــان و کـــامڵبونی ئەوانە بەدروســـــــتی روونکـــــــراوەتەوە، بەڵام لەقورئـــان و حەدیســـدا هـــیچ بـــاس نەکـــراوە. بەهەمانشـــێوە گەشـــەی گۆشـــت لە دەوری ئێسـکەکان باسـکراوە بەشـێوەیەکی دروسـت، بەڵام مـحەمەد بەجـێگەی وتە راسـتەکەی گـالن**

---

Semen) (Greek text with English trans. Phillip de Lacy, AkademicVerlag, 1992) section I:9:1-10 pp. 92-95, 101.

**وتەیەکــی هەڵەی لەقورئانــدا باســکردووە کە مضغە دەگۆڕێت بۆ ئێسک (واتە لەم قۆنـاغەدا کۆرپەلە لەرەگەزی ئێسکە) کە هەڵەیەو پاشـان گۆشـــت لەدەوروبەریـــدا دروســـت دەبێـــت. وادەردەکەوێـت ئەم بیرۆکـانەی گـالن لەرێـگەی بازرگانی و بەستەری دیـکەوە لە تورکیـاوە بـۆ ناوچەکـــانی تـــر گواســـترابێتەوە لەوانەش ســعودیە، مــحەمەد ئەوانەی بەشـێوەی کەم و کـورت بیسـتوەو هەر بەهەمانشێوە لەقورئانـدا باسـی کـردووە، هەڵـبەتە بـۆ مـرۆڤ کـارێکی ئاسـاییە نەک بـۆ خـودا، دەبێـت لەمـوعجیزە داتاشـــەران بپرســیت: ئەمە چ پەرجــویەکە کە بەشـــێوەی کەم و کـــورت لەوانـــی تـــر قەرزی وەرگرتـــووە. ئەم قەرزکـــردنە کەم و کـــورتە لەلایەن مـــحەمەدەوە بەڵگەیەکـــی بـــڕاوەیە کە قورئان هیچ پەیوەندییەکی بەخوداوە نیە.**

## ماوەی سکپڕیی ٦مانگ

**لەم ئایەتەی خوارەوە کۆمەڵەی ماوەی سکپڕیی و شیردانی ٣٠ مانگ باسکراوە:**

- وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ﴿الاحقاف ١٥﴾

**واتە: ئێمە بەمرۆمان ئەسپار کە دەگەڵ دایک و بابی خۆی چاکە بکات، دایکی بە تولی هەڵیگرت، ڕەنجی کێشا؛ کە داشینا، ڕەنجی کێشا، هەڵگرتن و لە مەمک(شیر) بڕینەوەشی سی مانگی برد.**

**لەم ئایەتەی تر کە لەخوارەوە هاتووە ماوەی شیردان بە دوو ساڵ (٢٤ مانگ) هاتووە.**

- وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَىٰ وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ ﴿لقمان ١٤﴾

**واتە: ئامۆژگاریی مرۆڤمان کرد سەبارەت بە دایک و باوکی، دایکی کە بەوەوە دووگیان بووە، چەندی کوێرەوەری دیوە، لە مەمک(شیر) بڕینەوەشی دوو ساڵ وەختی خایاندووە.**

**بەکەمکردنەوەی ماوەی شیردان لە ٣٠مانگ (٦= ٢٤ – ٣٠) ماوەی سکپڕیی (حمل) ٦مانگ دەبێت کە ئەمەش هەڵەیە. ژمارەیەک لە ڕاڤەکارانیش سەرنجی ئەم هەڵەیانداوە و بە گوتەو قسەی ناڕەوا کەوتونەتە بەرگرییکردن.**

## دەرچونی شیر لەنێوان شیاکەو خوێن

- وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً ۖ نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهِ مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِّلشَّارِبِينَ ﴿٦٦﴾

**واتە: لە ئاژەڵانیشدا بۆ ئێوە پەندێک هەیە؛ لەناو سکیان، لەنیوانی شیاکەو خوێنڕا، شیرێکی پاک و ڕەوانوو دەرخوارد ئەدەین، بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە گوارایە.**

**روونە کە دەرچونی شیر لەنێوان شیاکەو خوێن، قسەیەکی بێ ماناو هەڵەیە کە ناتوانیت بڵێی قسەی خودایە.**

## ئاسمان و زەوی

**پێش ئەوەی کەبچینە ناو باسەکانی قورئان لەبارەی ئاسمان و زەوی، پوختەیەک لە**

**مێژووی ئەستێرەناسی تا زەمانی محەمەد باس دەکەین.**

**<u>کورتە مێژوویەکی ئەستێرەناسیی</u>**

**- لەسەرەتای مێژووی بەشەر مرۆڤەکان گومانیان کردووە کە ئاسمان شتێکی روونی(شفاف) کەوانەییە وئەستێرەکان بەژێریدا چەسپێنراون.**[1]

**- بۆچونی فیساگۆرس (سەدەی شەشەمی پێش میلاد) ئەوە بووە کە ئەستێرەکان بە تەنێکی روونی کەوانەیی (ئاسمان، فەلەک) چەسپیيون کە لایەنەکانی زەوی دەگەڕێن. هەر کام لە حەوت ئەستێرەکە (مانگ، خۆر، عەتارد، زوهرە، مەریخ، مشتەری و زوحەل) لە یەک**

[1] A. Berry, A short history of astronomy, 1899, New York Charles scribner's sons, p-4

**ئاسـمان(فەلەک)ی تـایبەت بەخۆیـانن(حەوت ئاسمان).**

**ئەو دەڵێت زەوی خڕەو پێویستی بەڕاگر نیە. ئەو مانگیشی بە خڕ زانیوەو روناکی مانگی سەرچاوە گرتووە لە تیشکی خۆر و دەڵێت شێوە جیاوازەکانی مانگ، بەبەڵگەی بەشێک لەنیوەی روناکیی مانگە کە لەلای ئێمەوەیە.**[1]

**- فیلـولاوس ( سـەدەی پێنجـی پـێش مـیلاد): فیکرەی جوڵانی بار و گواستنەوەی زەوی گومان کردووە.**[2]

**- ئەفلاتون (سەدەی ٤-٥ پێش میلاد): باوەڕی بەوە بوو کە زەوی چەقـی جیهـانەو حەوت ئەسـتێرە لە حەوت ئاسـمان لەبەدەوری ئەودا**

[1] Ibid, p-24-25
[2]ibid, p-25

**دەگەڕێن. ئەو فەلەکی هەشتەمیشی بۆ جێگیرەکان زیادکردووە.[1]**

**- ئەرستۆ ( سەدەی ٤ پێش میلاد): بەگوێرەی شێوەی سێبەری زەوی لەمانگ گیراندا، زەوی بە خڕ زانیوە، وەکو ئەفلاتون زەوی بەچەقی جیهان و فەلەکەکان لەدەوری ئەوان لەباری گەڕاندا زانیوە.[2]**

**- ئەریستارخوس Aristarchus لە سەدەی سێیەمی پێش میلاد، سوڕانی زەوی بەدەوری خۆیداو سوڕانی زەوی بەدەوری خۆردا پێشنیار کردووە.[3]**

**- بەتلیمۆس (Ptolemy) لە سەدەی دووەمی پێش میلاد ژیاوە(زیاتر لە ٤٠٠ساڵ پێش**

---

[1]ibid, p-27

[2] A. Berry, A short history of astronomy, 1899, New York Charles scribner’s sons, p-29-33

[3]ibid, p-26

**دەرکەوتنــی ئیســلام)، دواتــرین ئەستێرەناســی دیــاری یۆنــانی بــووە. لەدوای خــۆی کتێبێکــی بەناونیشـــــانی (المَجَسْــطي) بەجێهێشـــــتووە کە گرنگترین و بەرفراوانترین کتێبی ئەستێرەناسی یۆنــانە. داخــوازی ئەم کتێــبە تــا ســەدەی ١٦ی میلادی (دەرکەوتنی کۆپەرنیک) لە سەرانســەری دنیای مۆدێرنی ئەو سەردەمە بونی هەبووە تـا ئەوەی کۆپەرنیــک سیســتەمەکەی بەتلیمۆســی ڕەتکــردەوە. ئەم کتێــبەی ئەنجــامی هەوڵــی بۆچونەکــانی فەیلەسوفەکانی پێشــتری یۆنــان بەتـــــایبەتی Hipparchus بە ســـــەرباری داهێنانەکــانی بەتلیمــۆس. بەتلیمــۆس زەوی بە گــۆیەکی جێگیــرو چەقــی جیهــانی زانیــوەو ئاسمانەکانی بەچینەکانی گۆیی لە ٨چین(وەک چینەکــانی پیــاز) دەزانــی، کە بەدەوری زەویــدا دەســوڕێنەوە. ئاســمانەکان یــان فەلەکەکــان**

**بەتلیمۆس حەوت ئاسمانی بۆ حەوت ئەستێرە (مانگ، عەتارد، زوهرە، خۆر، مەریخ، موشتەریی، زوحەل) و یەک ئاسمان لەکۆتایی بۆ ئەستێرە جێگیرەکان (فەلەکی جێگیر)بووە. هەڵبەتە لەزەمانی محەمەدیش ئەم بۆچوونە لەدنیای مۆدێرنی ئەو کاتەدا بایەخی هەبووەو شایەنی قبوڵکردن بووە.**[1]

## ئاسمان بنمیچ(سەقف)ە

- وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ﴿الانبياء ٣٢﴾

**واتە: ئاسمانیشمان کردە میچێکی پارێزراو**

[1] A. Berry,(1899) A short history of astronomy, New York Charles scribner's sons, p-64; Pannekoek, A., A history of astronomy (1961); Tauber, G.E., Man's View of the Universe: Astronomy from Babylonian Times to the present(1979)

- أَفَلَمْ يَرَوْا إِلَىٰ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ۚ إِن نَّشَأْ نَخْسِفْ بِهِمُ الْأَرْضَ أَوْ نُسْقِطْ عَلَيْهِمْ كِسَفًا مِّنَ السَّمَاءِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴿سبإ ٩﴾

**واتە: ئاخۆ ئەمان لەپێشەوەو پاشەوەی خۆیان نەڕوانی، لەم ئاسمان و زەمینەدا؟ ئەگەر ئێمە بمانەوێ وا دەکەین زەوی قوتیاندا، یان چەند کوتێکی ئاسمانیان بەسەردا دەخەینە خوارێ. لەمەدا بەڵگەیەک هەیە بۆ هەر عەبدێ دەخوازێ بگەڕێتەوە.**

**لەم ئایەتەدا بەشێوەی بنمیچ دەبینێت و کە دەتوانێت پارچەیەک لەو بکاتەوەو بەسەر خەڵکی گوناهباریدا بکێشێت. ئەمە هەڵەیە چونکە بنمیچێک لەسەرو یان دەوری زەویدا بوونی نیە. جیهان کۆمەڵێکە لە گۆکان و**

**دامەزراوەکان و کاکێشانەکان. ئاسمانی شین کە دێتە ناو چاوەکانی ئێمەوە، ڕەنگێکی شینی جوانە لە چڕیی هەوای دەوروبەری زەوی پەیدا دەبێت. ئەم وتەیەی قورئان هەمان بۆچونی هەڵەی مرۆڤە سەرەتاییەکانە کە گومانیان کردووە ئاسمان شتێکی ڕوون(شفاف)ەو لەسەرەوەمانە.**

<u>**ئاسمان لەسەرەوە ڕاگیراوە**</u>

- وَالسَّقْفِ الْمَرْفُوعِ ﴿الطور ٥﴾

**واتە: سوێند بەئاسمان کە بنمیچێکی لەسەرەوە ڕاگیراوە.**

**ئەم ئـايەتە رەنـگە لە وتەی (قـس بـن سـاعدة الإيـادي)[1] شـاعيری جـاهيلی وەرگيرابێـت كە لەشيعرەكەيدا دەڵێت " وسقف مرفوع"[2]**

–وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ ﴿الغاشية ١٨﴾

**واتە: [ئەمانە چۆن رانەماون] لەو ئاسمانەش كە چۆن وا بڵندكراوە**

– وَالسَّمَاءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ الْمِيزَانَ ﴿الرحمن٧﴾

**واتە: ئاســــمانی بەرزكـــــردۆتەوەو تەرازووی دامەزراندووە**

**بەرزبوونەوەی ئاسمان هەڵەیە. بێنەبەرچاوت كە گۆی زەوی بەشێوەی هەڵواسراو لە فەزادا،**

---

[1] قس بن ساعدة الايادي يەكێک بووە لە وتاربێژو شاعيرە بەناوبانگەكانی عەرەب پێش محەمەد، ئەو باوەڕی بە يەک خودايی هەبوو، شيعرەكان و وتارەكانی پڕ بوون لەوتەی حەكيمانە. لەپێش پەيامی ئيسلام مردووە. محەمەد پەيوەندی لەگەڵدا هەبووەو پێش مەرگی هەندێک لەوتارەكانی بەراستەوخۆيی گوێبيست بووەو زۆرێک لە وتەكان و دروشمەكانی لەبەركردبوو(الاصابە ٥٥١/٥)

[2] دلائل النبوە اثر حافظ بيهقى ١٠٣/٢

سەرو خواری نیە، ئێمە بەشێوە بڕیارمانداوە (راستی) ئەوە لەتەنیشتی زەوییە یا خوارەوەی زەوی،خوار و لاتەنیشت کە لەزەوی دوور دەکەوێتەوە بە سەرەوە ناوی دەبەین، ئەمە بڕیاردانێکی متمانەیی ناواقعییە، بێنە پێشچاوت ئەگەر لەکاتی نیوەڕۆدا ئاسمان لەسەر سەرمان بێت، لەکاتی خۆرئاوابون لەرۆژهەڵاتمانەوەیە نەک سەرەوەو لەکاتی شەو ئاسمان لە ژێرەوەمانە، بەڵام لەهەموو کاتەکاندا ئێمە ئاسمان بەهەڵە لەسەرەوە دەزانین. ئەمەش هەڵەیەکی دیاری ترە کە محەمەد هاوشێوەی وابینینی مرۆڤێکی نا ئاگای سەرەتایی لە قورئاندا باسی کردووە.

## کۆڵەکەکانی ئاسمان

**ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە چ هۆکارێک بنمیچی ئاسمانی لەسەرەوە راگرتووە؟**

**قورئان بەمشێوە وەڵام دەداتەوە:**

- إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَا ۚ وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ ۚ﴿فاطر ٤١﴾

**واتە: اللەیە کە ئەم ئاسمان و زەوییەی راگرتووە کە ناکەون؛ ئەگەر کەوتن -لەو بەدەر- کەسیتر نیە راگیریان بکات.**

- وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ﴿الحج ٦٥﴾

**واتە: ئەم ئاسمانەی راگرتووە نەکەوێت بەسەر زەویدا.**

**ئەم تێـــــڕوانینە هەڵەیە لە ئەفســـــانە زۆر کۆنەکانی بەشـەریش بـونی هەیە بـۆ نمـونە لـە تاویزمــدا هــاتوو کە پــانگو(pangu) زەوی و ئاسمانی لـەیەک جیاکردەوەو لـەنێـوانی زەوی و ئاســمان وەســتاو ئاســمانی بەرزکــراوە[1]. تێڕوانینــی مــحەمەد وەک هەر مرۆڤێکــی بــێ زانیــاریی تــر ئەوە بــووە کە ئاســمان و زەوی هەردوکیــان لێــک جیــاکراونەتەوەو ســادەترین وەڵامی مرۆڤێکی دیندار (متدین) ئەوەیە کە خودا ئەوانەی ڕاگرتووە. سەرنج بـدەن لـەم ئـایەتەدا هەڵـەیەکــی گرنــگ هەیە و ئەویــش ئەوەیە کە بێژەر گومانی کردووە کە هیچ شتێک نـاتوانێت لە بۆشایی (ئاسمان – فضـا) هەڵواسـراوبێت و هەمــوو شــتەکان بــۆ لای خــوارەوە دەیەوێــت جیایبکــاتەوە و هەڵــبەتە زەوی و ئاســمان**

[1] Bodde, Derk 1961. “Myths of Ancient China” , in Mythologies of the Acient world, ed. By Samuel Noah Kramer, pp. 367 - 408

**هەردووکیان دەبێت جیاببنەوەو خودا دەبێت ئەوانە رابگرێت. لەکاتێکدا ئەم بۆچونە هەڵەیە، لەنێوان تەنەکان هێزی کێشکردن بوونی هەیەو بۆ نمونە ئەگەر زەوی لەجوڵە بکەویت،زەوی بەخێرای بۆ لای خۆر بچێت و لەگەڵ ئەودا پێکدادان روودەدات، لەکاتێکدا کە بە بۆچوونی ئێمە خۆر لەسەرەوەیە نەک خوارەوە. لە تێڕوانینی فیزیاییەوە، وزەی دەرکەوتوو لە کێشکردن و جووڵەوزەوە، تەنە ئاسمانییەکان لەسەر ڕێچکەو شوێنی تایبەتییان بەرەو پێشەوە دەبات، بۆ نمونە کێشکردن دەخوازێت زەوی بەرەو خۆر بکێشێت و هێزی دوورخستنەوە لە ناوەندی دەرکەوتوو لە جوڵەی سوڕانەوەی زەوی دەخوازێت زەوی لە خۆر دوور بخاتەوە. لەبەر ئەم دوو هێزە زەوی لەشوێنی تایبەتی خۆی راگیر بووە.**

**لەم ئـایەتەی خـوارەوەدا ڕاوەسـتاوی ئاسـمانی بە ستونەوە پەیوەست کردووە:**

– خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا (لقمان ١٠)

**واتە: ئاسمانەکانی لەو بەرزە وەدیهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ ستونێکی هەبێت.**

**محەمەد گومانی کردووە کە ئاسمانەکان بنمیچی بەردینیـــیە کە ســـتونە نادیارەکـــان ئەوانـــی ڕاگرتـــووە تـــا نەکەون بەســـەر زەویـــدا، ئەم بۆچـونە لە دوو لاوە هەڵەیە، یەکەم، ئاسـمان شتێک نیە تا ستون(کۆڵەکە)ی پێویست بێـت، دووەم، ستونێک بۆ ڕاگرتنی هەسارەکان بوونی نیە، پێویستە بەبیری بهێنیـنەوە کە هەنـدێ لە بیرمەنـــدانی یۆنـــانی وەکـــو Anaximander (سەدەی شەشـەمی پـێش زایـن، زیـاتر لەهەزار ســـاڵ پـــێش مـــحەمەد)، ســـەرنجی داوە کە تەنەکـانی ئاسـمان پێویسـتی بە سـتون نـیەو**

**هێزێک ئەوانی بەیەکسانی راگرتووە[1]، محەمەد تەنـــــانەت بە تێگەیشـــــتنی ئەم بیرمەنـــــدە یۆنانییەی ١٢٠٠ ساڵ پێش خۆی نەگەیشتووە.**

**هەندێ کەس دەخوازن بەهەر بەهایەک بووە بۆ قورئـــان پەرجـــوو دابتاشـــن، دەڵـــێن مەبەســت لەسـتونی نەبینـراو، هێـزی کێشـکردنە، بەڵام هێـــزی کێشـــکردن بەپـــێچەوانەی ســـتونەوە کاردەکات، چونکە ستون لەگەڵ هێزی کێشکردن رووبەڕوو دەبێـــــتەوە، لەبەرئەوە ســـــتون ناتوانێت هێزی کێشکردن بێت، ئـێمە بە هانـای پەرجـــوو داتاشـــێنەرانەوە دەچـــین و لەوانەیە مەبەست لەستون هێزی دژەناوەنـد بێـت، بەڵام دیســـان هەڵەیە چـــونکە هێـــزی دژە ناوەنـــد هەوڵـدەدات شـتێک لەسـەر هێڵێکـی راسـت بـۆ پێشـەوە پـاڵپێوە بنێـت کە لەگەڵ سـتوندا یەک**

---

[1] J.P. Vernart (1982) Les origins de la pensee grecque. PUF Pariw. P 128.J.P.

**نـــاگرنەوە، دووبـــارە ئەگەر گریمـــانەی ئەوە بکەیـن کە مەبەسـت لەسـتون یەکسـانی نێـوان هێــزی کێشــکردن و دوورکەوتــنەوە لەناوەنــد بێـــت، ئەمەش هەر هەڵەیە، چـــونکە یەکەم: یەکسـانیی ئەم دوانە واتە نە دوورکەوتـنەوە لە ناوەنــد و نە کێشــکردن بەتەنهــا، لە زمــانی فیزیا، بە کۆکردنەوەی ئەم دوانە هێز بەدەست دێـت کە تەنێکـی ئاسـمانی لە شـوێنی تـایبەتی خۆی (بۆ نمونە سوڕانەوە) دەجـوڵێتەوە، واتە دوبارە شـتێک بەجێگیریـی (سـتون) نـامێنێتەوە چونکە کـارکردنی سـتون لە لای خـوارەوەیە کە لەشوێنی کۆکردنەوەی دوو هێز نیە، دووەم: لە زۆرێـک لایەنەوە یەکســانیی لەنێـوان ئەم دوو هێزەدا بونی نیە، بۆ نمونە تەنێکـی ئاسمانیی لەجـــێگەی جـــوڵانییەوە هەرکاتێـــک لە هەسـارەیەک نزیـک دەبێـتەوە لەژێـر هێــزی**

**کێشکردنی هەسارەکە، دەتوانێت شوێن بگۆڕێت یان لەگەڵ هەسارەکە پێکدادان ڕوووبدات، یان دوور کەوتـــنەوەی خێـــرای کاکێشـــانەکان لە یەکێکـــی تـــر، زاڵبـــونی جـــوڵەوزە لەســـەر کێشکردنی نێوان کاکێشانەکان نیشانی دەدات لەکاتێکـــدا لە ئاســـمان(فەزا)ی بێســـنوردا وابەســـــتەن، لەهەر ڕوویەکەوە لە هـــــیچ ســـەرێکەوە ناتوانیـــت ســـتونی نەبینـــراو بە پەرجـــــــوو لەقەڵەم بـــــــدەیت، بەڵام ئەمە دەستکەوتی مرۆڤێکی سادەی بێ زانیارییە کە گومـان دەکـات هەر شـتێک بەچـاو نەبینرێـت، دەکەوێت، کەوابـوو زەوی و ئاسمانیش دەبێـت بکەون، بەڵام لەبەرئەوەی ناکەون دەبێت شتێک ئەوانی ڕاگرتبێت، کە خوایە یان ستونێک یـان هەردووکـــی، دەبینـــین هەمـــوو ئەم خەیـــاڵانە هەڵەیە.**

**خاڵێکی تری گرنگ کە دەبێت بەبیری پەرجوو داتاشەراندا بهێنرێتەوە کە من لە پێشەکی کتێبەکەدا لەسەر ئەوە دووپاتم کردۆتەوە کە قورئان دەبێت بە قورئان و حەدیس تێبگەیت نەک بەخەیاڵپلاوی، نە لەقورئان و نە لەحەدیسدا بچوکترین ئاماژە بۆ کێشکردن بوونی نیە، ئەگەر محەمەد لە شوێنێکی قورئان یان حەدیس ئاماژەی بۆ هێزی کێشکردن کردبایە ئەوا کارێکی زۆر گرنگ و گەورەی دەکرد هەروەک نیوتن، ئیتر ئەوە پەرجوو نەبوو چونکە نیوتن پەرجووی نەکردووە.**

## ئاسمان یەکپارچەو بێ هەڵەو ڕۆشنایيە

- أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ ﴿ق ٦﴾

**واتە: ئاخۆ ئەوان بۆ ئاسمانیان نەڕوانیوە، کە بەسەر سەریانەوەیە، چۆن وەدیمان هێناوە و چلۆنمان ڕازاندۆتەوەو هیچ کەلێنی تێدانیە.**

**بەهەمانشێوە ئایەتەکانی کە قڵیشانی ئاسمان لە قیامەتدا باس دەکات پاڵپشتی بنمیچی یەکپارچە بوونی ئاسمانە وەکو:**

- وَفُتِحَتِ السَّمَاءُ فَكَانَتْ أَبْوَابًا ﴿النبإ١٩﴾

**واتە: (لەقیامەتدا) ئەم ئاسمانە دەکرێتەوەو دەرگا – دەرگا دەبێتەوە.**

- إِذَا السَّمَاءُ انفَطَرَتْ ﴿الإنفطار ١﴾

**واتە: هەرکاتێ ئاسمان درزی تێ بوو (قڵیشا)**

- وَانشَقَّتِ السَّمَاءُ فَهِيَ يَوْمَئِذٍ وَاهِيَةٌ ﴿الحاقة١٦﴾

**واتە: ئاسمان قڵیش دەبێ و لەو ڕۆژەدا (قیامەت) فشەڵە**

**ئەمە وێناکردنێکی هەڵەیە لەگەردوندا بۆشایی بێ کۆتایی لەنێوان ئەستێرەکان بوونی هەیە، بنمیچ(سەقف) نیە کە یەکپارچەو بێ دەروو بێت، ئەمە هەڵەیەکی بەرچاوە کە لەڕوانگەی روکەشی سەرەتایی کە لەو باوەڕەدا بوون لەبنمیچی ئاسماندا دەرگا یان پەنجەرەیەک هەیە، ئەم یەک پارچەیی و بێ دەروویە لە ئەندێشەی فەیلەسوفە کۆنەکاندا پێشنیار کراوە.**

***تائێرە ئەوەمان بینی کە لەڕوانگەی قورئانەوە ئاسمان بنمیچێکی یەکپارچەیەو لەسەرەوەیە، هەموو ئەمانەش هەڵەن.***

## ئەستێرەکان چرای رازاندنەوەی ئاسمانن

**ئێستا کە ئاسمان بنمیچێکی یەکپارچەی بێ دەرووە، پاشان ئەستێرەکان دەبێت بەبنمیچی ئاسمانەوە چەسپابون و ئاسمانیان رازاندبێتەوە بەهەمان شێوەی کەئێمە بنمیچی ماڵەکانمان دەڕازێنینەوە، ئەمە هەروەک بۆچونی مرۆڤی دێرینە بەو شێوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە لەسەرەتای مێژووی بەشەریی مرۆڤەکان گومانیان کرد کە ئاسمان تەنێکی روون (شفاف)ی گۆییە و ئەستێرەکان بەژێریدا چەسپیون، بۆچونی فیساگۆرس**

**(فەیلەسوفی یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زاین) ئەوە بووە کە ئەستێرەکان بەتەنی ڕوونی گۆیی (ئاسمان، فەلەک)ەوە چەسپیون کە بەدەوری زەویدا دەگەڕێن.**[1]

**سەرنج بدەن:**

- إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ ﴿الصافات ٦﴾

**واتە: ئێمە ئاسمانی نزیکمان ڕازاندەوە بەئەستێرەکان.**

- وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ﴿فصلت ١٢﴾

**واتە: ڕازاندمانەوە ئاسمانی دنیا بەچراکان.**

- وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ﴿الملک ٥﴾

**واتە: ڕازاندمانەوە ئاسمانی دنیا بەچراکان.**

[1] A. Berry,(1899) A short history of astronomy, New York Charles scribner's sons, p-4

**هەڵـبەتە ئەسـتێرەکان هـۆی جـوانی ئاسمانن، بەڵام ئایـا ئەوەی کە ئەستێرەکان چـرا یـاخود گڵۆپن وشەیەکی راستە؟، ئەگەر کەسێک لەئێوە بپرسێت کە ئەستێرەکان چیە؟، ئایا ئێوە دەڵێن چران ؟ یان دەڵێن گـۆیەکن وەک زەوی و مانـگ و خـۆر، کە یـان روونـاکی بەرهەم دێـنن وەک خــۆر یـــان روونـــاکی دەدەنەوە وەک مانــگ، محەمەد نەیزانیـوە کە ئەسـتێرەکان گـۆی وەکـو زەویـن و شـتێکی سـادەی سـەرەتایی بەبیریـدا هــاتووە کە ئەســتێرەکان چــرای رازانــدنەوەی ئاسمانن، هەمانشێوە کە عەرەبـی بیابـان هەر بەو شـێوە وێنایـان دەکـرد، لەلایەکـی تـرەوە چرابـوونی ئەسـتێرەکان هەڵەیە، چـونکە چـرا شتێکە کە رووناکی بەرهەم دەهێنێت لەکاتێکدا زۆرێـک لەئەسـتێرەکان بێبەشـن لەروونـاکیی و روونـــاکیی بەرهەم نـــاهێنن و دەگونجێـــت**

**ڕووناکییەکی لاواز کە لەئەستێرەیەکی ترەوە پێی دەگات، پێچەوانەی بکاتەوە.**

## حەوت ئاسمان و عەرش ( تەختی پاشایی)

**لەقورئاندا بەشێوەی دووبارەکردنەوە حەوت ئاسمان باسکراوە، بۆ نمونە:**

- اللَّـهُ الَّـذِي خَلَـقَ سَـبْعَ سَـمَاوَاتٍ وَمِـنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ﴿الطلاق ١٢﴾

**واتە: ئەو خودایە(اللە)ی حەوت ئاسمان و وەک ئەوانەش زەوی وەدیهێنا.**

**حەوت ئاسمان چینەکانی لەسەر یەکن**

- الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا﴿الملک ٣﴾

**واتە: ئەو کەسـەی(اللە) حەوت ئاسـمانی چـین لەسەر چین سازداوە.**

- أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ﴿نوح ١٥﴾

**واتە: ئاخۆ بەچاو نەتانـدیوە خودا(اللـە) چـۆن حەوت بەرزایی(ئاسمان) - توێ لەسـەر تـوێ - ئافراندووە؟.**

**بونی حەوت ئاسمان کە رێگەی جـوڵانی حەوت هەسـارەکە دێـتە هەرمـارکردن و هەمانشـێوە بـوونی عەرش و کورسـی (لەقورئانـدا هـاتووە) لە سەردەمی جاهیلیەت پێش محەمەد باو بووە[1] و محەمەد بەهەمان تێگەیشتنی دەقەری بەدەوی وەریگرتووەو لەقورئاندا باسی کردووە.**

[1] بلوغ الارب في معرفة احوال العرب للالوسی ج٣/٢٢٤س

**لەحەدیسدا ئەم حەوت ئاسمانی چین چینە و عەرش بەشێوەیەکی روون باسکراوە، سەرنج بدەن:**

أَتَدْرُونَ مَا اسْمُ هَذِهِ ؟ قُلْنَا : نَعَمْ ، هَذِهِ السَّحَابُ . فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : هَذَا الْمُزْنُ وَالْعَنَانُ ، أَتَدْرُونَ كَمْ بُعْدُ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ؟ قُلْنَا : لا . قَالَ : فَإِنَّ بُعْدَ مَا بَيْنَهُمَا إِمَّا وَاحِدَةٌ أَوِ اثْنَيْنِ وَإِمَّا ثَلاثٌ وَسَبْعُونَ سَنَةً ، وَالسَّمَاءُ فَوْقَهَا ، كَذَلِكَ حَتَّى عَدَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ ، وَفَوْقَ السَّابِعَةِ بَحْرٌ ، إِنَّ مَا بَيْنَ أَسْفَلِهِ وَأَعْلاهُ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، وَعَلَى ظَهْرِهِ الْعَرْشُ ، مَا بَيْنَ أَسْفَلِهِ وَأَعْلاهُ كَمَا بَيْنَ سَمَاءٍ إِلَى سَمَاءٍ ، وَاللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فَوْقَ ذَلِكَ.

**واتە: پێغەمبەر وتی (بەهاوەڵەکانی) ئایا دەزانن مەودای نێوان ئاسمان و زەوی چەندە؟**

وتمان خوداو پێغەمبەرەکەی ئاگادارن، وتی نێوانی ئەوانە بەپێی ڕێ ٥٠٠ساڵ دەبێت، هەر ئاسمانێک بۆ ئاسمانێکی تر(لەسەروو ئەو: گێڕانەوەی ئەبی داود)، بەپێی ڕێ ٥٠٠ساڵ دەبێت و ئەستوریی هەر ئاسمانێک ٥٠٠ساڵ دەبێت، لەپاش ئاسمانی حەوتەم دەریایەکە لە ڕووبەرەکەیەوە تا کۆتایی بەرزییەکەی یەکسانە بەمەودای نێوان زەوی و ئاسمان،ئینجا لەسەروو ئەوەوە ٨ خرت (سابرین) لەکێویێکدا جێگیر کراوەو مەودای نێوان سم و ئەژنۆیان وەکو مەودای نێوان ئاسمان و زەوییە، پاشان لەسەروو ئەوانەوە (لەپشتیانەوە: گێڕانەوەی ئەبی داود) عەرش بوونی هەیە کە مەودای نێوان کۆتایی و سەرەوەی ئەو یەکسانە بە مەودای نێوان زەوی و ئاسمان، خودای گەورە لەسەر عەرشەکەی

**دانیشتووەو هیچ شتێک لەکردارەکانی مرۆڤ لە ئەو شارەوە نیە.**

**بــونی حەوت ئاســمان و ئەوەی کە تەختــی پاشایی خودا(عەرش) لەسەر ئاسمانی حەوتەم جێگیر بووە، لەنیمچە دوورگەی عەرەبیی پـێش مـحەمەد باسـکراوە، هەروەک (امـیه بـن ابــي صلت)ی شاعیری جاهیلی دەڵێت:**

**له ما رأت عين البصير و فوقه**

**(هەریەک لەوانە چـــاوی بینـــا دەیبینێـــت و لەناوەڕاست و بەرزتر لەو)**

**سماء الاله فوق سبع سمائيا**

**(ئاسمانی خودا لەسەروو حەوتەم ئاسمان)**

**جێگیربونی عەرش لەسەر رووی ئاو لەقورئاندا هاتووە:**

- وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ ﴿هود٧﴾

**واتە: هەر ئەویشە کە ئاسمان و زەوی لەشەش رۆژدا دروستکرد و تەختی فەرمانڕەوایی (عەرش) ی ئەو لەسەر ئاو بوو.**

**بەهەمانشێوە هەڵگرتنی عەرشی خودا لەلایەن ٨ بونەوەرەوە هاتووە:**

- الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ ﴿غافر ٧﴾

**واتە: ئەو کەسانەی تەختی خودایان هەڵگرت و ئەوانەی بەدەوری ئەودان، بەسوپاسی پەروەرندەیان خەریکن.**

- وَالْمَلَكُ عَلَىٰ أَرْجَائِهَا ۚ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ ﴿الحاقة ١٧﴾

**واتە: فریشـــتە دەچـــنە کەنـــاران و تەختـــی پەروەرندەی تۆ لەسـەر سـەری ئەوانەوە – لەو رۆژەدا – هەشت فریشتە هەڵیدەگرن.**

**جێگیربـوونی خودا(اللــه) لەسـەر رووی عەرش لەخودی قورئاندا جارێکی تر هاتووە:**

- اللَّـهُ الَّـذِي خَلَـقَ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَابَيْنَهُمَـا فِـي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ﴿السجدة١٧﴾

**واتە: ئەو خودایە(اللە)ی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچـــی لەنـــاو ئەو دووەدا بەشـــەش رۆژ وەدیهێنـــا، پاشـــان لەســـەر عەرشـــی خـــۆی جێگیربوو.**

**سەرئەنجام لەتێڕوانینی محەمەددا (قورئان و حەدیس) لەسەروو زەویەوە حەوت ئاسمان جێگیر بووەو پاشان دەریایەک و دواتر هەشت خرت و پاشان عەرش و لەسەر رووی عەرش خودای لێیە، محەمەد لەجێگەی ئاسمانی هەشتەم کە لەسیستەمی بەتلیمۆس(بطليموس) فەلەک جێگیرە، دەریا و هەشت خرت و عەرش جێگیر بوون، ئاشکرایە حەوت ئاسمان بەراورد بەبۆچونەکەی بەتلیمۆس کە باو بووە لەسەردەمی محەمەددا دەگونجێت، بەڵام دەریا و سابرینەکان و عەرش لە بۆچونەکەی بەتلیمۆسدا بوونی نیە، سەرەڕای بۆچونەکەی بەتلیمۆس کە تا سنورێک بونیاد نرابوو لەسەر سەرنجدان، ئەفسانەکانی ئاخێنراوە لە دینیش لەپێش محەمەد لەبارەی حەوت ئاسمانەوە دواوە، بۆ نمونە لەئاینی هندۆسیدا حەوت**

**جیهـــانی سەرەوە(ئاســـمان) و حەوت جیهـــانی ژێــرەوە بــونی هەیە[1]، هەمانشــێوە لە میســری کۆنــدا، بــوونی حەوت ئاسـمان باسکراوە[2]، وا دەردەکەوێت محەمەد شـتگەلێکی لەو دەوروبەرە بەدەســــتهێنابێت و خۆشـــی هەنــــدێکی بـــۆ زیادکردبێـــت، دەزانـــین کە هەمـــوو ئەمـــانە هەڵەیە، یەکەم: هەروەکـــو پێشـــتر گوتمـــان ئاسـمانێک بـوونی نـیە کە ژمـارەی چینەکـانی ٧دانە بێت، دووەم: باسـەیر بکەیـن بـزانین ئەو مەودایانەی محەمەد باسی کردوون چ ئەنجامێک دەردەچێت:**

**٧ *٥٠٠ = ٣٥٠٠ ساڵ فراوانی ئاسمانەکانە**

**٧ * ٥٠٠ = ٣٥٠٠ ســـــــاڵ مەودای نێـــــــوان ئاسمانەکانە**

---

[1]Sushil mittal, G.R Thursby, The Hindu world, 2004, Routledge New York

[2] Scott Leonard, Myths and Religion. P-330

**٥٠٠ ساڵ قوڵیی دەریا**

**٤ * ٥٠٠ = ٢٠٠٠ ساڵ بەرزی خرت(سبارین)ەکان (بەرزی هەر خرتێک ٤ئەوەندەی مەودای سێ دانە ئەژنۆ لەبەرچاو گیراوە)**

**٥٠٠ ساڵ فراوانی عەرش**

**کۆی گشتی ٩٥٠٠ ساڵ دەکات.**

**لەنێوان خەڵکیدا بەتایبەت لەڕابردوو باو بووە و هەیە کە مەوداکان بەپێی کات دەپێوین کە بەپێی دووریی، بۆ نمونە دەڵێن ماوەی نێوان بەریتانیا و ئەمریکا ٦-٧ کاتژمێرە، بەو مانایەی کە ئەگەر بەفڕۆکە سەفەر بکەین ئەوەندە کات دەخایەنێت، لەزەمانی ڕابردوودا ماوەکان بەپێی ئەو دوورییەی کە ئەسپ یان هێستر و حوشتر پێوراوە، لە حەدیسەکەی سەرەوە ئەم ڕەوشە بەکاربراوە، بەسەرنجدان**

**بەوەی کە چوارپێی سەرەکی بۆ گەشتکردن لە عەرەبستان(سعودیە) لەزەمانی محەمەددا، حوشتر بووە، ئەم دوورییە بەراورد بە سەردەمی محەمەد بەپێی ئەو دوورییەی کە حوشتر دەیبڕێت هەژمار دەکەین:**

**بەرزترین خێرایی حوشتر ٦٠کیلۆمەترە لە کاتژمێرێکدا و هەر ساڵێک ٨٧٦٦ کاتژمێرە، هەربۆیە:**

**٨٧٦٦ * ٦٠ = ٥٢٥٩٦٠ کیلۆمەتر لەساڵێکدا**

**٥٢٥٩٦٠ * ٩٥٠٠ = ٤٩٩٦٦٢٠٠٠٠ کیلۆمەتر**

**واتە رووبەری زەوی تا رووی عەرش ٤٩٩٦٦٢٠٠٠٠ کیلۆمەتر دەبێت، بە سەرنجدان لەوەی خێرای روناکیی ٣٠٠٠٠٠ کیلۆمەتر لە چرکەیەکدایە:**

**٤٩٩٦٦٢٠٠٠٠ / ٣٠٠٠٠٠ = ١٦٦٥٥ چرکەی روناکیی کە یەکسانە بە ٤/٦ کاتژمێری روناکیی.**

**واتە محەمەد فراوانی کەونــی (جگە لەخـودا) بە ٤/٦ کـاتژمێری رونــاکیی زانیـوە، بەڵام ئەمـڕۆ مــرۆڤ تــا ملیاردەهــا ســاڵی رونــاکیی، بە ئەســـتێرەکان و کاکێشـــانەکان گەیشـــتووەو شـــوێنەوارێک لە ئاســـمانی حەوت چـــین و شـوێنەوارێک لە دەریـا و سـابرین و عەرشـی نەدۆزیـــــوەتەوە، لەبەرئەوە وتەی مـــــحەمەد هەڵەیەکـی روون زیـاتر نـیە، کە ریشـەکەی لە ئەفسانەکان و هزری یۆنانییە.**

## خــــۆر و مانـــــگ لە فەلەک(دەڤەر)ی خۆیــــــان دەجولێنەوە

-أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى وَأَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿لقمان ٢٩﴾

**واتە: بۆ نەتدیوە خوا شەو لە رۆژ هەڵدەکێشێ و رۆژیش لە شەو هەڵدەکێشێ؟ خۆرو مانگیشی کەوی کرد هەریەکەیان تا ماوەیەکی دیاریکراو لە سوڕانەوەی بەردەوامدان، خودا لە هەر کارێ بیکەن ئاگادارە.**

– وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿الأنبياء ٣٣﴾

**واتە: هەر خۆیەتی شەو و ڕۆژ و خۆر و هەیڤی دروست کرد و هەریەک لەشوێنی خۆیاندا مەلە دەکەن.**

- لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴿يس ٤٠﴾

**واتە: نە خۆر توانای هێندەی هەیە بگا بە مانگ، نە شەو وەپێش ڕۆژ دەکەوێ، سەرلەبەریش لە ئاسمانێک مەلە دەکەن.**

**کەوابوو هەریەکە لە مانگ و خۆر لە فەلەکی تایبەت بەخۆیان دەجوڵێنەوە،**

**تەبەری(طبری) دەڵێت کە لەبارەی مانای فەلەک، شتێک لە حەدیسدا بوونی نیە و فەلەک لە عەرەبیدا بەمانای هەر شتێک لە بازنەیەکدا بگەڕێت یاخود وەکو بازنە بێت (تەفسیری تەبەری ١٧/٢٣).**

**بەسـەرنجدان لەوەی کە ٦ئـایەت لە ٧ئـایەتی جوڵانی خۆر و مانگ هـاتووە، شـەو و ڕۆژیـش باسکراوە، کەوایە مەبەست لە جـوڵەی خـۆر و مانگ جوڵانێکە کە شەو و ڕۆژ وابەسـتە دەبـن، لەبەرئەوە مەبەست لە ئەم ئایەتانە ئەوەیە کە مانگ و خۆر هەریەکە لە ناو ڕێچـکەی چەمـاوە دەجـوڵێتەوەو هەڵـبەتە جـوڵانی خـۆر گەیشـتە دەرکەوتنـی ڕۆژ دەبێـتەوە، کە ئەمە هەڵەیەکـی ڕوونە، ئەم بۆچـــونەی محەمەدیـــش لەگەڵ سیستەمی بەتلیمۆس دەگونجێت.**

**جـوڵانی خـۆر بـۆ دروسـتبونی شـەو و ڕۆژ لە ئایەت و حەدیسی تردا هاتووە، سەرنج بدەن:**

**<u>خـۆرە کە دەجـوڵێتەوەو ڕۆژ و شـەو دروسـت دەکات نەک زەوی</u>**

**لە چیرۆکی (ذوالقرنین) لە قورئاندا هاتووە:**

- وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ ۖ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا ﴿٨٣﴾ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا ﴿٨٤﴾ فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا ﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠ الكهف﴾

**واتە: لێت دەپرسن: ئەدی زولقەرنەین چۆن بووە؟ بێژە: وا دەربارەی ئەویش شتێکتان بۆ دەخوێنمەوە(٨٣)وامان کرد لەم زەمینەدا دەستی بڕوا و گشت هۆیەکیشمان بۆ ڕەخساند(٨٤)سا**

**بەشوێن مەبەستیدا چوو(٨٥)تا گەیشتە لای خۆرنشین؛ لای وا بوو لەناو کانییەکی قوڕەڕەشە ئاوا دەبێ، لەو لایە توشی هۆزێک بوو(٨٦)وتی: بەڵام هەر کەسێ ناهەقی بکا – لەدوا رۆژدا – ئێمە ئازاری دەدەین و پاشانیش دەبرێتەوە لای پەروەرندەی؛ ئەوسا ئەویش بەتوندی ئازاری دەدا(٨٧)هەرکەسیش باوەڕی هێنا و ئاکار چاک بوو، پاداشتی چاک بەشی دەبێ و کاری لەسەر ئاسان دەکەین(٨٨)دیسانیش رێگەی گرتە بەر(٨٩)هەتا گەیشتە خۆرهەڵات، دیتی تیشکی بەسەر گەلێکدا دەبارێ کە جیا لەو هیچ ستارێکمان نەدانێ(٩٠).**

**لە حەدیسیشدا ئەم باسە بونی هەیە:**

عَن أبـي ذَر رَضِـيَ اللَّهُ عَنْـه قَـالَ» :كنـت رَدِيـف رَسُـول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى جمل فَرَأَى الشَّمْس حِين غَابَتْ فَقَالَ أَتَدْرِي يَا أَبَا ذَر أَيْن تغرب هَذِه؟ قلت الله وَرَسُوله أعلم قَالَ: فَإِنَّهَا تغرب فِي عين حامية(تفسير كشاف ٢/٦٩٤)

**واتە: لە ئەبو زەڕەوە گوستراوەتەوە کە وتی: من لەدوای پێغەمبەرەوە(لەسەر چوارپێ) سوار بووبووم، لەکاتێکدا خۆر ئاوا دەبوو، پێغەمبەر وتی: ئەی ئەبو زەڕ ئایا دەزانیت کە خۆر لە کوێ ئاوا دەبێت؟. وتم خوا و پێغەمبەرەکەی ئاگادارن، پێغەمبەر وتی خۆر لە کانییەکی ڕەش ئاوا دەبێت.**

**هەڵاتنی خۆر لە خاڵێکی زەوی و ئاوابونی لە کانیاوێکی ڕەش(قوڕەڕەشە) وێنەکردنێکی زۆر**

**سەرەتاییە کە هەر مرۆڤێکی بێئاگا ئەو بەچاو دەبینێت، ئەگەر لەبیابانێکی تەختدا بیت دەبینیت کە خۆر لەبەیانیاندا لەخاڵێکی زۆر دوور، لە زەوییەوە دەردەچێت و بەدرێژایی رۆژ پانایی ئاسمان بەشێوەی چەماوە دەگەڕێت، لەکاتی ئاوابوون بەتایبەتی لەبیابانەکانی سعودیە، سەرابێک تاریک دەردەکەوێت کە خۆر بەپلە پلە لەودا دەشارێتەوە، ئەمە شتێکە کە محەمەد و هەر عەرەبێکی تر لە هەڵاتن و ئاوابونی خۆردا دەیبینن و محەمەد هەمان تۆمەتی هەڵەی بێ ئاگایی هێناوەتە ناو قورئانەوەو داویەتیە پاڵ خودا.**

**بەهەرحاڵ لە ئایەتەکانی سەرەوەدا شەش هەڵەی ئاشکرا بونیان هەیە ئەوانیش:**

**یەکەم و دووەم: خۆر شوێنێکی هەڵاتن و ئاوابونی هەیە، هەردوکیان هەڵەیە.**

**سـێیەم: خـۆرە کە دەجوڵێـت و لەخـۆرهەڵاتی زەویـیەوە سـەر دەردەهێنێـت و لە خۆرئـاوەوە لەکانیاویکـــدا دەشـــاریتەوە و شـــەو و ڕۆژ پێکدەهێنێت کە هەڵەیە.**

**چوارەم: ئاوابونی خۆر لەنـاو کانیـاویکی ڕەش هەڵەیە.**

**پێنجەم: پێویستی چونی خۆر بۆ ناو کانیاوێکی ڕەش، بەرکەوتـــن لەنێـــوان خـــۆر و زەویـــدا دروست دەبێت، ئەمەش هەڵەیەکی ڕوونە.**

**شەشەم: پێویستی بەمشێوە هەڵاتـن و ئـاوابون ئەوەیە کە هەڵاتـن یـاخود ئـاوابون لە هەمـوو جێگـایەکی زەویـیەوە لەیەک کاتـدا ڕوودەدات، چـــونکە خـــۆر لەیەک کاتـــدا دەچێـــتە نـــاو کانیـــاوێکی ڕەشـــەوە، بـــۆ هەرکەســـێک لەهەرکـوێیەکی زەوی بێـت لەکـاتی ئـاوابون،**

**خـۆر دەچێـتە نـاو کانیـاوێکی ڕەشـەوە، نەک ئەوەی لە بەشەکانی تری زەوی بشاردرێتەوە، پێویستی ئەم هاوکاتییە، پانتایی زەوییە نەک گـۆیی، چـونکە لە زەوی گـۆیی، ئەسـتەمە کە لەهەمـوو شـوێنێکەوە هەڵاتـن یـان ئـاوابوون لەیەک کاتـدا ڕووبـدات، بـۆیە ئەم ئایەتـانە هەڵەی پانتـایی زەوی کە لەئایەتەکـانی تـردا ئامادەن، دووپات دەکاتەوە.**

**ئایەتێکی تر کە بەڕوونی جوڵەی خۆر لە ڕۆژدا دووپات دەکاتەوە، ئەم ئایەتەی خوارەوەیە:**

- أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا ﴿الفرقان ٤٥﴾

**واتە: بۆ نەتدیوە پەروەرنـدەت درێـژە بەسێبەر دەدا؟ ئەگەر خـۆی حەزی نەکردبـا وای دەکـرد**

**لەجێـی خـۆی نەبـزوێ، خۆریشـمان کـردۆتە بەڵگەی.**

**ئەم ئـایەتە دەمـانگەیەنێتە ئەوەی کە بەڵـگەی جوڵانی سێبەر، جـوڵانی خـۆرە کەپاڵپشـتە بـۆ جوڵانی خۆر نەک زەوی.**

**جـــێگەی وەبیرهێنـــانەوەیە کە هەنـــدێ لە موعجیزە داتاشـێنەران، وتویـانە مەبەست لە جوڵانی خۆر لەئـایەتی جیـاوازدا، جـوڵەی ئەو هەمــوو سیســتەمی خــۆرە لە کاکێشــان، ئەم پەرجــوویەکی گەورەیە، بەڵام ئەم پەرجــووە داتاشراوە رەتکراوتەوە لەبەر:**

**یەکەم: لەقورئان و حەدیسدا بچـوکترین ئامـاژە بەجـوڵەی کاکێشـانەکان نـیەو لەراسـتیدا لە قورئــان و حەدیســدا مەفهـومی کاکێشــان هەر**

**بوونی نیە چ جـای ئامـاژە بە جـوڵەی ئەوانە، ناتوانین بەخەیـاڵ پـڵاوی شـتێک بـدەینە پـاڵی قورئـــان، قورئـــان بەتەواوی دەبێـــت لەســـەر بنەمای خۆی (قورئان) و حەدیس لێی تێبگەین.**

**دووەم: لەناو ئایەتەکـانی کە بـاس لە جـوڵەی خـۆر دەکـات، باســی جـوڵەی خـۆر هاوتـایە لەگەڵ باسی ڕۆژو شـەو، کە دوپـاتی دەکـاتەوە ئامــانجی ســەرەکی مــحەمەد جــوڵەی ڕۆژانەی خۆر بووە، نمونە:**

- لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾

**واتە: نە خـــۆر توانـــای هێنـــدەی هەیە بگـــا بەمانـــگ، نە شـــەو وەپـــێش ڕۆژ دەکەوێ، سەرلەبەریش لە ئاسمانێک مەلە دەکەن.**

– يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴿فاطر ١٣﴾

**واتە: شەو دەخایە ناو ڕۆژەوە و ڕۆژیش دە شەوێ ڕادەکا؛ خۆر و هەیڤیشی کەوی کرد، هەر کامی تا کاتی دیاردە دێن و دەچن.**

- خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ۖ يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ ۖ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۗ أَلَا هُوَ الْعَزِيزُ الْغَفَّارُ ﴿الزمر ٥﴾

**واتە: ئاسمانەکان و زەوی بەڕاست وەدی هێناوە و شەوێ دە ڕۆژێ دەپێچی و ڕۆژ دە شەوێ، خۆر و هەیڤیشی ڕام کرد؛ هەر کامی تا کاتی دیاردە دێن و دەچن، باش بزانن! بەدەسەڵات و خەتاپۆش هەر خۆتی.**

**سـێیەم: ئایەتەکـانی ذوالقـرنین لەسـەرەوە (هەروەهـا حەدیسـەکانی) بەڕوونـی دوپـاتکردنەوەیە لە جـوڵەی خـۆر بـۆ دروست بوونی شەو و رۆژ.**

**چـوارەم: ئـایەتی ٣٨ سـورەتی یـس (هەروەهـا حەدیسـەکانی پەیوەسـت بەوەوە) کە لەناونیشانی داهاتودا باس دەکرێت، دەڵێت کە خـۆر شـەوانە لە جـێگەیەک جێگیـر دەبێـت، کە ئەمەش دوپـاتی راسـتی جـوڵەی خـۆر و پەیدابونی شەو و رۆژ دەکات.**

## خۆر لە شەواندا بۆ جێگەیەکی ئارام (لەژێر عەرشدا بۆ سوجدە) دەڕوات

- وَآيَةٌ لَّهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ ﴿يس ٣٧﴾ وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿يس ٣٨﴾

**واتە: بۆ ئەوانە شەویش یەکێکە لەنیشانەکان ئێمە ڕۆژی لێ دادەڕنین و لەناکاو تاریکانیان بەسەردا دێ(٣٧) خۆریش بەرەو جێگەی خۆی لەگەڕاندایە کە لە خاوەن دەسەڵاتی زاناوەیە، ئەو فەرمانەی پێ دراوە.**

**بەپێی ئایەتەکانی سەرەوە خۆر لەشەودا بۆ پەناگەیەک دەچێت، چونکە لە قورئاندا ڕوونکردنەوەیەک بۆ چونی خۆر بۆ پەناگەیەک باس نەکراوە، بۆ تێگەیشتن لەمانای ئەم ئایەتە دەگەڕێینەوە سەر حەدیس، لە**

**حەدیسێکدا هاتووە کە خۆر لەشەواندا دەچێتە ژێر عەرش بۆ سوجدە بردن بۆ خودا:**

صحيح البخاري 4802 – حَدَّثَنَا أَبُو نُعَيْمٍ حَدَّثَنَا الأَعْمَشُ عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِىِّ عَنْ أَبِيهِ عَنْ أَبِى ذَرٍّ – رضى الله عنه – قَالَ كُنْتُ مَعَ النَّبِىِّ ρ فِى الْمَسْجِدِ عِنْدَ غُرُوبِ الشَّمْسِ فَقَالَ « يَا أَبَا ذَرٍّ أَتَدْرِى أَيْنَ تَغْرُبُ الشَّمْسُ » . قُلْتُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ . قَالَ « فَإِنَّهَا تَذْهَبُ حَتَّى تَسْجُدَ تَحْتَ الْعَرْشِ ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى ( وَالشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ )»

**واتە:لە ئەبو زەڕەوە گواستراوەتەوە کە لەکاتی خۆر ئاوابون لەگەڵ پێغەمبەر لەمزگەوت بووم، پێغەمبەر وتی: ئەی ئەبو زەڕ ئایا دەزانیت خۆر لەکوێ ئاوادەبێت؟، وتم خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، خۆر دەڕوات و لەژێر عەرشی خودا کڕنوش بۆ دەبات و ئەمەیە وتەی خوا کە خۆر بۆ جێگەی ئارامیی دەڕوات.**

**لە (صحيح بخاري ٢٧٠٠/٦) هەمان حەدیس بەکەمێک زیادەوە هاتووەو بەم ناوەڕۆکەی کە خۆر (پێش هەڵاتنەوەی دووبارە) لەخوداوە مۆڵەت وەردەگرێت و خودا دەڵێت بگەڕێوە بۆ هەمان جێگەی لێوەی هاتووی، ئەم حەدیسە لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوی تریش هاتووە، لەوانە: صحيح مسلم ١٣٩/١، صحيح ابن حيان ٢٠/١٤، سنن نسائي ٤٠٩/٦، تفسير طبري ٢٣/٥ و چەند سەرچاوەیەکی تر.**

**لەبەرئەوە ئایەت و حەدیسی سەرەوەش دەمانگەیەنێتە ڕاست و ڕوونی ئەوەی کە خۆر دەجوڵێت و شەو و ڕۆژ دەهێنێتە بوون و خۆر لە شەواندا بۆ شوێنی ئارامگری دەڕوات کە هەردوو مەبەستەکە هەڵەیە، ئەوە زەویە بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوەو شەو و ڕۆژ بەدەست دەهێنێت و لەبەرئەوە خۆر هەڵاتن و**

**ئــاوابون ناكــات كە بــۆ شــوێنی ئــارامگرتنی بڕوات.**

**ســـەرەڕای ئەوە لە حەدیســـەكەی ســـەرەوەدا هەڵەیەكی تر هەیە، بەوشێوەی كە خۆر دەبێـت شەوانە ڕێگای حەوت ئاسمان ببڕێت و تا بگاتە عەرش و بەیانیـــان بگەڕێـــتەوە، واتە خـــۆر شـەوان لەزەوی دوور دەكەوێـتەوە تـا بەعەرش بگات،بەپێچەوانەوە ئەمە جگە لە تەوەهـومێكی نەگونجاو هیچی تر نیە.**

## <u>ئایا زەوی تەخت(بێ بەرزو نزمیی)ە</u>

– وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴿٣٠﴾

**واتە: لەپــاش ئەوە ئەم زەویــیەی بەتلــدانەوە پانكردەوە**

**زەیدی بن عەمروی شاعیر دەڵێت:**

دحاها فلما رآها استوت

على الماء أرسى عليها الجبالا

**واتە: زەوی پانکردەوەو وەکو دروست بوو ئەوی بەدەستی خۆی بەهێزی کرد و کەژەکانی لەسەر بتەو کردووە.**

**ئەو دێڕە شیعرە ئەوە نیشان دەدات کە تەختبونی زەوی (واتە زەوی گۆیی نیە بەڵکو تەختە) لەنیمچە دورگەی عەرەبیدا پێش محەمەد باو بووە، جگە لەوە ڕەنگە محەمەد لەهەمان ئەو دێڕەوە وەریگرتبێت.**

- وَإِلَىٰ ٱلْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴿الغاشية ٢٠﴾

**واتە: ئەی سەرنجی زەوی نادەن چۆن تەخت کراوە.**

**هەروەک ڕاڤەکان لە تەختبونی زەوی لەم ئایەتە تێگەیشتون ڕاڤەی جلالین(١/٨٠٥)ە، ژمارەیەک لە ڕاڤەکاران بەسەرنجدان لەوەی دەزانن کە هەتا لە سیستەمی بەتلیمۆسیدا زەوی گۆییە، بەزیرەکانە لە کەناری ئەم ئایەتەوە تێپەڕیان کردووەو ئەویان بەمانایەکی سادە یان تەختبونی هەندێ ناوچەی زەوی داناوە، لەکاتێکدا ئایەتەکە بەشێوەیەکی گشتی باس لەزەوی دەکات نەک بەشێکی زەوی، واتە زەوی تەختە نە بەشێکی، لە حەدیسدا شتێک دەربارەی ئەم ئایەتە بوونی نیە.**

**لەچیرۆکی ذوالقرنینیش تەختبونی زەوی بەشێوەی بڕاوە باسکراوە، هەروەکو پێشتر باسمانکردووە، لەم ئایەتەدا بوونی هەیە:**

– الكهف: فَأَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ
الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا ۗ
قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا
﴿٨٦﴾ قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَىٰ رَبِّهِ
فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا ﴿٨٧﴾ وَأَمَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا
فَلَهُ جَزَاءً الْحُسْنَىٰ ۖ وَسَنَقُولُ لَهُ مِنْ أَمْرِنَا يُسْرًا ﴿٨٨﴾ ثُمَّ
أَتْبَعَ سَبَبًا ﴿٨٩﴾ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ مَطْلِعَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا
تَطْلُعُ عَلَىٰ قَوْمٍ لَّمْ نَجْعَل لَّهُم مِّن دُونِهَا سِتْرًا ﴿٩٠﴾

**واتە: سا بەشوێن مەبەستیدا چوو، تاگەیشتە لای خۆرنشین،لای وابوو لەناو کانییەکی قوڕەڕەشە ئاوا دەبێ، لەو لایەدا توشی هۆزێک بوو گوتمان: زیلقەرنەین دەتوانی ئازار بدەی و بۆشت هەیە چاکەیان لەگەڵا بکەی، دیسان ڕێگەی گرتە بەر، هەتا گەیشتە خۆرهەڵات**

**دیتی تیشکی بەسەر گەلێکدا دەبارێ کە جیا لەو هیچ ستارێکمان نەدانێ.**

**دەبینین قورئان بەڕوونی دەریخستووە کە ذوالقرنین لە گەشتەکەیدا جارێک بۆ خۆرهەڵات و گەشتێکی تر بۆ شوێنی ئاوابونی خۆر ڕۆشتووە، ئەمە هەڵەیەکی ئاشکرایە، لە گۆی زەویدا هیچ شوێنێک بۆ ئاوابون و هەڵاتن بوونی نیە، پاشان جێگەیەک بۆ هەڵاتن و ئاوابون تەنها لە زەوی تەختدا دەگونجێت نە لەگەڵ زەوی گۆیی، چونکە وەک پێشتر باسمانکرد پێویستی ئاوابونی خۆر لە قوڕاوێکدا، هاوکات ئاوابون لە سەرانسەری زەویە و ئەمە تەنها لەگەڵ تەختبونی زەوی دەگونجێت.**

**تەختبونی زەوی هەمان تێگەیشتنی مرۆڤی سەرەتایی بووە و لە یۆنانی کۆندا باسکراوە، لێرە ئاماژەیەکی کورت بەم مێژووە دەدەین.**

**- لەمیسری کۆن1 و شارستانێتی دوو ڕوبارەکە، وێنە کراوە کە زەوی بازنەیەکی تەختەو لە ڕووی ئۆقیانوسێکی بێسنور لە ئاو، سەرئاو دەکەوێت، زۆرێک لەفەیلەسوفەکانی پێش سوقرات لەوانەش Leucippus و Democritus2 و Anaximander3 زەوییان بە تەخت زانیوە، بەهەمانشیوە تالیس (سەدەی شەشەمی پێش زاین) دەڵێت زەوی تەختەو لە ئاو سەرچاوەی**

[1] H. and H. A. Frankfort, J. A. Wilson, and T. Jacobsen, Before Philosophy (Baltimore: Penguin, 1949) 54.

[2] De Fontaine, Didier (2002). "Flat worlds: Today and in antiquity". Memorie della Società Astronomica Italiana, special issue 1 (3): 257–62

[3] Anaximander; Fairbanks (editor and translator), Arthur. "Fragments and Commentary". The Hanover Historical Texts Project. (Plut., Strom. 2 ; Dox. 579).

**گرتووە، دەڵێت جیهان لە شتێک سەرچاوەی گرتووە کە گومان دەکات ئاو بێت، زەوی لە سەر ڕووی ئۆقیانوسێکی بێسنورە لە ئاو، سەرئاو کەوتووە[1].**

**- کتێبی پیرۆزی جولەکە (Hebrew bible) زەوی بە تەخت زانیوە لەگەڵ بنمیچێکی ڕاوەستاو لەسەرەوەی ئەو کە لە ژێرو سەر ڕوویدا ئاوی جێگیر بووە5و6.**

**- فیساگۆرس (سەدەی شەشەمی پێش زاین) لەسەر بنچینەی سێبەری چەماوەی زەوی لە ڕووی مانگ لەکاتی مانگ گیراندا، زەوی بەگۆیی زانیوە[2]، ئەرستۆ (سەدەی چوارەمی پێش زاین) گۆیبوونی زەوی لەسەر بنچینەی**

---

[1] De Fontaine, Didier (2002). "Flat worlds: Today and in antiquity". Memorie della Società Astronomica Italiana, special issue 1 (3): 257–62.

[2] Seeley The Geographical Meaning of "Earth" and "Seas" in Genesis 1:10, Westminster Theological Journal 59 (1997), p.246

**دەرکەوتەکان دووپاتکردۆتەوە[1]، بەتلیمۆس لە سەدەی دووەمی پێش زاین لەسەر بنەمای بینراو و بەڵگەی زۆرەوە، گۆیبوونی زەوی سەلماندووە[2].**

**هەروەک ئەوەی تێبینیمان کرد بۆچونی تەختبونی زەوی لە ١٢٠٠ساڵ پێش محەمەد باسکراوەو هەڵوەشاوەتەوەو گۆیبوونی زەوی جێگەی گرتۆتەوە، بەڵام محەمەد هێشتا (بەسروشتی نیمچە دوورگەی عەرەبیی) هەمان بۆچونی هەڵەی هەبووە.**

**دەگونجێت بڵێین کە ئاوابونێک و هەڵاتنێک هەبێ زەوی لەگەڵ زەوی گۆیی کە لە لایەکەوە خۆر دەجوڵێت، ئەمەیان لەگەڵیدا دەگونجێت.**

---

[1] Paul H. Seely, The Firmament and the Water Above, Westminster Theological Journal 53 (1991)

[2] Ptolemy. Almagest. pp. I.4. as quoted in Grant, Edward (1974). A Source Book in Medieval Science. Harvard University Press. pp. 63–4.

**بەڵام ئەم بۆچونە لەگەڵ ئایەتەکان و حەدیسەکانی سەرەوە یەکناگرنەوە، تێبینمان کردووە کە محەمەد لە قورئان و لە حەدیسدا لە کاتێکدا ئاوابونی خۆری بە ئەبو زەڕ وت کە خۆر لە قوڕاوێکدا ئاوا دەبێت، پێویستی ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئاوابونی خۆر لەسەرانسەری زەوی لەیەک کاتدا بێت و ئەم ئاوابونە لەیەک کاتدا لەهەموو شوێنێکەوە ببینرێت و ئەمە تەنها لە زەوی تەختدا دەگونجێت، ئەگەر زەوی گۆیی بێت هەر ناوچەیەکی جوگرافیی بۆ خۆی کاتێکی ئاوابوونی دەوێت, ئەگەرچی تاکەکانی ناوچەیەک دەیبینن خۆر ئاوا دەبێت بەڵام خۆر لە لای رۆژئاوای ئەو ناوچەیە هێشتا ئاوا نەبووەو هێشتا نەچۆتە ناو قوڕاوەکە، کە پێچەوانەی دێڕەکەی قورئانە کە خۆر لە ئاوابوندا دەچێتە ناو قوڕاوێکەوە**

**چونکە بۆ دروستی ئەم دێڕەی قورئان دەبێت لە هەموو جێگەیەک کاتێ خۆر ئاوا دەبێت، بچێتە ناو قوڕاوەکەوە، ئەگەر نا ئەم دێڕەی قورئان لەهەندێ جێگە ڕاستەو لەهەندێکی تر هەڵەیە، پاشان ئەگەر زەوی گۆیی بێت، هەڵاتن و ئاوابون, بوونی نیە و خۆرهەڵاتنەکان و خۆرئاوابونەکان گریمانەی زۆرمان هەیە کە ئەمانە لەگەڵ ئایەتەکانی سەرەوەدا یەک ناگرنەوە.**

**هەڵەی روونتر کە لەم ئایەتانەدا بەدەستی دەهێنین ئەوەیە لە لایەکەوە زەوی (چ گۆیی و چ تەخت) هەرگیز رۆژ بوونی نیە، واتە خۆر دەرناکەوێت، کە ئەمەش هەڵەیە.**

**ئایەتێکی تر کە دوپاتی دەکاتەوە زەوی تەختە و هەروەها دەریدەخات هەموو پێشنیارەکانی محەمەد هەستیی بووە:**

- النازعات: أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ ۚ بَنَاهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّاهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا ﴿٢٩﴾

**واتە: ئاخۆ چێکردنی ئێوە دژوارترە یان ئەو ئاسمانەی ئەو دروستی کردووە؟، قەوارەی بەرز کردەوە و کەباری برد، شەوەکەشی تاریک کرد و چێشتەنگاویشی لێ دەرخست.**

**هەرسێ ئایەتەکەی سەرەوە هەڵەن، لەسەرە بوونی بنمیچی ئاسمان پێشتر ڕوونمان کردەوە و لە بایەتی ٢٧یش لەجێگەی خۆیدا ڕوونی دەکەینەوە، بەڵام ئاسمان لەشەودا تاریکە واتای چییە؟ سەرنج بدە لەکاتی شەودا تەنها لەلایەکی زەوی کە پشتی لەخۆرە قوچەکێکی ڕووناکیی بونی هەیە، پاشماوەی جێگەکانی تری کەون بۆ نمونە شوێنێک کە مانگ یان**

**خۆر یان ئەستێرەکانی تر سیستەمی خۆر بوونی هەیە، شەو هیچ مانایەکی نیە، لەبەرئەوە شەو تەنها لە لایەکی زەویە نەک لە ئاسمان، بەدەربڕینێکی تر شەو تەنها لە وابەستە بەئەستێرەکانی کە لەدەوری خۆر بخولێنەوە مانای هەیە نەک لە پانتایی ئاسمان، ئەم ئایەتە دوپاتی بۆچونی محەمەد دەکاتەوە کە زەوی تەختەو لەسەروو ئەوەوە حەوت ئاسمان بوونی هەیە و هەڵبەتە داکشانی خۆر لەناو قوڕاوێکدا دەبێت تەواوی ئاسمان تاریک ببێت، لەبەرئەوە ئایەتەکان هەڵەن و دووپاتی هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکاتەوە.**

**لە قورئاندا ٧ حاڵەتی هەڵاتن و ئاوابون، دوو حاڵەتی هەڵاتنەکان و ئاوابونەکان و ٣حاڵەتی هەڵاتنەکان و ئاوابونەکان (مشارق و مغارب – لەزمانی کوردیدا/سۆرانی کۆکردنەوەی دوو**

**شت یان زیاتر هەروەک یەکە، دەنا ئەو دووەم و سێیەم جیاواز دەبوون، واتە دووەم بۆ دوو شتەو سێیەم بۆ کۆی چەند شتێکە)، بوونی هەیە و هەموویان هەڵەن، روونە کە زەوی هەڵاتن و ئاوابونی راست نیە، نە یەکێک و نە دوان و نە چەند دانە، ئەگەر مەبەستی محەمەد لە هەڵاتن و ئاوابونی راستی بێت ئەوا هەموو ئایەتەکانی سەرەوە هەڵەو دژیەکن، لەکۆی ئەم ئایەتانەوە تەنها ئایەتەکانی ذوالقرنین لە حاڵەتی هەڵاتن و ئاوابونی راستی بێ پێچ و پەنایەو چەمکی هەڵاتن و ئاوابون و هەڵاتنەکان و ئاوابونەکان لە ئایەتەکانی تردا روون نیەو حەدیسی خودی محەمەد لەم بارەیەوە بوونی نیە، هەڵبەتە راڤەکاران و هەندێ لەهاوڵان(صحابە) لەوانە ئیبن عەباس بۆچونی جیاوازی هەیە وەکو هەڵاتنەکانی بە جێگای**

**جیاوازی دەرکەوتنی خۆر لە ڕۆژە جیاوازەکانی ساڵ و هەڵاتنەکان بە خۆرهەڵاتنی هاوین و خۆرهەڵاتنی زستان یا هەڵاتنی خۆر و مانگ ڕاڤەکردووە، کە لەنێوان ئەم ڕاڤەیەدا جیاوازی بوونی هەیە و وەکو بەڵگەی حەدیس (لەخودی محەمەدەوە) بۆ ئەوانە بوونی نیەو شیاوی باوەڕپێکردن نیە، بە هەمان بەڵگە ئایەتەکانی ذوالقرنین کە ئاوابونی واقعی باس دەکات ئێمەش ئەوەیانمان هەڵبژاردووە.**

## <u>حەوت زەوی</u>

**لەقورئاندا لەهەموو شوێنێک ناوی یەک زەوی بردووە، بەڵام لەجێگەیەکدا باسی حەوت زەوی کردووە:**

- اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ ﴿الطلاق ١٢﴾

**واتە: ئەو خودایە حەوت ئاسمان و وەک ئەوانەش زەمینی وەدیهێنا فەرمانی بەنێوانیاندا دێت و دەچێ، تابزانن خوا بۆ هەموو شت توانایە و زانستی خوا هەموو شتی دەورە داوە.**

**بەسەرنجدان لەوەی کە تێگەیشتنی راستی زەوی لەقورئاندا روون نیە بۆیە دەچینە لای حەدیس، محەمەد لە حەدیسێکی درێژدا حەوت ئاسمان و ماوەی نێوان بەهەمان شێوەی کەپێشتر گواستمانەوە، باسی دەکات و پاشان لە هاوەڵانی دەپرسێت:**

- ثم قال اتدرون ما هذا تحتكم قلنا الله ورسوله اعلم قال ارض اتدرون ما تحتها قلنا الله ورسوله أعلم قال

أرض أخرى أتدرون كم بينها وبينها قلنا الله ورسوله أعلم قال مسيرة خمسمائة عام حتى عد سبع ارضين ثم قال وأيم الله لو دليتم أحدكم بجبل إلى الارض السفلى السابعة لهبط(مسند احمد بن حنبل ٣٧٠/٢، سنن ترمذي ٤٠٤/٤٥، تفسير طبري ١٥٤/٢٨، تفسير الدر المنثور ١٠٩/١).

**واتە: پاشان (پێغەمبەر) وتی: ئایا دەزانن لەژێر ئێوە چی هەیە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، (پێغەمبەر)وتی: زەوی، ئایا دەزانن چی شتێک لەژێری ئەودا هەیە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن،(پێغەمبەر) وتی: زەوییەکی تر، ئایا دەزانن ماوەی نێوان ئەم زەوییانە چەندە؟ وتیان خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن،(پێغەمبەر) وتی: ماوەی ٥٠٠ساڵ،**

**بەهەمان ناوەڕۆک تا حەوت زەوی ژمارد و وتی: سوێند بەخوا ئەگەر کەسێک بەحەبلێک بڕواتە زەوی حەوتەم تێکدەشکێت.**

**بەتێڕوانین لە ئایەت و حەدیسی سەرەوە، حەوت زەوی چین چین بوونی هەیە کە هەڵەیەکی ئاشکرایە و ئەگەر کەسێک بڕوات بۆ زەوی حەوتەم تێکدەشکێت کە ئەمەشیان هەر هەڵەیە، لەڕاستیدا وێنەکردنی سەرەوەو خوارەوەی مرۆڤی سەرەتایی و محەمەد هەڵەن، مرۆڤی سەرەتایی گومانی دەکرد کە هەرچی بۆ لای خوارەوە بڕوات تێکدەشکێت، بەهەمان بەڵگە محەمەد گومانی کردووە کە ئەگەر کەسێک بۆ سۆراخی زەوی حەوتەم بڕوات ئەوا تێکدەشکێت، ئەگەر ئەم بابەتە راست بێت ئەو کەسانەی لە شوێنە جیاوازەکانی تری گۆیی**

**زەوین دەبێت تێکبشکێن واتە لە بۆشایی بێسنوردا ئازاد دەبن!.**

**لەپێش زەمانی محەمەدیش ئەفسانەی ئاوێتە لەئاین لە بارەی حەوت دنیای ژێرەوە بوونی هەیە، بۆ نمونە لە دینی هیندۆسیدا حەوت جیهانی باڵا(ئاسمان) و حەوت جیهانی ژێرەوە(UnderWorlds) بوونی هەیە[1]، بەهەمانشێوە لەیۆنانی کۆندا بوونی دنیای ژێرەوە باسکراوە[2]، هەر هەمان ئەفسانە لەلایەن محەمەدەوە هێنراونەتە ناو قورئانەوە.**

---

[1] Sushil Mittal, G.R Thursby, The Hindu world, 2004, Routedge New York

[2] Hesiod, Theogony, 116; 123-132

## شێوەی گشتی جیهان لەقورئاندا

**بەسەرنجدان لە هەموو ئایەت و حەدیسەکانی سەرەوە، جیهان لەبۆچونی محەمەددا حەوت زەوی تەخت چین چینەو لەسەرووی ئەم زەوییانەوە حەوت ئاسمانی نیوە گۆیی چین چین بوونی هەیەو لەسەرو ئەوەوە دەریایەک و لەسەروتر حەوت سابرین کە عەرش(تەختی پاشا)یان هەڵگرتووە و لەسەر رووی عەرش خودا جێگیر بووە، خودا لە سەر عەرشەکەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە فەرمان دەدات و جیهان بەڕێوە دەبات، هەروەک لەم ئایەتانەدا هاتووە:**

- اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ۖ مَا لَكُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا شَفِيعٍ ۚ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ يُدَبِّرُ الْأَمْرَ

مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥ السجدة ﴾

**واتە: ئەو خودایەی ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی لەناو ئەو دووەدا بە شەش ڕۆژ وەدیهێنا؛ پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دامەزرا، غەیرە ئەو گەورەو تکاکارێکتان نیە، دەسا بۆ بیرناکەنەوە، هەرچی کارە لەم ئاسمان و زەوییەدا پێکیدێنێ و لە ڕۆژێکدا هەڵدەکشێتەوە بۆ لای؛ کە بەپێی ژمارەی ئێوە هەزار ساڵە.**

– أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴿١٦﴾ أَمْ أَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ۖ فَسَتَعْلَمُونَ كَيْفَ نَذِيرِ ﴿١٧ الملك ﴾

**واتە: ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لەئاسمانە ترستان نیە، کە بەهەردا ڕۆتان بەرێ و لەپڕ زەوی بێتە لەرزین؟، ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لە ئاسمانە ترستان نیە، بایەکی توندی زیخ و چەوتان لێ هەڵبکا؟ ئەوسا زوو پێدەزانن هەڕەشەی من چۆن بووە.**

**دەزانین کە هەموو ئەمانە ئەفسانەیە و پێچەوانەی زانیاری ئێمەیە لەبارەی جیهانەوە، ئەمانە تێکەڵەیەکە لەبۆچونەکانی بەتلیمۆس و ئەفسانەکانی کە باو بوون لە سەردەمی محەمەددا، بۆ نمونە ئەگەرچی بەتلیمۆس زەوی بەگۆیی دەزانێت, بەڵام وێنەکردنی ئەم بابەتە بۆ عەرەبە دەشتەکییەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبیی سەخت بووەو وەک دیارە ئەوان تا ئێستاش زەوی بە تەخت دەزانن، هەرچەندە ئێمەش ئەگەر لە نیمچە دوورگەی عەرەبی ژیان**

**بکەین و لە زانستی ئەمڕۆ بێبەش بین، سادەترین شێوەی زەوی بۆمان شێوەی تەختە و ئاسمانیش نیوە گۆیی و ڕوونە، کە ئەستێرەکان چرای ڕووناکی بە ئەوەوە نوساون، کتومت ئەمە وێنەکردنی خامی سەرەتاییە کە لە یۆنانی زۆر کۆن(هەروەکو پێشتر باسمانکرد) بوونی هەبووە، هەمان تێڕوانینی سەرەتاییە کە لەقورئاندا بوونی هەیە، ئایا ئەم هەموو هەڵەیە دەکرێت لەلایەن خوداوە بێت؟**

## دروستکردنی جیهان لەشەش یان هەشت ڕۆژ ؟

**دروستکردن لەشەش ڕۆژدا: لەقورئاندا حەوت ئایەتی دروستبوونی جیهان لە شەش ڕۆژدا باسکراوە، لەوانە:**

– اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ ﴿ السجدة ٤﴾

**واتە: ئەو خوایەی ئاسمان و زەوی و هەرچی لەناو ئەو دووەدا بەشەش ڕۆژ وەدیهێنا؛ پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی(عەرش) خۆی دامەزرا.**

**بەپێچەوانەی ئایەتەکانی سەرەوە لە سورەتی (فصلت) ئایەتەکانی ٩–١٢ دروستکردنی جیهانی بە هەشت ڕۆژ باسکردووە.**

**<u>دروستکردن لە ٨ ڕۆژدا</u>: فصلت ٩–١٢**: قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ

لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾

**واتە: ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی کە بە دوو ڕۆژ ئەم زەوییەی وەدیهێنا حاشا دەکەن و هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەموو جیهانە، کەژ و کۆشی لە زەوی بەرزکردەوە و پیتی تێخست؛ هەر لەماوەی چوار ڕۆژاندا بۆ هەر کێ بژێوی دەوێ – بەیەکسانیی– بژێوی بۆ دابین کرد، پاشان ڕووی نا لەبەرزایی کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوان و بەزەوی گوت: خۆش یا ناخۆش، دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان: وا بەخۆشیی هاتین، ئەوسا کە حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا وەدیهێنا،**

**هەر ئاسمانەی فەرمانی کاری خۆی بۆ نارد، نزیکترین ئاسمانیش بە چرایان ڕازاندەوەو پاراستمان، خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە.**

**بەراوردی ئایەتەکانی سەرەوە لەبارەی دروستکردن(خەلق)ی زەوی لەدوو ڕۆژدا ئەنجام دراوەو جێگیرکردنی کەژەکان و دروستکردنی (گیا و ئاژەڵەکان و ئەوانیتر) لە ٤ڕۆژدا ئەنجام دراوەو دوو ڕۆژی تر دروستکردنی ئاسمانەکان درێژەی کێشاوە کە دەکاتە ٨ ڕۆژ، ئەمە هەڵە و بێ ئاگایی محەمەد نیشان دەدات، دوویاتی ئەوە دەکاتەوە کە قورئان کاری محەمەدە نەک خودا، چونکە ئەستەمە خودا هەڵە بکات و لەنێوان ڕستەکانیدا دژیەک هەبێت، ئەم دژیەکانە، ڕاڤەکاران توشی دەردەسەری کردووەو هەوڵیانداوە ناوەڕۆکی ئەوانە**

**بپۆشن، بۆ نمونە دەڵێن لەئایەتی ١٠ی سورەیی فصلت مەبەست لە ٤ ڕۆژ، ٤ ڕۆژی بەسەربارکردنی دوو ڕۆژی ئایەتی ٩یە، دۆزینەوەیەکی سەرسوڕهێنەرە! خودا دەڵێ کەژەکان و ڕۆژەکانی لە ٤ ڕۆژ دروست کردووە، ئەو بەڕێزانە دەڵێن مەبەستی خودا ئەوە بووە کە لەدوو ڕۆژدا دروستی کردووە، بەدواداهاتنی ئەم دوو ڕۆژە لەگەڵ دوو ڕۆژی ئایەتی پێشتر دەبێتە ٤ڕۆژ.**

**یەکەم: کە ئەم ڕەوشە بەتەواوی پێچەوانەی ڕەوشی زانیاری ڕاستی باوە لەنێوان عەقڵانییەکان.**

**دووەم: ئەگەر مەبەستی خودا ئەمە بووە، مەگەر زمانی نەبووە کە خۆی بۆ نمونە بڵێت "لەگەڵ دوو ڕۆژی پێشوو دەبێتە ٤ڕۆژ" کە ئەمەی نەگوتوە. سێیەم: لەئایەتی ١١دا دەبێت**

**لەجێگەی دوو رۆژ ٦رۆژ بەکاربهێنێت تا چۆنێتی زانیاریی ژمارەکان لە هەر سێ ئایەتەکە هەماهەنگ بێت، ئەمەشی نەکردووە، سەیرکەن ئەم داپۆشینە سەرسوڕهێنەرەی راڤەکاران، مانای ئایەتەکان بە چ رۆژێک پاساوداوە، دەڵێن: لە ئایەتی ٩ مەبەست لە دوو رۆژ ٢ رۆژی واقعییە لە دروستکردنی زەوی درێژەی کێشاوە، لەئایەتی ١٠ مەبەست لە ٤رۆژ ٢رۆژی واقعییە لەگەڵ ٢رۆژی پێشتر و دووبارە لە ئایەتی ١١ مەبەست لە دوو رۆژ ٢رۆژی واقعییە بەبێ زیادکردنی بۆ ئەوەی پێشتر، بێچارە خوایەک کە محەمەد ناساندویەتی، خوایەکی سەرسوڕهێنەرە کە ناتوانێت سێ ژمارە بەشێوەی گونجاو و شایەنی تێگەیشتن و بێ لێڵی بخاتە روو، پێویستە مرۆڤە لاوازەکان بەهەزار دەردەسەریی**

**کێشەکانی قسەی ئەو راستبکەنەوە، نەخێر! ئەستەمە خودا ئەوەنە نەزان و لاواز بێت، ئەوانە قسەی محەمەدن کە هەڵەبوونی ئەوانە سروشتییە وەکو قسەی هەر مرۆڤێکی تر.**

**بەڵام سەرچاوەی ئەم ٦رۆژە لە کتێبی دروستبوون(خلق)ی تەوراتە بەگریمانەی زۆرەوە محەمەد ئەوەی لە تەوراتەوە وەرگرتووە.**

**ئایا مەبەست لە ٦ رۆژ چیە؟ ئاشکرایە کە ئەمە هەڵەیەکی روونە، ئەمڕۆ دیاریکراوە کە تەمەنی کۆمەڵەی خۆر کە بەڕێژەیی دەکاتە چەندین ملیارد ساڵ نەک ٦رۆژ، راڤەکارانی نوێ و رۆشنبیرانی ئاینیی بۆ دەربازبوون لەم هەڵە ئاشکرایە، مانای رۆژیان گۆڕیوەو دەڵێن مەبەست لە رۆژ، شەش سوڕی زەمانیە.**

**یەکەم: ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە مەگەر خودا**

**خۆی نەیتوانیوە کە بەجێگەی ڕۆژ چەمکی سوڕی زەمانیی بەکارببات؟**

**دووەم: هەروەکو لە پێشەکیدا ڕوونکراوەتەوە ڕێگەی ڕاستی تێگەیشتن لە ئایەتە ناڕوونەکان، دەبێت بگەڕێینەوە سەر حەدیسی خودی محەمەد نەک خەیاڵپڵاوی، ئێستا سەیر دەکەین بزانین لەحەدیسدا چی هاتووە:**

- سئل رسول الله في كم خلقت السماوات والأرض قال خلق الله أول الأيام الأحد وخلقت الأرض في يوم الأحد ويوم الإثنين و خلقت الجبال وشقت الأنهار وغرس في الأرض الثمار وقدر في كل أرض قوتها يوم الثلاثاء ويوم الأربعاء ثم استوى إلى السماء وهي دخان فقال لها وللأرض ائتيا طوعا أو كرها قالتا أتينا طائعين فقضاهن سبع سماوات في يومين وأوحى في كل سماء أمرها" في يوم الخميس ويوم

الجمعة وكان آخر الخلق في آخر الساعات يوم الجمعة فلما كان يوم السبت لم يكن فيه خلق ( المستدرک على صحيحين ٤٨٩/٢، صحيح مسلم ٢١٤٩/٤، صحيح ابن حيان ٣٠/١٤، احاديث المختاره ٣٠٢/١٠، سنن نسائى ٤٢٧/٦، تفسير طبري ١٤٩/١)

**واتە: لەپێغەمبەریان پرسی: خودا لەچ ماوەیەکدا ئاسمانەکان و زەوی دروستکرد؟ پێغەمبەر گوتی: خودا یەکەمی ڕۆژەکانی یەکشەمەی بڕیارداوەو زەوی لە یەکشەمەو دووشەمە دروستکردووە، لەڕۆژی سێشەمە و چوارشەمە کێوەکانی دروستکرد و جۆبارەکانی قەڵیش کردوو لەزەوی میوەکانی چاندو ڕۆژی هەر ناوچەیەکی چارەبەش کردووە، پاشان ئاسمانی دروستکرد کە سەرەتا دووکەڵ بوو،**

**پاشان بەئەو و زەوی فەرمووو وەرن ملکەچ بن یاخود ڕەزامەند مەبن، هەردووکیان گوتیان بۆ گوێڕایەڵیی و ملکەچیی هاتوین، پاشان ئەوانی بەشێوەی حەوت ئاسمان لە دوو ڕۆژدا دروستکردو لە هەر ئاسمانێک کاری ئەوی وەحی کرد لە ڕۆژەکانی پێنجشەمەو هەینی، کۆتا دروستکردن لە کاتژمێری کۆتایی ڕۆژی هەینی بوو، چونکە بوو بەڕۆژی شەممە هیچ دروست نەکرا.**

**ئەگەر چی پەیوەندی ئافراندن لە لایەنی سەرەوە بە ڕۆژە تایبەتییەکان لە هەفتە، لەگەڵ حەدیسەکانی سەرەوە جیاوازیی هەیە، بەڵام هاومانای ڕۆژ و ڕۆژەکانی هەفتە هەیە لەنێوانیاندا، لەبەرئەوە ڕاڤەی ئەمڕۆ پێچەوانەی حەدیس بێت قسەیەکی بێ مانایە.**

**کەوابوو لەسەر بنەمای قورئان و حەدیس، خودا جیهانی لە ٦ڕۆژی هەفتە ئافراندووە، کە هەڵەیەکی تەواو ئاشکرایە.**

**تێگەیشتنی سەرەوە لەگەڵ قورئان و حەدیس هاوتایە، بەڵام ئێمە دوو بۆچونی گریمانەیی تریش تاقی دەکەینەوە، لەقورئاندا، ڕۆژ(یوم) بە سێ سەردەم هاتووە، ڕۆژی ئاسایی کە مرۆڤەکان دەیناسنەوە، ڕۆژ کە لەلای خودا هەزار ساڵ یان پەنجا هەزار ساڵە، سەرنج بدەن:**

- **ڕۆژی ئاسایی**: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿الجمعة ٩﴾

**واتە: ئەی گەلانی خاوەن باوەڕ! هەر کاتێ لە ڕۆژی هەینی بۆ نوێژی هەینی بانگ ئەدرێ، ئێوە بەپەلە بەرەو یادی خودا بچن و کڕین و فرۆشتن وێڵ بکەن؛ گەر بیزانن، ئەمە بۆ ئێوە خاسترە.**

- **<u>ڕۆژی هەزار ساڵە</u>:** وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿الحج ٤٧﴾

**واتە: تاقە ڕۆژێک لەکن پەروەرندە بەقەد هەزار ساڵە کە ئێوە حیسابی دەکەن.**

- يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿السجدة ٥﴾

**واتە: هەرچی کارە لەم ئاسمان و زەمینەدا پێکیدێنێ و لە ڕۆژێکدا هەڵدەکێشێتەو بۆ لای؛ کە بەپێی ژمارەی ئێوە هەزار ساڵە.**

- **<u>ڕۆژ پەنجا هەزار ساڵە</u>:** تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿المعارج ٤﴾

**واتە: فریشتەکان و جوبرائیل لە ڕۆژێکا بەرەو ئەو پێهەڵا دەچن، کە ڕێی پەنجا هەزار ساڵە.**

**<u>ئەنجام: لەدەستپێکی ئەفراندن زەوی(بە بەشەکانیەوە: کێو و ڕووبار و گیاکان و ئاژەڵەکان و مرۆڤ و جگەلەو) تا کۆتایی ئەفراندن ئاسمانەکان ٦ڕۆژی هەفتە(بۆچونی هاوشێوەی حەدیس) یا ٦٠٠٠ساڵ(بۆچونی دووەم) یان ٣٠٠هەزار(بۆچونی سێیەم) درێژە دەکێشێت!؟ کە هەمووی هەڵەیە، ئەمڕۆ دەزانین</u>**

**که تەنها زەوی نزیکەی ٥ ملیارد ساڵ تەمەنێتی، تەمەنی گشتی جیهان تەقینەوە گەورەکە(بیگ بانگ) تا ئێستا نزیکەی ١٣/٣ تا ١٣/٩ ملیارد ساڵە[1].**

## زەوی لەپێش ئاسمان یان ئاسمان لەپێش زەوی ئافرێنراوە؟

## ئاسمانەکان پاش زەوی ئافرێنراوە:

**لە ئایەتەکانی سورەتی فصلت ٩–١٢ دەڵێت ئاسمانەکان پاش زەوی ئافرێنراوە، دووبارە سەرنجی ئایەتەکان بدەن:**

---

[1] Komastu, E.; Dunkley, J.; Notla, M.R.; Bennett, C.L.; Gold, B.; Hinshaw, G.; Jarosik, N.; Larsom, D. et al. (2009). “Five-Year Wilkinson Microwave Anisotropy probe Observations: Cosmological Interpretation”. *Astrophysical Journal Supplement 180:330.*

**فصلت ٩–١٢:** قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٩﴾ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴿١٠﴾ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَىٰ فِي كُلِّ سَمَاءٍ أَمْرَهَا ۚ وَزَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ﴿١٢﴾

**واتە: ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی کە بە دوو ڕۆژ ئەم زەوییەی وەدیهێنا حاشا دەکەن و هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە کە ڕاهێنەری هەموو جیهانە، کەژ و کۆشی لە زەوی بەرزکردەوە و پیتی تێخست؛ هەر لەماوەی چوار ڕۆژاندا بۆ هەر کێ بژێوی دەوێ – بەیەکسانیی– بژێوی**

**بۆ دابین کرد، پاشان رووی نا لەبەرزایی کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوان و بەزەوی گوت: خۆش یا ناخۆش، دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان: وا بەخۆشیی هاتین، ئەوسا کە حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژدا وەدیهێنا، هەر ئاسمانەی فەرمانی کاری خۆی بۆ نارد، نزیکترین ئاسمانیش بە چرایان رازاندەوەو پاراستمان، خاوەن دەسەڵاتی زانا بڕیاری ئەو کارەی داوە.**

**هەمان بابەت لە ئایەتی ژێرەوەش بوونی هەیە:**

– هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿البقرة ٢٩﴾

**واتە: هەر خۆیەتی هەرچی لە زەمیندا هەیە، بۆ ئێوەی بەرهەم هێناوەو ئەوسا پەرژایە بەرزایی و حەوت نهۆمی لێ دروست کرد، هەر ئەویشە ئاگای لە هەموو شت هەیە.**

**باوەڕی ئەفراندنی زەوی پێش ئاسمان لە تەورات کتێبی ئەفراندن باسکراوەو بەگریمانەی زۆر محەمەدیش ئەوەی لە تەوراتەوە وەرگرتووە.**

**دروست بەپێچەوانەی ئایەتەکانی پێشوو، لە ئایەتەکانی ٢٧–٣٣ سورەتی النازعات دەڵێت کە ئاسمانەکانی پێش زەوی ئەفراندووە، سەرنج بدە:**

**<u>ئاسمان پێش زەوی دروست بووە؟!:</u>**

– النازعات: أَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ السَّمَاءُ ۚ بَنَاهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا

فَسَـــــــوَّاهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَـــــــشَ لَيْلَهَـــــــا وَأَخْـــــــرَجَ ضُحَاهَا ﴿٢٩﴾ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴿٣٠﴾ أَخْرَجَ مِنْهَا مَاءَهَا وَمَرْعَاهَا ﴿٣١﴾ وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا ﴿٣٢﴾

**واتە: ئاخۆ چێکردنی ئێوە دژوارترە یان ئەو ئاسمانەی ئەو دروستیکردووە، قەوارەی بەرز کردەوەو لەباری کرد، شەوەکەشی تاریک کرد و چێشتەنگاویشی لێ دەرخست، لەپاش ئەوە ئەم زەوییەی بەتلدانەوە پانکردەوە، ئاوی لێ هێنایە دەر و جێلەوەڕی لێ پەیدا کرد، کێوانیشی بە بتەوی لێ دامەزراند، بۆ کام و رەوا لێبوونی خۆتان و بۆ ئاژەڵیشتان.**

**لە ئایەتەکانی سورەتی فصلت دەڵێ کە زەوی و بژێوی و کەژەکان پێش ئاسمان ئافرێنراوەو لێرەدا دەڵێت زەوی و بژێوی(ئاو و مێرگ) و کەژەکانی لەپاش ئافراندنی ئاسمان هێناونیەتە**

**بوون، ئایا دەگونجێت ئەم دژیەکە روونە کاری خودا بێت؟ جارێک بڵێ زەوی پێش ئاسمان و جارێکی تر بڵێ ئاسمان پێش زەوی ئافرێنراوە؟!، نەخێر! قورئان دروستکراوی محەمەدە نەک خودا، مرۆڤ دەکرێت بەتێپەڕبونی کات قسەو گوفتاری پێشووی خۆی لەبیر بچێت.**

**سەرنجڕاکێشە کە هەردوو ئایەتەکانی سەرەوە هەڵەن, چونکە نە ئاسمان پێش زەوی و نە زەوی پێش ئاسمان هاتوونەتە بوون، هەروەک ئەوەی دەرکەوتەی زانستی نیشانی دەدات کە ئەستێرەکان لەکاتی وەدیهێنان، لەگەڵ و داوێنی کاکێشانەکان هاتونەتە بوون، پاش بیگ بانگ (سیر ایجاد) ئەستێرەکان و هەسارەکان دروستبوون، هەم پێش و هاوکات و دوای پەیدابونی زەوی، ئەستێرەو هەسارەی**

**زۆر شێوەیان گرتووەو دەگرن، لەبەرئەوە ئافراندنی ئاسمانەکان و پاش زەوی یان پێش ئەوان هەڵەیەکی ئاشکرایە کە لەو ئایەتانەدا هاتووە.**

**جیهان لەسەرەتای پەیدابونیەوە چ شێوەیەکی هەبووە؟**

– فصلت: ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ ﴿١١﴾ فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ ﴿١٢﴾

**پاشان رووی نا لەبەرزایی کە ئەوسا هەر تاریکان بوو، بەوان و بەزەوی گوت: خۆش یا ناخۆش، دەبێ بێنە بەر فەرمانم، گوتیان: وا بەخۆشیی هاتین، ئەوسا کە حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژدا وەدیهێنا.**

**لەئایەتی ١١دا دەڵێت کە ئاسمانەکان پاش دروستبونیان، (دخان) واتە دووکەڵ بوون، ئەمە هەڵەیەکی ئاشکرایە، چونکە بەگوێرەی دواترین تیۆری فیزیایی شێوەگرتنی جیهان لە بیگ بانگەوە دەستیپێکردووە، واتە لە سەرەتادا جیهان شتێکی زۆر چڕ لە وزە بووەو هیچ گەردیلەو گەردێک هێشتا دروستنەبوو، ئەم وزەیە بەشێوەی تەقینەوە وەکو دەستپێک پەرەی سەندووەو هێشتا کاکێشانەکان لە حاڵەتی دوورکەوتنەوە لەیەکترن[1]و[2] ، لەکاتێکدا دوکەڵی تێکەڵ لەگازەکانی مینۆکسید کاربۆن، دی ئەکسید کاربۆن و مۆلۆکۆڵەکانی**

[1] Peacock, John(1999). Cosmological Physics. Cambridge University Press.

[2] Wright, E.L.(9 May 2009). “what us the evidence for the Big Bang?”.
Frequently Asked Questions in Cosmology. UCLA, Division of Astronomy and Astrophysics.
Http://www.astro.ucla.edu/~wright/cosmology_faq.html#BBevidence. Retrieved 2009-10-16

**تێکەڵاو لە کاربۆن و مۆلۆکۆڵەکانی تر، دوکەڵ تەنها پاش شێوەگرتنی گیاکان و مادەکانی وەکو نەوت و سوتانی ئەوانە دەگونجێت کە تەنها کەمتر لە یەک ملیۆن ساڵی رابردوو لەزەویدا بونیان هەبێت، واتە نزیکەی ١٣ملیارد ساڵ پاش بیگ بانگ و زیاتر لە ٥ ملیارد ساڵ پاش پەیدابونی کۆمەڵەی خۆر.**

**بەڵام ئایا ئەم باوەڕە لەکوێوە هاتووە؟ بەمسۆگەری ناتوانین بڵێین بەڵام دەزانین کە ساڵ پێش محەمەد باوەڕی پەیدابونی جیهان لە لەمادەیەکی سەرەتایی بێشێوە (chaos) لە شارستانیەتی جیاوازی وەکو یۆنانی کۆن[1] لە میسری کۆن[2]، لە چینی کۆن[3]، و شارستانیەتە**

[1] Hesiod. Theogony, 116; 123-132

[2] Hans-Gebhard Bethge, Bentley Layton, Societas Coptica Hierosolymitana, Trans, “On the Origin of the World” The Nag Hammadi Library in English. New York: HarperCollins, 1990, 89-170

[3] Mair, Vicotor H.(1990).Tao Te Ching: The Classic Book of Integrity and the way, By Lao Tzu. Bantan Books. P-90

**کۆنەکانی تر[1] باسکراوە، ئەرستۆ نزیکەی هەزار ساڵ پێش محەمەد ئەو مادە سەرەتاییەی (Prima Materia) ناو ناوە، لەباوەڕی مادەی سەرەتایی بێشێوە، تا سنوری ڕاستیی بوون و باوەڕی مەعقولە، بەڵام محەمەد لەگواستنەوەی ئەم باوەڕە بۆ قورئان، ئەم باوەڕەی شێواندووەو بەجێگەی مادەی سەرەتایی بێشێوە، دووکەڵی بەکاربردووە، هەڵبەتە ئەمە هەڵەیەکی مرۆڤانەیە نەک خودا.**

## زەوی و ئاسمان لەسەرەتادا پێکەوە بوون

– أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا ﴿الأنبياء ٣٠﴾

[1] Myths and Relgion by Scott Leonard p-62

**واتە: ئاخۆ خودانەناسان ئەمە نازانن کە ئاسمانەکان و زەوی یەکپارچە بوون؛ ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن.**

**(رتق) واتە دوورینەوەی دوو شت پێکەوەو ڕێکخستنی دوو شت پێکەوە، لەبەرئەوە مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە زەوی و ئاسمان لە تەنیشتی یەکەوە یان پێکەوە نوسابون و پاشان خودا ئەوانەی لەیەکتر جیاکردەوە، ئایەتێکی تر کە مانای (رتق) ڕوونتر دەکاتەوە:**

- يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ ۚ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُ ۚ﴿الأنبياء ١٠٤﴾

**واتە: ڕۆژێ کە ئێمە ئاسمان لەچەشنی تۆماری کاغەز بۆ نوسینێ هەڵدەپێچین، هەروەکو پێشتر دروستمان کرد، دیسان سازی دەکەینەوە.**

**لەم ئایەتەدا دەڵێت لە ڕۆژی دوایی(قیامەت) ئاسمانەکان وەکو کاغەزی نوسین هەڵیدەپێچین، وەکو هەمان شێوەی پێشتر دروستمانکرد، واتە لە دەستپێکدا دروستبونی ئاسمانەکانیش چین چین بووە، سەرهەڵدانی ئافراندن لە ئایەتەکەی پێشوودا (الانبیاء٣٠) باسکراوە کە ئاسمان و زەوی بەشێوەی (رتق) بووە، لەنمونەی ئایەتی دووەمدا (کطی السجل) بەجوانی دەتوانیت تێبگەیت کە مانای رتق جێگیربونی چینەکانی حەوت ئاسمانە کە لەڕووی یەکتر و لەرووی زەوی، چەسپاندنی ئاسمانەکان و زەوی لەگەڵ یەکتر لە سەرەتای دروستبونیان، باوەڕێکی ئەفسانەیی زۆر کۆنە کە تا چەند هەزار ساڵ پێش محەمەد بونی هەبووە، ئەم باوەڕە لە هیندۆسی[1] و بودایی[1] و**

[1] H.H Wilson the vishnu purana a system of hindu mythology and tradition Translated from the original Sanskrit and Illustrated by

**تائۆئیسم[2] و ئەفسانەکانی چین[3] و بابل[4] و میسری کۆن[5] و دواتریش لە تەوراتدا[6] بوونی هەیە، بەگریمانەی زۆر محەمەد ئەم باوەڕەی لە تەوراتەوە وەرگرتووە.**

**مانایەکی تری کە لەئایەتەکەی سەرەوە شایەنی تێگەیشتنە و لەلایەن هەندێ هاوەڵ باسکراوە کە ئاسمانەکان بەشێوەی یەکپارچە بوون و زەوییەکانیش یەکپارچە بوون و خودا لە ئاسمان حەوت ئاسمانی ئافراندووەو لە**

---

Notes Derived Chiefly from other Puranas, 1840; Calcutta, India; Punthi Pustak, 1972

[1] M. Walsh the long discourses of the Buddha, p-407:"On knowledge of Beginnings", Somerville, MASS, 1995.

[2] Bodde, Derk. 1961. "Myths of Ancient China", in Mythologies of the ancient world, ed. By Samuel Noah Kramer, pp.367-408.

[3] Myth and Religion by scott Leonard p-70

[4] Bottero, J. (2004). Religion in Ancient Mesopotamia. X. Chicago: University of Chicago Press.

[5] Hans-Gebhard Bethge, Bentley Layton, Societas Coptica Hierosolymitana, Trans. "On The Origin of the world." The nag Hammadi Library in English. New York: HarperCollins, 1990

[6] Genesis 1:1-2:3

**زەوی حەوت زەوی ئافراندووە، نەک ئەوەی ئاسمان و زەوی پێکەوە چەسپاندبێت.**

**قورئان لەئایەتێکی تردا بۆشی یان گەشەی ئاسمانەکان باس دەکات:**

– وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿الذاريات ٤٧﴾

**واتە: ئەم ئاسمانەشمان بەهێزی خودی خۆمان وەدیهێنا و بێسۆ پەرەشی پێدەدەین.**

**لەلایەنی مانای زمانەوانییەوە (موسعون) لە ڕاڤەکان و کتێبی حەدیس، سێ بۆچون باسکراوە.**

**یەکەم: بەمانای فراوانکردن کە لەنێوان ئاسمانەکان و زەوی فراوان کراوە کە لە چاوگی (سعە)ەوە وەرگیراوە.**

**دووەم: بەمانای توانا کە ڕەگەکەی لە (وسع)ەوە وەرگیراوە.**

**سێیەم: فراوانکردنی رزق بەناردنی باران لەئاسمانەوە (التسهيل لعلوم التنزيل ٤/٧٠، التفسير الكبير ٢٨/١٩٥، بخاري ٤/١٨٣٧)، شیاوترین مانا لەگەڵ دوو ئایەتی پێشتر بگونجێت فراوانبوونی نێوان زەوی و ئاسمانە کەواتە هەمان مانای ئایەتی ١٠٤ی الانبياء، کە خودا ئاسمان و زەوی لەیەکتر دوور خستۆتەوە.**

**فراوانکردن و دووبارە چونەوەیەک یان کۆکردنەوەی جیهانیش باوەڕێکی زۆر کۆنە، نمونە لە هیندۆسی[1] و بودابیدا[1] باسکراوە.**

[1] H.H Wilson the vishnu purana a system of hindu mythology and tradition Translated from the original Sanskrit and Illustrated by Notes Derived Chiefly from other Puranas, 1840; Calcutta, India; Punthi Pustak, 1972

**سەرنجڕاکێشە کە هەندێ لە پەرجوو داتاشێنەران پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ئەم ئایەتانە پەرجوو(معجزە)ن چونکە (بیگ بانگ)ی باسکردووە، بەو پێیەی قورئان وتویەتی ئاسمانەکان لەسەرەتادا دوکەڵ بووەو مەبەست لە دووکەڵ، گازە، هەروەها دەڵێن ئاسمان و زەوی یەک بوون و لەیەکتر جیا بوونەتەوە و هەروەها دەڵێن کە جیهان لەحاڵەتی فراوانبووندایە، ئەوانە نیشانی دەدەن کە قورئان تیۆریەی بیگ بانگی باسکردووە هەربۆیە پەرجووە، بەڵام بەمشێوە نیە و ئەم ئایەتانە هەمووی هەڵەن و لە ئەفسانەکانی پێشوو وەرگیراون، یەکەم بەهەمانشێوەی پێشتر باسمانکرد بەگوێرەی تیۆریەی بیگ بانگ، جیهان لە وزەی چڕ**

[1] M. Walsh the long discourses of the Buddha, p-407:"On knowledge of Beginnings", Somerville, MASS, 1995.

**دەستپێکردووە نەک لە دووکەڵ یاخود گاز، دووکەڵ لەکوێ و وزەی چڕ لەکوێ؟!!، دووکەڵ تەنها لە کەمتر لە یەک ملیارد ساڵی رابردوو دروست بووە واتە نزیکەی ١٣ملیارد ساڵ لەدوای دروستبوونی جیهان.**

**دووەم: هاوشێوەی تیۆریەی بیگ بانگ، زەوی لە وزەی پەتیی سەرچاوەی گرتووە، لەکاتێکدا لەقورئاندا تەنها ئاسمان لە دووکەڵ سەرچاوەی گرتووە.**

**سێیەم: هەروەک ئەوەی لەلاپەڕەکانی پێشوو بینیت لە ئایەتەکانی ٩و ١٠ باسکراوە کە خودا یەکەمجار زەوی ئافراندووەو پاشان ئاسمان، کە ئەمە پێچەوانەی تیۆریە و بەڵگەکانی بیگ بانگە، زەوی و ئاسمانەکان لەگەڵ بیگ بانگ دەستی بەپەیدابوون و گۆڕین کردووە.**

**چوارەم: لەقورئان ئاسمانەکان چین چینەو ئەمەش پێچەوانەی فیزیا و بیگ بانگە.**

**پێنجەم: لەقورئاندا ئاسمانەکان بەشێوەی پەڕەی نوسین یەکپارچەو بنمیچی هەیە کە لەڕوانگەی فیزیایی و تیۆریەی بیگ بانگ شتی لەو شێوە بوونی نیە.**

**شەشەم: لەتیۆری بیگ بانگ باسکراوە کە هەموو جیهان پارچەیەکی گەورەی وزە بووە, بەڵام قورئان دەڵێ کە ئاسمان و زەوی پێکەوە بوون، وەکو دوو پارچە کە پێکەوە دورابنەوەو هاوشێوەی نمونەی خودی قورئان وەکو تۆمارێک نوسراوەتەوە کە چینەکانی لەسەریەک جێگیر بووە کە ئەمەش پێچەوانەی بیگ بانگە.**

**حەوتەم: پێویستی فراوانکردن بەمانای قورئانیی ئەوەیە کە حەوت ئاسمانەکە لەیەکتر و لەزەوی دوور بکەونەوە، پێویستی ئەم فەرمانە ئەوەیە کە بۆ نمونە مەودای خۆر و مانگ کە هەریەکەیان لە ئاسمانێکن، لە زەوی زیادە، دەبێت کە ئەمەش پێچەوانەی بیگ بانگە، چونکە کاکێشانەکان لە یەکتر دوور دەکەونەوە نەک بەشەکانی یەک سیستەمی وەکو سیستەمی خۆر.**

**هەشتەم: چەمکی دەرکەوتنی جیهان بەتێگەیشتنی حەدیسی ڕاست(صحیح) کەپێشتر باسمانکردووە پێچەوانەیە:**

- قال (الرسول) أَتَدْرُونَ مَا اسْمُ هَذِهِ ؟ قُلْنَا : نَعَمْ ، هَذِهِ السَّحَابُ . فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : هَذَا الْمُزْنُ وَالْعَنَانُ ، أَتَدْرُونَ كَمْ بُعْدُ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ

؟ قُلْنَـا : لا . قَـالَ : فَـإِنَّ بُعْـدَ مَـا بَيْنَهُمَـا إِمَّـا وَاحِـدَةٌ أَوِ اثْنَيْنِ وَإِمَّا ثَلاثٌ وَسَبْعُونَ سَنَةً ، وَالسَّمَاءُ فَوْقَهَا ، كَذَلِكَ حَتَّـى عَدَّ سَبْعَ سَمَوَاتٍ ، وَفَـوْقَ السَّـابِعَةِ بَحْـرٌ ، إِنَّ مَـا بَـيْنَ أَسْـفَلِهِ وَأَعْـلاهُ كَمَـا بَـيْنَ السَّـمَاءِ وَالأَرْضِ ، وَعَلَـى ظَهْرِهِ الْعَرْشُ ، مَا بَيْنَ أَسْفَلِهِ وَأَعْلاهُ كَمَا بَيْنَ سَمَاءٍ إِلَى سَمَاءٍ ، وَاللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فَوْقَ ذَلِكَ.

**واتە: پێغەمبەر وتی (بەهاوەڵەکانی) ئایا دەزانن مەودای نێوان ئاسمان و زەوی چەندە ؟ وتمان خوداو پێغەمبەرەکەی ئاگادارن، وتی نێوانی ئەوانە بەپێ ٥٠٠ ساڵ دەبێت، هەر ئاسمانێک بۆ ئاسمانێکی تر(لەسەروو ئەو: گێڕانەوەی ئەبی داود)، بەپێ ٥٠٠ ساڵ دەبێت و ئەستوریی هەر ئاسمانێک ٥٠٠ ساڵ دەبێت، لەپاش ئاسمانی حەوتەم دەریایەکە لە رووبەرەکەیەوە تا کۆتایی بەرزییەکەی**

یەکسانە بەمەودای نێوان زەوی و ئاسمان، ئینجا لەسەروو ئەوەوە ٨ خرت (سابرین) لەکێویێکدا جێگیر کراوەو مەودای نێوان سم و ئەژنۆیان وەکو مەودای نێوان ئاسمان و زەوییە، پاشان لەسەروو ئەوانەوە (لەپشتیانەوە: گێڕانەوەی ئەبی داود) عەرش بوونی هەیە کە مەودای نێوان کۆتایی و سەرەوەی ئەو یەکسانە بە مەودای نێوان زەوی و ئاسمان، خودای گەورە لەسەر عەرشەکەی دانیشتووەو هیچ شتێک لەکردارەکانی مرۆڤ لە ئەو شارەوە نیە.

لەم حەدیسەدا محەمەد مەودای ئاسمانەکان لەگەڵ یەک بە ٥٠٠ ساڵ و ئەستوریی(گەورەیی) هەر ئاسمانێک ٥٠٠ ساڵ زانیوە، بەڵام بە تێگەیشتنی فراوان، مەوداکان بەردەوام لە

**فراوانبووندایە، بەدەربڕینێکی تر محەمەد بۆچونی پەرجوو داتاشەرانی قبوڵ نیە.**

**نۆیەم: گریمان کە هەموو بۆچونە زانستی و راڤەکانی سەرەوە چاوپۆشی لێ بکەین، هەروەکو ئەوەی پێشتر باسمان کرد، هەموو باوەڕەکانی پەیدابونی جیهان لە مادەیەکی سەرەتایی بێ شێوە (کە محەمەد لە گواستنەوەی بۆ قورئان ئەوەی شێواندووەو دووکەڵی باسکردووە) و هەروەها باوەڕی چەسپاندنی زەوی و ئاسمان پێکەوەو جیابونەوەی ئەوان لەلایەن خوداوە، زیاتر لە سێ هەزار ساڵ پێش محەمەد باسکراوەو باوەڕێکی نوێ نیە تاوەکو پەرجوو بێت.**

## بورجەکانی ئاسمان

**لەئەستێرەناسی کۆندا، بازنەیەکی گەورە کە خۆر بەدرێژایی ساڵ دەیبڕێت، بۆ ١٢بەش دابەشکراوەو بەئەوانە دەڵێن دوانزە بورجەکەو هەر بورجێک لەسەر بنەمای شێوەی فەلەکی کە بەئاراستەی ئەو دەڕوات، ناوزەند کراوە، ئەم بورجانە لەلایەن بەتلیمۆسەوە لە سەدەی دووەمی پێش زایین ناونراون، پێکدێن لە: گاوڕ، گا، دووانە، قرژاڵ، شێر، فەریک، تەرازوو، دووپشک، کەوان، گیسک، سەتڵ، نەهەنگ، هەڵبەتە مرۆڤی کۆن ئەم بورجانەی بەڕاست زانیوەو محەمەدیش بەهەمانشێوە بەراستی زانیوە و لە ئایەتەکانی خوارەوەدا دەڵێت کە خودا ئەم بورجانەی لە ئاسماندا جێگیر کردووە:**

– وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ ﴿الحجر ١٦﴾

**واتە: لەم ئاسمانەدا چەند بورجێكمان دروستكردووە و ڕازاندۆتەوە بۆ ئەوانەی سەیری دەكەن.**

– وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ ﴿البروج ١﴾

**واتە: سوێند بە ئاسمان كە بوورجەكانی هەیە**

**ئەم ئایەتە بەگریمانەی زۆرەوە لە قسەی شاعیری بەناوبانگی عەرەبی سەردەمی جاهیلی (قس بن ساعده الايادي) دەچێت كە دەڵێت "وسماء ذات أبراج " وەرگیراوە[1].**

[1] دلائل النبوه اثر حافظ بيهقى ١٠٨/٢

**ئاشکرایە کە ئەم ئایەتانە لەمرۆڤێکەوەیە نەک خودا، ئەگەرنا خودا دەیزانی کە ئەمانە گریمانەی هەڵەن کە بەزوویی ئاشکرا دەبن.**

## **رۆژ بەدوای شەودا وێڵە**

– يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا ﴿الاعراف ٥٤﴾

**واتە: بەشەو رۆژ دادەپۆشێ و رۆژیش بەلەز(بەپەلە) دەوکەوێتە شوێنی شەوێ.**

**لەراستیدا، رۆژ بوونی رۆناکییەو شەویش نەبوونی روناکییە، نەک شتێک وەک چادر دایپۆشێت، لەبەرئەوە داپۆشینی رۆژ لەلایەن شەوەوە هەڵەیە و بەهەمانشێوە نە شەو رۆژ دەخوازێت و نە رۆژیش شەو دەخوازێت، هەربۆیە لەم ئایەتەدا دوو هەڵەی ئاشکرا**

**هەیە، هۆکەی ئەوەیە کە محەمەد شەوی وەک فەرمانێکی هەبوو(شتێک لەواقعدا بوونی هەبێت) زانیوەو کارێکی تایبەتی بە ئەو سپاردووە، دەگونجێت بڵێن ئەمە لێکچواندنێکی شاعیرانەیە، بەڵام خودا ئەگەر لێکچواندن بکات ئەوا بەشێوەی راست و دروست دەیکات نەک هەڵە.**

## مانگ رووناکییە

– نوح: أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ﴿١٥﴾ وَجَعَلَ الْقَمَرَ فِيهِنَّ نُورًا وَجَعَلَ الشَّمْسَ سِرَاجًا ﴿١٦﴾

**واتە: ئاخۆ بە چاو نەتاندیوە چۆن خودا حەوت بەرزایی – توێ لەسەر توێ – ئافراندووە؟، لەناویاندا هەیڤی**

**تریفەدار(خاوەن شەوق و ڕووناکیی) کرد و خۆریشی کردە چرایەک.**

**لەم دوو ئایەتەدا لانیکەم دوو هەڵە هەیە.**

**یەکەم: مانگ ڕووناکیی نیە[1]، بەڵکو هەسارەیەکە لەشێوەی زەوی و تەنها ڕووناکیی خۆر پێچەوانە دەکاتەوە.**

**دووەم: ئایا مانگ ڕووناکیی حەوت ئاسمانە؟، هەموو کۆمەڵە(سیستەم)ی خۆری ئێمە زەڕەیەکی گچکەیە لەکاکێشانی ئێمەو کاکێشانی ئێمە یەکێکە لەملیارد کاکێشانەکان، خۆری ئێمە ئەستێرەیەکی ناوەندە لە ملیاردها ئەستێرەی کاکێشانی ئێمە، لەبەرئەوە مانگ لەکۆمەڵەی خۆردا بەشتێکی ڕووناکیی هەژمار ناکرێت، چ جای بگات بەوەی کە ڕووناکییەک**

---

[1] خواطر حول قرآن و محمەد، الختیار

**بێت بۆ هەموو بوون، سەرانجڕاکێشە بزانیت کە هەندێک لەموسڵمانان دەڵێن ئەم ئایەتە پەرجووە؟! لەبەر ئەم کارە "هن" کە راناو(جێناو)ی کۆیە، کە بەهەڵە بۆ مانگ کە تاکە گەڕێندراوەتەوەو پاشان راڤەیان کردووە کە "خودا لە مانگ رووناکیی دروستکردووە" باش کە چی؟ ئایا دەربڕینی رووناکیی جێگیر لەمانگدا کە دەتوانێت بەشێوەی تیشکدانەوە یان سەرچاوەگرتوو لە خۆی بێت، پەرجووە؟ ئاژەڵەکانیش دەزانن لەمانگدا رووناکیی هەیە، بەڵام لە راستیدا جێناوی <u>هن</u> کۆیە و بۆ ئاسمانەکان دەگەڕێتەوەو مانای ئەوەیە کە خودا مانگی لەنێوان ئاسمانەکان رووناکیی لێ جێگیر کردووە، واتە مانگ لەڕەگەزی رووناکییە، هەمانشێوە کە منداڵان بیردەکەنەوە، ئەمەش هەڵەیەکی ئاشکرایە،**

**ئەوە ئاکاری ڕۆحانییەکان و ڕۆشنبیرە دینیەکانن کە لەگەڵ گۆڕینی مانای قورئان و بەهەڵەدابردنی، هەوڵ دەدەن خەڵک فریو بدەن.**

## ڕۆژ, خۆر ئاشکرا دەکات

– **الشمس** : وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾

**واتە: سوێند بەخۆر و تیشکی، بەم هەیڤەش کە بەدوویدا دێ، سوێند بەو ڕۆژەش کە خۆری تێدا دەردەکەوێت**

**ئایا ڕۆژە کە خۆر نیشان دەدات (ئاشکر دەکات)؟ هەڵبەتە نەخێر، خۆرە کە لەکاتی دەرکەوتنی ڕۆژ دەبێتەوە، واتە قورئان**

**باسەکەی پێچەوانە کردۆتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی ئاشکرا و منداڵانەیە، چونکە منداڵان گومان دەکەن کە ڕۆژ دەبێتەوە خۆر ئاشکرا دەبێت و بۆیان سەختە کە تێبگەن خۆر دەردەکەوێت ڕۆژ پەیدا دەبێت.**

## شەو, خۆر دادەپۆشێت

– **الشمس** : وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا ﴿١﴾ وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا ﴿٢﴾ وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا ﴿٣﴾ وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا ﴿٤﴾

**واتە: سوێند بەخۆر و تیشکی، بەم هەیڤەش کە بەدوویدا دێ، سوێند بەو ڕۆژەش کە خۆری تێدا دەردەکەوێت، بەو شەوەش کە دایدەپۆشێ.**

**ئایا شەو خۆر دادەپۆشێت؟ نەخێر، جوڵەی زەوییە کە هۆی دەرنەکەوتنی خۆرە لە یەکلای زەوی یان شاردنەوەی خۆرە کە هۆی پەیدابونی شەوە، ئەمەش هەڵەیەکی ئاشکرایەو منداڵانەیە، چونکە منداڵان گومان دەکەن شەوە کە خۆر دەشارێتەوە، محەمەد وێنەیەکی هەڵەو منداڵانە یان سەرەتایی لە ڕۆژ و شەو هەبووەو لەبەرئەوە جگە لە ڕووناکیی، بەبونێکی سەربەخۆی داناوە، لەڕاستیدا ڕۆژ دەربڕینێکی ترە بۆ بوونی ڕووناکیی خۆر و شەویش دەربڕینێکی ترە بۆ نەبوونی ڕووناکیی خۆر، ئەمانە بوونێکی سەربەخۆیان نییە.**

## کڕنوش(سوجدە)ی سێبەرەکان

- وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَظِلَالُهُم بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ ۩ ﴿الرعد ١٥﴾

**واتە: هەرچی هەیە لە نێوانی ئەم ئاسمانانەو زەویدایە - خوانەخوایی - خۆیان و سێبەرەکانیان هەموو بەیانی و ئێوارانێ، گشتیان سوژدە بۆ خوا دەبەن.**

**لەم ئایەتەدا دوو هەڵەی ئاشکرا بوونی هەیە.**

**یەکەم: سێبەر مادەیەکی نەبووەو کڕنوشی ئەو بێ مانایە، وەک ئەوەیە کە بڵێی سفر فلان کار دەکات، نەبوونی تێگەیشتنی ئەم بابەتە لەلایەن عەرەبی دەشتەکی ١٤٠٠ساڵی پێشتر سروشتییە و هەمان بابەت دوپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەم ئایەتە دروستکراوی محەمەدە نەک خودا، کێشەی دووەم: ئەوەیە کە لە**

**ئایەتی ١٥ی سورەتی الرعد، دەڵێت سێبەرەکان ئەوانەی لە زەوی و ئاسمانن لە بەیانی و ئێوارەدا کڕنوش دەبەن، ئایا کاکێشانەکان سێبەریان هەیە؟، ئایا فریشتەکان (هەڵبەتە بە بۆچونی قورئان) سێبەریان هەیە؟، سێبەر تەنها لەو هەسارانە بوونی هەیە کە بەدەوری خۆردا بسوڕێنەوە، ئەم باسە دووبارە سەرنجی کورتبینانەی محەمەد بۆ جیهان پیشان دەدات کە لە دەوروبەری خۆی وەریگرتوون.**

## دروستبوونی شەو

– وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ ﴿ الأنبياء ٣٣﴾

**واتە: هەرخۆیەتی شەو رۆژی دروست کرد**

**هەڵەیە کە لەم ئایەتەدا بوونی هەیە ئەوەیە کە ئافراندنی داوەتەپاڵ شەو، شەو نەبوونی رووناکییەو هۆیەتی و ئافراندن بە فەرمانی نەبوونی داوەتەپاڵ، وەکو ئەوەی بڵێی خودا هیچی دروستکرد، کە هەڵەیە، لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن باسی دروستبوونی شەو کراوە[1].**

– تُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَتُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ﴿آل عمران ٢٧﴾

**واتە: شەو دەناو رۆژدا هەڵدەکێشیٚ، رۆژ دەخەیە ناو شەوەوە.**

**وەکو ئایەتەکەی سەرەوە چەندین جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە، هەمان کێشەی پێشوو لێرەدا بوونی هەیە، شەو (نەبوونی رووناکیی) شتێک نیە کە بە رووناکیی تێکەڵ**

[1] Hesiod. Theogony, 116; 123-132

**ببێت، بەدەربڕینێکی تر نەبوونی شتێک نیە کە ئەو بە بوونی تێکەڵ بکەیت، وەکو لەکاتی تاریک و ڕووناکیی بەیانیان، ڕاستیی ئەوەیە کە ئاستی ڕووناکیی(بوون) کەمە نەک ئەوەی بڕی تاریکیی لەگەڵ ڕووناکیی تێکەڵ بووبێت.**

– يُكَوِّرُ اللَّيْلَ عَلَى النَّهَارِ وَيُكَوِّرُ النَّهَارَ عَلَى اللَّيْلِ ﴿الزمر ٥﴾

**واتە: شەوێ دە ڕۆژی دەپێچێ و ڕۆژ دە شەوێ.**

**هەمان هەڵەی پێشوو لێرەدا دووبارە بۆتەوە، شەو شتێک نیە کە ڕووناکیی لەخۆیدا بپێچێتەوەو پێچاندنەوەی شەو بە ڕۆژ هەم بێ مانایە.**

– وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً ﴿الإسراء ١٢﴾

**واتە: شەو و ڕۆژمان بە دوو نیشانە نیشاندان: نیشانی شەومان داکوژاند، نیشانی ڕۆژیشمان کردە هۆی دیتنی.**

**دیسان هەمان هەڵە دووبارە بۆتەوە، چونکە تاریکیی ڕێکەوتێکی نەبووەو ناتوانێت نیشانەی هۆیەتی یان دروستبون بێت.**

**بەمشێوەیە کە شەو ڕێکەوتێکی بوون(وجود)ە لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، هەڵبەتە چاوەڕوان ناکرێت کەسێک لە نیمچە دوورگەی عەرەبی زەمانی محەمەد ئەم باسە فەلسەفییە تێبگات، هەڵبەتە محەمەد سەرنجی ئەم هەڵە دووبارەیەی نەداوە، بەڵام ناکرێت خودا تێنەگات، لەبەرئەوە ئەمانە وتەی محەمەدن نەک خودا.**

## **نەیزەک (ئەستێرەی کشاو) تیرێکە کە بۆ شەیتان و جنۆکە دەهاوێژرێت**

**لەم ئایەتانە باس کراوە کە ئەستێرەکان جگە لە جوانیی، بۆ پاراستنی ئاسمانی سەرەوەیە لە شەیتان، شەیتان کە گوێ دەگرێت بەنەیزەکی پرشنگدار ئامانجەکە دەپێکرێت.**

**- الصافات** : إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَىٰ وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ ﴿٨﴾ دُحُورًا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ ﴿١٠﴾

**واتە: ئێمە ئاسمانی نزیکمان بە ئەستێران ڕازاندەوە، لەگش شەیتانێ نافەرمانیشمان پاراست، [ئیتر] لە بالانشینان کۆڵە ناکەن و لە گش لاوە ڕاو دەنرێن، هەتا دووریان**

**بخەنەوەو هەمیشەش ئازاریان هەیە، مەگین ئەوەی – هەر لەپڕ – شتێ بڕفێنێ؛ ئەویش بڵێسەی گڕێکی شوێن دەکەوێ.**

**لەم ئایەتەی خوارەوەشدا بە ئاشکرایی دەڵێت ئەستێرەکان تیرگەلێکن بۆ شەیتانەکان.**

– وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ ۖ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ ﴿الملک ٥﴾

**واتە: ئێمە ئاسمانی دنیامان بە زۆر چرا ڕازاندەوە، کردیشمان بە کەرەستەی ڕاوەدوونانی شەیتانان، ئازاری گڕپەداریشمان بۆ ساز کردوون.**

**هەروەها لەم ئایەتانەی خوارەوەشدا ئەستێرەکان نەیزەکی پرشنگدار دەهاوێژن**

**– الطارق :** وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ ﴿١﴾ وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ ﴿٢﴾ النَّجْمُ الثَّاقِبُ ﴿٣﴾

**واتە: بەو ئاسمانە و بەوەی کە شەو خۆ رادەنێ، کو دەزانی ئەو شەوگەردە کامەیە؟، ئەستێرەکەی هەرەگەشە.**

**لەراڤەکردنی ئەم ئایەتەدا حەدیسێکی ڕاست ( صحیح) هاتووە:**

عن ابن عباس، قال بينما النبي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم في نفر من الأنصار، إذ رمي بنجم فاستنار، فقال النبي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم :ما كُنتم تقولون لِمثلِ هذا في الجاهليةِ إذا رأيتموهُ؟ قالوا: كنا نقول: يموت عظيم أو يولد عظيم، قال رسول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم :فإنهُ لا

يرمى به لموتِ أحد ولا لحياتهِ، ولكنَّ ربنا تباركَ اسمهُ إذا قضَى أمرًا سبحَ حملةُ العرشِ، ثمَّ سبحَ أهلُ السماءِ الذينَ يلونهمْ، ثمَّ الذينَ يلونهمْ حتى يبلغَ التسبيحُ أهلَ هذه السماءِ ثمَّ يسألُ أهلُ السماءِ السابعة حملة العرش: ماذا قال ربنا؟ فيخبرونهم، ثم يستخبر أهلُ كل سماء، حتى يبلع الخبر أهل السماءِ الدنيا، وتخطُف الشياطين السمع، فيرمونَ، فيقذفونهُ إلى أوليائهمْ(سنن الترمذي ٣٦٢/٥ ، تفسير الطبري ٣٧/٢٣).

**واتە: لەکاتێکدا پێغەمبەر لەناو کۆمەڵێک لەهاوەڵانیدا دانیشتبوو، ئەستێرەیەک دەرچوو، ڕووناکیی دروستکرد، پێغەمبەر وتی: لەجاهلیەتدا هەرکاتێک شتێکی لەم شێوەیان دیوە لەبارەیەوە چییان گوتوە؟ وتیان: ئێمە دەڵێین کەسێکی گەورە دەمرێت یان دێتە دنیاوە، پێغەمبەر وتی: بۆ مەرگ و ژیانی**

**کەسێک ناهاوێژرێت، بەڵام پەروەردگار هەر کاتێک بەرنامەڕێژی کارێک دەکات (قضى أمرا) هەڵگرانی عەرش پەسنی ئەو دەکەن، پاشان ئەهلی ئاسمان لەگەڵ ئەوانە پەسنی ئەو دەکەن تا دەگاتە ئەم ئاسمانە(ئاسمانی دنیا)، پاشان ئەهلی ئاسمانی شەشەم لە ئەهلی ئاسمانی حەوتەم دەپرسن خودای ئێوە چی گوت؟ پاشان هەواڵ بەوان دەدەن، دواتر ئەهلی هەر ئاسمانێک لەهەواڵەکە دەپرسن تا هەواڵ بەئەهلی دنیا دەگات و شەیتانەکان گوێ تەقی دەکەن(بەدزییەوە گوێ دەگرن)، پاشان بۆ ئەوانە دەهاوێژرێت و سەرکردەکەیان دەکرێتە ئامانج.**

**حەدیسەکەی سەرەوە ناوەڕۆکی ئایەتەکان دووبارە دەکاتەوە، لە کۆی ئایەتەکانی سەرەوە، دوو هەڵەی ئاشکرا بوونی هەیە،**

**یەکەم ئەوەی ئەستێرەکان هەمان نەیزەکە پرشنگدارەکانە کە زانراوە، دووەم ئەوەی کە دەڵێت نەیزەکە پرشنگدارەکان تیرگەلێکن کە لەکاتی گوێگرتنی شەیتانەکان (یان جنۆکە، لەئایەتی ٩ی سورەتی الجن) دەگیرێتەوە شەیتانەکان، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە دەزانین کە ئەستێرەکان گۆی ئاسمانیی رۆشنی هاوشێوەی خۆرن، کە بەسوتانی ناوەکیی گەرمیی و رووناکیی بەرهەم دەهێنن و پەیوەندییان بەنەیزەکی پرشنگدارەوە نیە، ئەوەی ئێمە بەناوی نەیزەکی پرشنگدارەوە دەیبینین وردە بەردی سەرچاوەگرتوو لە تەقینەوەی ئەو ئەستێرانەی کە لەبۆشایی(فەزا)دا بەپەرشوبڵاویی هەن، هەرکاتێک زەوی لەڕێڕەوی جوڵەیدایە لەم پارچە بەردانەی بەردەکەوێت، بەرکەوتنی بەردەکان لەگەڵ**

**بەرگەهەوای زەوی دەسوتێن و ڕووناکیی دروست دەکەن، کات و شوێنی بەرکەوتنی بەرگەهەوا لەگەڵ ئەم پارچانەدا شیاوی ژماردن و پێشبینی کردنە، لەبەرئەوە نە ئەستێرەکان نەیزەکن و نە نەیزەکیش بۆ لێدانی شەیتانەکان دەهاوێژرێت.**

**سەرنجڕاکێشە کە بزانیت ئەم باوەڕە خورافییە لە کاتی جاهلیەت لەلایەن خەڵکی کاهینەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بوونی هەبووە، بەشێوەی ئاشکرا یەکێک لەهاوەڵانی محەمەد دەڵێت: ڕۆژێک لەلای پێغەمبەر باسی کاهینەکان کرا، من وتم سوێند بەباوک و دایکم کەسێکم کە لەبارەی پاراستن و چاودێریی ئاسمان لە بیستنی شەیتان ئاگادار بووم، پاشان بەقسەی کاهینێک بەناوی (خطر بن**

**مالک) دەگێڕنەوە کە وتویەتی: نەیزەک بەردن بۆ دوورخستنەوەی شەیتانەکان دەهاوێژرێن[1].**

## کەژەکان(شاخەکان) زەوی لە لەرزین دەپارێزێت

- وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ ﴿الانبياء ٣١﴾

**واتە: لەسەر زەویش کەژو کۆمان وەدیهێنا؛ نەوەکا وەیانلەرزێنێ.**

---

[1] عيون الأثر في المغازي والسير، ابن سيد الناس

**لە چەند ئایەتێکی تر ( لقمان ١٠، النحل ١٥) هەمان رستە دووبارە بۆتەوە، ئەم تێگەیشتنە بەگریمانەی بەهێزەوە لە (قس بن ساعدة الايادي) شاعیری عەرەب، وەرگیراوە کە دەڵێت "وجبال مرساة"**[1]

**هەروەها لە ئایەتی تردا هاتووە کە کەژەکان(شاخەکان) بەمێخێکێک دادەنێت کە زەوی لە لەرینەوە(لەرزین) جڵەوگیر دەکات:**

- وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا ﴿النبأ ٧﴾

**واتە: (ئایـــا) کەژو چیاکـــانیش وەک مـــێخ دامانەکوتان؟**

**هەروەکو هەمان ئـایەتی سـەرەوە لە شـیعرێکی کۆنی جاهیلی (کعب بن لؤي**[2]**) هاتووەو نیشانی**

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ١٠٢
[2] البداية و النهاية لابن كثير، جزء ثاني باب كعب بن لؤي

**دەدات کە محەمەد ئەم رستەیەی لەو شیعرەی ئەوەوە وەرگرتووە.**

**هەروەها ئەو پیشان دەدات کە تێگەیشتنی مێخبوونی شاخەکان لە پێش محەمەد لە نیمچە دوورگەی عەرەبیی باو بووە.**

**بەڵام هەردوو ئایەتەکەی سەرەوە هەڵەن، یەکەم: شاخەکان وەکو مێخ نین کە رەگێکی داکوتاویان هەبێت لە زەویدا، بەپێچەوانەوە شاخەکان توێکڵی زەوین کە هاتونەتەدەرەوە، واتە تەواو پێچەوانەی مێخ، دووەم: چاڵ و چۆڵیی و شاخەکان ئەنجامی جوڵەکانی زەویە و شێوەیەکی لەجێگیربوون نیە و بە پێچەوانەوە لە هەرکوێیەک شاخەکان هەبێت ترسی بومەلەرزە زیاترە، ئەم باسە لە زەویناسیدا لەژێر ناونیشانیplate tectonic بەپێی توێژینەوەی واقیعیی دەبێت، توێکڵی**

**زەوی لە پارچەی گەورەی جیاواز دروست بووە کە لەباری جوڵەدان، لەشوێنی بەیەکگەیشتنی ئەم چینانە بومەلەرزە، گڕکان(شاخی ئاگرین) و کەژەکان دێنە بوون، لەبەرئەوە شاخەکان دەرکەوتەی ناجێگیریی زەوییە نەک جێگیرکردنی زەوی.**

## جێگیرکردنی شاخەکان (کەژەکان)

- وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ ﴿الغاشية ١٩﴾

**واتە: لەو کەژانەش کە چۆن وەها دامەزراوە؟**

**ئایا شاخەکان شتێکی جیاواز بوون لە توێکڵی زەوی کە خودا ئەوانی داناوەو جێگیری کردوون؟، نەخێر، شاخەکان چینی داخورانی توێکڵی زەوین نەک شتگەلێکی جیاواز.**

## خودا لە شاخەکانی ئاسمان تەرزە دەبارێنێت

- وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِن بَرَدٍ ﴿ النور
٤٣﴾

**واتە:[هەر خوداشە] لەو حەوایە و لەو کێوانە – کە لەوێدان – تەرزە دادەبارێنێ.**

**لەڕووخساردا چونکە تەرزە وەک بەرد بەستوو(جامد)ە محەمەد گومانی کردووە لەئاسمانیش شاخی بەفرین هەیە کە تەرزەکان وەکو وردەبەردەکان جیادەبنەوەو دەکەونە سەر زەوی، لەراستیدا هەڵەی لەم شێوە ئاشکرا جێگەی سەرسوڕمانە.**

# تێکەڵنەبوونی ئاوی سوێر و شیرینی دەریا

- وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴿الفرقان ٥٣﴾

**واتە: خوا کەسێکە کە دوو دەریای بە یەک گەیاند؛ یەکێ شیرین، یەکێ شۆر لەمپەرێک و بەرگرێکی زۆر ئەستووری لەنێوانیان بەدیهێنا [کە توخنی یەکتر نەکەون].**

- الرحمن: مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴿١٩﴾ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَّا يَبْغِيَانِ ﴿٢٠﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٢١﴾ يَخْرُجُ مِنْهُمَا اللُّؤْلُؤُ وَالْمَرْجَانُ ﴿٢٢﴾

**واتە: جەمسەری دوو دەیایانی گەیاندە یەک، بەرزەکێکیان لە نێواندا کە بەسەر یەکتردا نایەن، دەیسا ئێوە لە کام چاکەی پەروەرندەو**

**حاشـــا دەکەن؟، لە هەردووکیـــان مـــرواری و مەرجان دەردەچن.**

**لەئایەتەکـانی سـەرەوەدا پروپاگەنـدەی ئەوە دەکات دوو دەریای سوێر و شیرین بوونی هەیە کە پـێکەوە بەستراون بەڵام ئاوەکەیـان تێکەڵـی یەکتر نابن، یەکێک هەمیشە شیرین و یەکێکـی تر هەمیشە سوێرەو لە هەردوو دەریا مرواری و مەرجان راو دەکرێت، هەر سێ خـاڵی باسکراو هەڵەن، یەکەم: لەجیهانـــدا دەریـــای شـــیرین بـوونی نـیە، دووەم: دەکرێـت بڵـێن مەبەسـتی مـــحەمەد بەیەکگەیشـــتنی ئـــاوی رووبـــارە شیرینەکان و دەریـایە، لەم کاتەشدا دوو هەڵە روودەدات،١- رووبارە, دەریا نـیە, چـونکە ئەو هەردووکی بەدەریا ناوبردووە،٢- ئاوی شیرین و ســـوێر بەتەواوی تـــێکەڵ دەبـــن، ئەو پروپاگەنـدەیەی قورئـان کە دەڵـێ تـێکەڵ نـابن**

**هەڵەیە، ٣- لەئـــاوی شـــیریندا مـــرواری و مەرجان بوونی نیە تا راو بکرێن(دەربهێنرێن).**

**بەگریمـــــانەیەکی زۆرەوە مـــــحەمەد لە دەریاوانەکـــانی بیســـتووە کە لە شـــوێنی بەیەکگەیشتنی رووبار بە دەریا، ئـاوی شیرین و ســوێر لەتەنیشــت یەکەوەن، مــحەمەد ئەم باسەی بەباشی درک پێنەکردووەو بەم شێوەی هەڵەیە لەقورئاندا باسی کردووەو داوێتیە پاڵی خودا.**

## بیرکردنەوە لەلایەنی دڵەوەیە لەناو سنگدا

- أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ ﴿الحج ٤٦﴾

**واتە: ئاخۆ هێشتا بەزەویدا نەگەڕاون، تا ببنە خاوەن دڵان, تێبگەن یان گوێچکەگەلێ ببیسن؟ لەڕاستیدا چاو کۆر نابن؛ ئەو دڵانە کۆر دەبن کە جێیان لەناو سینەکانە.**

– وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعْلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمْ وَمَا يُعْلِنُونَ ﴿النمل ٧٤﴾

**واتە: پەروەرندەت لە هەر شتێ لە دڵیاندا و نهێنیەو لەهەر شتێ دەیدرکێنن، ئاگادارە.**

– يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَيَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ ۚ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴿التغابن ٤﴾

**واتە: هەرچی لەناو ئاسمان و زەمیندایە ئەو دەیزانێ؛ هەرشتێکیش بشارنەوەو ئاشکرا کەن، ئەو دەیزانێ و خودا لە نهێنی دڵان ئاگادارە.**

**لە ئایەتەکانی سەرەوەو زۆرێک لەئایەتەکانی تری قورئان و هەروەها لە حەدیسیش، بیرکردنەوە، ئیمان، هەستەکان و هاوشێوەکانی دراونەتە پاڵ دڵ، کە هەڵەیەکی ئاشکرایە، بۆ نمونە خەلیفەی چوارەم، عەلی دەڵێت: بەریشەکانی دەرونی مرۆڤ پارچە گۆشتێکی هەڵواسراوە کە گرنگترین ئەندامی ناوەوە ئەوەو ئەویش دڵە کە شتگەلی حیکمەت و شتگەلی دژی ئەو بوونی هەیە"(نهج بلاغه حکمت ١٠٥)، لە هیچ شوێنێکی قورئان و حەدیس تەنانەت ئاماژە بەمێشک وەک ناوچەی بیرکردنەوە نەکراوە.**

**ئەم هەڵەیە لەرابردووی مێژووی بەشەریی و لەتەواوی میللەتەکان باوبووە، لە رابردوودا مرۆڤ نەیزانیوە کە مێشک لەناو کەللەی سەر چ کارەیەو تەواوی دەرک و هەستی**

**گەڕاندۆتەوە بۆ دڵ، لە کاتێکدا دڵ ترومپایەکی سادەی دەمارییە، محەمەد هەمان هەڵەی لە نیمچە دوورگەی عەرەبیی وەرگرتوەو بەناوی خوداوە هێناویەتیە ناو قورئانەوە، ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە قورئان دروستکراوی محەمەدە.**

## زیندوکردنەوەی زەوی لەپاش مردن

**لەژمارەیەک ئایەتی قورئاندا هاتووە کە خودا زەوی دەمرێنێت(زەوی لە زستاندا)و لەبەهاردا زیندوی دەکاتەوە(گیا و بونەوەرە زیندووەکانی تر دروست دەکات)، نمونە:**

– وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ كَذَٰلِكَ النُّشُورُ ﴿فاطر ٩﴾

**واتە: هەر ئەو خودایە ئەو بایانە بەڕێ دەکا و ئەوانیش هەور دەبزوێنن؛ ئەوسا هەور دەکەونەڕێ بەرەو سەرزەمینێکی مردوو؛ زەوی مردوو بەوە زیندوو دەکەینەوە، هەروەها ژیانی پاشەڕۆژیش هەر ئاوایە.**

- يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿الروم ١٩﴾

**واتە: [خودا] زیندوو لە مردوو دەردەخاو مردوو لە زیندوو دەردێنێ، زەویش دوای ئەوەی مردووە، گیانی وەبەر دێنێتەوە؛ ئێوەش هەروا دێننە دەرێ.**

**لەکاتێکدا ئێمە دەزانین لە زستاندا تۆوی گیاکان و جرِ و جانەوەرەکان بونیان هەیەو زیندوون و لە بەهاردا لە هەلومەرجی گونجاودا**

**گەشە دەکەن، لەراستیدا گیا و گیاندارەکان لە خاکی مردوودا نایەنە بوون، ئەمە هەڵەی محەمەد نیشان دەدات کە نەیزانیوە بۆ نمونە تۆوی گەنم زیندووە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەقسەی محەمەدە نەک خودا.**

## ئایا هەموو بونەوەرەکان جووتن (نێرومێ)

- وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿الذاريات ٤٩﴾

**واتە: لەهەر شتێ جوتێکمان وەدیهێناوە؛ بەشکو بیری لێ بکەنەوە.**

**ئەم ئایەتە باسی ئەوە دەکات کە هەر شتێک لەجیهاندا هەیە بەشێوەی جووت (واتە نێرو مێ) دروست کراوە، کە هەڵەیەکی زۆر روونە،**

**ئایا فۆتۆن جووتە؟ ئایا زەوی جووتە؟ ئایا مانگ جووتە؟ ئایا خۆر جووتە؟ هەتا زۆرێک لە بونەوەرە زیندووی سادە بەبۆچونی تەواوکاریی(تکامل) جووت, بوونی نیە، بەکتریاکان و ڤایرۆسەکان کە زۆرترین و فراوانترین بوونەوەری زیندوون لە گۆی زەویدا کەچی جووت(نێرومێ) نین، ئەم تێگەیشتنە هەڵە لە مرۆڤێکی ئاسایی سەردەمی محەمەد تا ئاستێک شایەنی قبوڵکردنە، چونکە ئەو گیاندارانەی ئەوان لەبەرچاویان بوو هەموویان جووت(نێرومێ) بوون و زانیارییان لەبارەی بوونەوەرەکانی ترەوە نەبووە بەتایبەت میکرۆبەکان، محەمەد ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەی خۆی هێناوەتە ناو قورئان، هەڵەیەکی خراپ تری محەمەد ئەوە بووە کە نێرومێی داوەتە پاڵ هەموو بوونەوەران(گیاندارو بێ گیان).**

**کێشەیەکی تری ئەم ئایەتە ئەوەیە کە چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان نێرومێ و پەند وەرگرتن؟ ئایا ئەگەر بوونەوەرەکان جووت نەبن ناتوانین لەبارەی ئەوانەوە بیربکەینەوەو پەند وەربگرین؟**

## ئایا کاتی مردنی هەر کەسێک لەپێشتر بەشێوەی بڕاوە جێگیر کراوە؟

**لەقورئان و حەدیسدا دەڵێت کە کاتی مردنی هەرکەس لەپێشتر بڕیاری لەسەر دراوەو گۆڕانی بەسەردا نایەت، نمونە:**

– وَلَن يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْسًا إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا ۚ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿المنافقون ١١﴾

**واتە: هەرکەسێکیش وەختی مردنی هاتبێ، خوا هەرگیز وەدرەنگی ناخا، خودا لە هەر کارێ دەیکەن ئاگادارە.**

- هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَىٰ أَجَلًا ۖ وَأَجَلٌ مُّسَمًّى عِندَهُ﴿الأنعام ٢﴾

**واتە: ئەو خودایە کە ئێوەی لەقوڕ چێکرد و ماوەی ژینی بۆ دانان، ئەو کاتەشی بڕیار داوەو ناوی ناوە.**

- وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُّؤَجَّلًا﴿آل عمران ١٤٥﴾

**واتە: هیچ کەسێکیش بێ ئیزنی خودا نامرێ، کە مردنی هەرکەسێکیش وەختەکەی بۆ دانراوەو لای خودا نوسراوە.**

- يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ الْأَمْرِ مِن شَيْءٍ ۗقُلْ إِنَّ الْأَمْرَ كُلَّهُ لِلَّهِ ۗيُخْفُونَ فِي أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبْدُونَ لَكَ ۖيَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا ۗقُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمْ ۖ﴿آل عمران ١٥٤﴾

**واتە: دەیانگوت: ئاخۆ لەم کارە چیمان بۆ دەکرێ؟ بێژە: گش کار بەدەست خودان،ئەوانە نهێنی دڵیان لەلای تۆ ئاشکرا ناکەن؛ ئێژن: ئەگەر بە دەستە خۆمان بوایە، ئێمە لێرە نەدەکوژراین، بێژە: ئێوە ئەگەر لەماڵی خۆشتان بان، ئەو کەسانەی کوشتنیان لەسەر نوسراوە، دەهاتنەوە بەسەر عەرزا کەوتنی لاشەکانیان.**

**ئەم پروپاگەندە هەڵەیەو لەگەڵ پێشهاتەکانی ئەمڕۆدا ناگونجێت، خواردنی باش،**

**پاکوخاوێنی و دەرمان لەزیادکردنی ماوەی تەمەندا کاریگەریی هەیەو لەبەر ئەم بەڵگانەیە کە لەلایەنی درێژیی تەمەنی مرۆڤەوە بە پەیدابوونی زانستی نوێ دۆزراوەتەوە، ئەگەر مەرگ بەشێوەی بڕاوەو پێشتر نوسراوەتەوە، مرۆڤ پێویستی بە دەرمان و چاودێریی پاکوخاوێنیی نەدەکرد، ئەگەر نەخۆشێک چارەسەر کرا لە زۆر لایەنەوە، زیندوو دەمێنێتەوەو تەمەنی زیاتر دەکات، لەبەرئەوەیە کە خەڵکیی کاتێک نەخۆشن بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن و لە مەترسییەکان هەڵدێن و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان تێدەکۆشن.**

## ئایا لەجیهاندا کەموکورتی بوونی نیە؟

- الملک: الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِي خَلْقِ الرَّحْمَٰنِ مِن تَفَاوُتٍ ۖ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ ﴿٤﴾

**واتە: ئەو کەسەی حەو ئاسمانی چین لە سەر چینی ساز داوە، لە دەستکاری ئەو خوایەدا هیچ ناڕێکییەک نابینی، جارێکیتر تماشا کە! ئاخۆ قەڵشێکی تێدایە؟.**

**لەم ئایەتانەی سەرەوەدا هاتووە کە لە جیهاندا بەهیچ شێوەیەک دژیەک و عەیب و کەموکورتی نیە، موسڵمانان چونکە باوەڕیان وایە کە هەموو بەشەکانی جیهان لەلایەن ئافرێنەرێکی عاقڵ و زانا، دروستکراوە، لەبەرئەوە ناتوانن باوەڕ بکەن کە لەجیهاندا**

**عەیب و کەموکورتی بونی هەیە، چونکە کەموکورتی لەگەڵ زانا و حیکمەتی خودا ناگونجێت، گەیشتونەتە ئەوەی کە دەڵێن دروستکردنی جیهانێکی باشتر لەوەی ئێستا سەرناگرێت، بەڵام واقعی هەستپێکراوی شایەنی تێگەیشتن بۆ هەموان ئەوەیە کە جیهان پڕە لە جوانیی و کەماڵ و هاوکات پڕە لە جیاوازیی و کەموکورتیی، ئایا بەردەکان و ماددەی سەرگەردان لەبۆشایی بێسنوردا بوونی نیە؟ ئایا پێکدادانی هەسارەکان لەگەڵ یەک و هەڵوەشانەوەی هەسارەکان و ئەستێرەکان بوونی نیە؟ ئایا زیانەکانی ژیان لەلایەن تیشکی سەروو وەنەوشەیی خۆر دروست نابێت؟ ئایا ژیانی بونەوەرەکان لە ئەگەری هەڵەی ژینێتیکیدا نیە؟ ئایا سەرچاوەکانی تیشکدەر(رادیۆئەکتیڤ) و مادە کیماوییەکان و**

**تیشکە جیاوازەکان هۆکاری بازدانە بۆماوەیی مەرگبار یان کەموکورتی هێنەر لە بوونەوەرەکان زیندوو نابێتەوە؟ ئایا بومەلەرزەو تۆفان و جۆرەکانی ڤایرۆس و بەکتریاکانی نەخۆشیی بوونی نیە؟ هەزاران نمونەی تر، لەبەرئەوە ئایەتەکانی سەرەوە ناوەڕۆکەکەی یەکێکە لەدیارترین هەڵە زانستیەکان.**

## ئایا ئاو لە بەردەوە دێتە دەرەوە؟

**لەم ئایەتەی خوارەوە بەردی بە دڵی یەهودی بەراورد کردووەو دەڵێت دڵی ئێوە لە بەرد دروستکراوە هەروەک لە دڵی بەرد ئاو دێتە دەرەوە.**

– ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ۚ وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الْأَنْهَارُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ ۗ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿البقرة ٧٤﴾

**واتە: لەپاش ئەمەش بوونە دڵڕەقێکی وەها لە چەشنی بەرد؛ بگرە رەقتریش بوو لە بەرد؛ چونکە تەختەبەری وا هەن چەند جۆباری لەبەر دەڕۆن؛ هەمیشە ترەک – ترەک دەبێ و ئاوی لێوە فیچقە دەکا؛ هی واش هەیە لە ترسی خوا جاڵە(بەردی گلارەوەبوو لە کێو) دەبێ، خوا لە هەر کارێکی دەیکەن ئاگادارە.**

**روونە کە لەبەرد ئاو بەرهەم نایەت و ئاو لە نێوانی قڵیشەکانی بەردەوە تێپەڕ نابێت و ناچێتە دەرەوە، لەبەرئەوە ئەمە هەڵەیە و هەم**

**ئەو تێڕوانینەی کە لەڕاستیدا بەرد ئاوی هەیە، هەڵەیە.**

## دەست لێ وەشاندنی جنۆکە یان شەیتان

- الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ﴿البقرة ٢٧٥﴾

**واتە: ئەو کەسانەی نزوول(ریبا) دەخۆن، ڕاستبوونەوەیان لەو دنیا، وەک ڕاپەڕینی کەسێکە، شەیتان دەستی لێ وەشاندبێ.**

**پێشینان هەتا هەندێک لە هۆزە دواکەوتووەکانی ئەمڕۆ لەو باوەڕەدان کە نەخۆشییەکان بەتایبەت نەخۆشییە دەروونییەکان بەهۆی پەیوەندی یان چوونە ناوەوەی جنۆکە یان شەیتان بۆ ناو لەشی تاک**

**دروست بووە، محەمەد ئەم خورافەتەی هێناوەتە ناو قورئانەوە.**

## تاوتوێکردنی پروپاگەندەی پەرجووە زانستییەکان

- الرحمن: يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا ۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ ﴿٣٣﴾ فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٣٤﴾يُرْسَلُ عَلَيْكُمَا شُوَاظٌ مِّن نَّارٍ وَنُحَاسٌ فَلَا تَنتَصِرَانِ ﴿٣٥﴾

**واتە: ئەی گرۆی جنۆکە و مرۆ! گەر توانیتان لە گش ئاسۆی(گۆشە) عاسمانەکان و زەمینێ دەرباز ببن، دەسا بچن، ناشتوانن لێیان دەربچن مەگین بە دەستەڵاتەوە، دەیسا ئێوە لە**

**کام چاکەی پەروەرندەو حاشا دەکەن، گڕی بە دووکەڵ و بێدووکەڵی ئاگر داتاندەگرێ؛ ئەوسا کەس دە هاناو نایە.**

**پروپاگەندە کراوە کە تێپەڕین لە گۆشەکانی ئاسمان و زەوی بەمانای گەشت بۆ فەزایە، بێئاگا لەوەی لە ئایەتی دواتردا دەڵێت ئەگەر گۆشە ئاسمانەکان و زەوی دەربچیت، لەسەر سەرتان ئاگر و مسی داخکراو دەبارێت، ئایا کەشتیوانەکان کە لە گۆی زەوی دەچنە دەرەوە، هێرشی ئاگر و مسی داخکراویان دەکرێتە سەر و ئایا لەبۆشایی نێوان ئەستێرەکان، ئاگر و مسی داخکراو بوونی هەیە؟ منداڵانی ئەمڕۆ تێدەگەن کە ئەم پروپاگەندەیە هەڵەیە، ڕاستی بابەتەکە ئەوەیە کە دوو ئایەتی (٣٣و ٣٥) لە ناڕوونەکانی**

**قورئانەو مانای روون و بێ عەیب نادەن بەدەستەوە چ جای ببێتە پەرجوو.**

## پروپاگەندەی جوڵەی زەوی لەقورئاندا

– الملك: هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ ۖ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ ﴿١٥﴾ أَأَمِنتُم مَّن فِي السَّمَاءِ أَن يَخْسِفَ بِكُمُ الْأَرْضَ فَإِذَا هِيَ تَمُورُ ﴿١٦﴾

**واتە: ئەوە کە ئەم زەمینەی بۆ ڕام کردوون؛ شانەوشان تێیدا بگەڕێن و لە بژیوەکەی بخۆن، هەستانەوەش بۆ لای ئەو، ئاخۆ ئێوە لەو کەسەی لە عاسمانە ترسوو نییە، کە بە هەردا رۆتان بەرێ و لەپڕ زەوین بێتە لەرین؟.**

**(ذلول) بەمانای وشتری فەرمانبەر و راوارە، لەبەرئەوە دەڵێن بەکاربردنی ذلول لەچوارچێوەی زەوی مانای ئەوەیە کە زەوی لە حاڵەتی جوڵەدایە بەڵام راوارە، هەڵبەتە کەسانێک کە پاڵپشتی ئەم پەرجووە بوون بە ئانقەست (بەگریمانەی زۆرەوە) یا بەهەڵە چاوپۆشییان لەئایەتی دواتر کردووە، کە مانای (ذلول)ی دیاریکردووە، لە ئایەتی ١٦ دەڵێت خودا دەتوانێت ئەم زەوییە ڕام کراوە ژێر و سەر بکات و بە بومەلەرزە بیخاتە لەرزین، پاشان ڕامکردن لەبەرامبەر لەرزین(بومەلەرزە)دا هاتووە نەک جوڵەی جێگەیی یان گواستنەوەی زەوی.**

**هەمان پروپاگەندە بەپێکەوە بەستنی لەگەڵ ئایەتێکی تر لە قورئان باسکراوە، سەرنج بدەن:**

- النمل: وَيَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّورِ فَفَزِعَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَن شَاءَ اللَّهُ ۚ وَكُلٌّ أَتَوْهُ دَاخِرِينَ ﴿٨٧﴾ وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ ۚ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ ۚ إِنَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَفْعَلُونَ ﴿٨٨﴾ مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ خَيْرٌ مِّنْهَا وَهُم مِّن فَزَعٍ يَوْمَئِذٍ آمِنُونَ﴿٨٩﴾ وَمَن جَاءَ بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٩٠﴾

**واتە: ئەوێ ڕۆژێ دە کەڵەشاخ دەمێندرێ، هەرکەس لە عاسمانەکان و زەمیندایە ترسیان لێدەنیشێ و بە زەلیلی دێنە بەر بارەگای خودا؛ مەگین کەسێ کە بەر مەیلی خودا کەوێ، کێویشت وا دێنە بەر چاو، کە هەر نابزوون؛ کەچی وەک ڕەوینەوەی هەور دەڕەونەوە، ئەمەش دەسکاری خوداییکە هەموو شتی زۆر بە**

**چاکی چێکردووە، هەر ئەویشە لە کردەتان شارەزایە، هەر کەسێ چاکەیەک بکا، لەو چاتری دێتەوە ڕێ و لە مەترسی ئەوێ ڕۆژێ ئارخەیانن، هەر کەسێکیش کاری خراپی لێ ڕوودا، دەمەوڕوو دەخرێتە ئاگر.**

**ئایەتەکانی سەرەوە ڕووداوەکانی کە لە قیامەتدا ڕوودەدەن باس دەکات، لەوانەش جوڵەی شاخەکان، هەندێ لە پەرجوو داتاشێنەران ئەم ئایەتەیان لەپێش و پاشی جیا کردۆتەوەو ئەنجامگیرییان کردووە کە قورئان دەڵێت: هەر ئێستا نەک لە قیامەتدا کە شاخەکان وەکو هەورەکان جوڵە دەکەن، لەکاتێکدا هەموو ڕاڤەکاران ئەم ئایەتەیان پەیوەست بەقیامەتەوە زانیوە و هەر کەسێکی ئاسایی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتەکانی پێش و پاشی بخوێنێتەوە تێدەگات کە پەیوەستە**

**بەقیامەتەوە، سەرەڕای ئەوەش کۆتایی ئایەتەکە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئایەتەکە پەیوەستە بەقیامەتەوە، چونکە دەڵێت "[خودا] هەر ئەویشە لە کردەتان شارەزایە"، ئەگەر سەرەتای ئایەتەکە پەیوەست بێت بەجوڵەی زەوی، کۆتایی ئایەتەکە پەیوەندی بەسەرەتاوە نەبوو، بەڵام چونکە سەرەتا پەیوەندی بەقیامەتەوە هەیە لەگەڵ کۆتایی تەواو گونجاوە، هەروەها لە تەواوی قورئان و حەدیسدا بچوکترین ئاماژە بۆ جوڵەی زەوی نەکراوە.**

**ئەگەر ئایەتێک لە ئایەتەکان جیابکەینەوە ئایا بۆچوونی پەجوو داتاشێنەران ساز دەبێت؟ نەخێر، چونکە ئەگەر مەبەست لە بۆچوونی جوڵەی شاخەکان ئاماژە بەجوڵەی جێگەیی یان گواستنەوەی زەوی بێت، دەبێت بڵێت"**

**زەوی دەبینێت و گومان دەکەیت ڕاوەستاوە بەڵام لەجوڵەدایە"، چونکە لەراستیدا شاخەکان بەشێکن لەزەوی و لەم کاتەدا جووڵە پەیوەندی بە زەوییەوە نیە، گریمانەی دووەم کە باسی کردووە ئەوەیە مەبەستی جوڵەی چینەکانی توێکڵی زەوی پەیوەندی بەیەکەوە هەبێت لە زەویناسیدا باس کراوە، ئەم گریمانەیە کێشەیەکی جدیی هەیە کە جووڵەکانی توێکڵی زەوی بەگوێرەی سانتیمەتر لە ساڵدایەو بەهیچ شێوەیەک هاوچەشنی لەگەڵ جووڵەی هەورەکاندا نیە،ئەم چواندنە لەم ئایەتەدا زۆر نەگونجاوە.**

**جگەلەوە ئەگەر تەواوی کێشەکان بخەینە لاوە، بەڵام قورئان هەر پەرجووی نەکردووە، چونکە جوڵەی شوێن و گواستنەوەی زەوی لەلایەن Philolaus(سەدەی پێنجەمی پێش زایین – ۱۱۰۰**

**ساڵ پێش محەمەد)و Aristachus (سەدەی سێیەمی پێش زایین – ٩٠٠ ساڵ پێش محەمەد) باسکراوە[1].**

## پروپاگەندەی گۆییبوونی زەوی

**هەندێک لەپەرجوو داتاشێنەران دەڵێن ئایەتەکەی خوارەوە گۆیبوونی زەوی باس دەکات.**

– وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴿النازعات ٣٠﴾

**واتە: لەپاش ئەوە ئەم هەردەی بەتلدانەوە پان کردەوە.**

**فەرهەنگەکان و هەموو ڕاڤەکاران دەڵێن (دحی) بەمانای پانکردنەوە و فراوانکردن دێت،**

[1] بەپێی مێژووی ئەستێرە ناسی کەپێشتر باسمان کرد، پێداچوونەوەی بکە.

**پەرجوو داتاشێنەران بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە دەڵێن لە دحاها لە (دحیە) بەمانای هێلکە دێت واتە خودا زەوی وەکو هێلکە گۆیی دروستی کرد، ئەم کارەی پەرجوو داتاشێنەران مانای زمانەوانی و هەتا مانای ڕستەکانیش دەگۆڕێت تا بگەنە مەبەستی خۆیان،هەر کەس بیەوێت مانای زمانەوانی تێبگات بۆ کتێبی باوەڕپێکراوی فەرهەنگ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمانە مانای زمانەوانییان لەخۆیانەوە هێناوە.**

**بەڵام ئەم پروپاگەندەی هەڵەیەو پەرجوویەک لەئارادا نیە.**

**یەکەم: هەرچۆن پێشتر لەژێر ناونیشانی "زەوی تەختە" باسمان کردووە، ئەم ئایەتە هەماهەنگ لەگەڵ تەواوی ئایەتەکانی تر کە زەوی بەتەخت زانیوە.**

**دووەم: ئەم تێگەیشتنە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ چیرۆکی ذوالقرنین (پێشتر روونمان کردۆتەوە) لە بەشێوەی بێ پێچ و پەنا باسی تەختبوونی زەوی دەکات، سێیەم: گریمان قسەی ئەوانە قبوڵ بکەین، دیسان پەرجوو نیە, چونکە پێشتر فەیلەسوفی یۆنانی فیساگۆرس، ١٢٠٠ ساڵ پێش محەمەد گۆییبوونی زەوی باسکردووە[1]، هەروەها لە شیعری جاهیلیی پێش محەمەد مانای ئەم ئایەتە بەهەمان دەربڕین "دحاها" هاتووە.**

**زید بن عمرو شاعیری جاهیلی دەڵێت[2]:**

دحاها فلما استوات شدها

بأيد و ارسى عليها الجبالا

---

[1] بەپێی مێژووی ئەستێرە ناسی کەپێشتر باسمان کرد، پێداچوونەوەی بکە.
[2] سیرە نبوی لابن هشام باب شعر زید

**واتە: زەوی پان کردەوەو وەکو دروست بوو، ئەوی بەدەستی خۆی بەهێز چێی کرد و شاخەکانی لەسەر پتەو کرد.**

## پروپاگەندەی پێشبینی سەرکەوتنی ڕۆم بەسەر ئێراندا

– الروم : غُلِبَتِ الرُّومُ ﴿٢﴾ فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبِهِمْ سَيَغْلِبُونَ ﴿٣﴾ فِي بِضْعِ سِنِينَ ۗ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ ۚ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ ﴿٤﴾

**واتە: ڕۆمی شکان، لەنزیکتر کەوشەنی ئەم سەرزەمینە، لەدوای ئەم ژێرکەوتنەیان جارێتر سەردەکەونەوە؛ لەماوەی کەمتر لە دەساڵ، پێش ئەو شکانە و لە دوایەش، هەموو کار کاری خودایەو حەوێ ڕۆژێ باوەڕداران کەیفێ دەکەن.**

**ئێران و ڕۆم، دوو زلهێزی ئەو زەمانە، بەنزیکەیی بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ یەکدا لەجەنگدا بوون و سەرکەوتن و شکستی یەک لەدوای یەک لەهەردوو لاوە ڕووی دەدات، ئەم کارە ئاسایی بوو کە لایەک ئەمساڵ شکست بخوات و لەساڵی داهاتوودا یان چەند ساڵی دواتر سەربکەوێت، هەڵبەتە ئەم سەرکەوتن و شکستە بۆ هیچ لایەکیان بڕاوەو کۆتایی نەبووەو نەدەگەیشتە شکستی لایەنی بەرامبەر، تەنها شارەکان بوو کە دەست بە دەستی پێ دەکرا، بەمجۆرە هەر کەسێک دەیتوانی پێشبینی بکات کە ئەگەر ئەمساڵ ڕۆم شکست بهێنێت لە چەند ساڵی ئایندەدا سەردەکەوێت، محەمەد لە هەمان بابەت سودی وەرگرتووەو ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی (الروم)ی وتوەو پێشبینی کرد کە لەچەند (هەندێک = ٣-٩) ساڵ**

**رۆم سەردەکەوێت و موسڵمانان ئەمە بەپەرجوو دەزانن.**

**لەخوارەوە، ناونیشانی گرنگترین سەرکەوتن و شکستەکانی رۆم و ئێران لە شوێنەواری زەمانی محەمەدا باسمان کردووە[1]، بەم روونکردنەوە کە لە ساڵە وەبیرهاتووەکان و لەنێوان ئەوانە دەیان پێکدادان روویداوە کە پێشکەوتن و دواکەوتنی هەردوو لایان وەک یەک بووە، زانراوە کە سەرکەوتن بەشێوەی پەیوەست بەلایەنێکەوە بوونی نیە.**

**– ساڵی ٦٠٣زایینیی هێرشی فارسەکان بۆسەر رۆمەکان**

**– ساڵانی دواتر شکست و سەرکەوتنەکان لەهەردوو لاوە**

[1] The Official history of Heraclius' Persian campaigns "(in...The Roman Army in the East", edited by Edward Dabrowa.

**– ٦٠٧ شکستی Domenziolos سەرکردەی ڕۆم لەسەر دەستی فارسەکان**

**– ٦٠٩ تێکشکانی Edessa و مەرمەرە بەدەستی فارسەکان**

**– ٦١١ تێکشکانی Antioch و Emesa بەدەستی فارسەکان**

**– ٦١٢ سەرکەوتنی کاتیی ڕۆم لە Caeserea و ئەنتاکیەو لەدەستدانی بەشێک لە سیسیل**

**– سەرکەوتنی فارسەکان لە سوریا، فەلەستین، میسرو ئەفریقا**

**– ٦١٤ شکستی ئۆرشەلیم بەدەستی فارسەکان**

**– ٦١٦–٦١٧ داگیرکردنی میسر، ئەسکەندەریەو لیبیا بەدەستی فارسەکان**

**– ٦٢٣ شکستی Sahrbaraz سەرکردەی فارس بەسەر هیراکلیوس ئیمپراتۆری رۆم**

**– ٦٢٣ دابڕینی ئەرمەنستان لە ئێران لەلایەن رۆمەکان و لەدوای داگیرکردنی ئازەربایجان تا سنوری تیسفۆن**

**– ٦٢٥ هێرشی سێ سوپای فارس بۆ سەر رۆمەکان و بەدوای ئەو شکستەی سێ سەرکردەی فارس لەلایەن هیراکلیوسی ئیمپراتۆری رۆم**

**– ٦٢٦ تەوقکردنی درێژخایەن و سەرنەکەوتووی قوستەنتینیە لەلایەن فارسەکانەوە**

**– ٦٢٧–٦٢٨ شکستی فارسەکان و پێشڕەوی فراوانی سوپاسی رۆم لەقەڵمڕەوی فارسەکاندا**

**– ٦٢٩ رازیبونی ئاشتی لەلایەن فارس و گەڕانەوەی خاکەکانی ژێردەستی تا دەگاتە سوریا، فەلەستین و ئۆرشەلیم و میسر.**

**ئێستا دووبارە ئایەتەکە بەسەرنجدانەوە بیخوێنەوە، ئایا لەم روونتر دەتوانێت پێشبینی بکات؟ رۆمەکان سەرکەوتن، تا چ ئاستێک؟ لەکوێ؟ لە کام مێژوو؟ لەم کام خاکدا؟ دەڵێت لەسەر خاکی نزیک، نزیک لەکوێ؟ مەگەر ئەو خاکە ناوی نیە؟ هەمووی روون نیە، دووبارە دەڵێت رۆمەکان سەردەکەون تا چ ئاستێک؟ لەکوێ؟ لە چ کاتێکدا؟ دەڵێت ماوەی چەند ساڵی تر، دیسان هەمووی ناڕوونە، ئەگەر تۆ پێغەمبەریت چۆن وردو دروست پێشبینی ناکەیت؟ پێشبینییەکانی محەمەد هەروەکو پێشبینییەکانی فاڵگرەوەو کاهینەکانە، جملاتی سرهم می کنند و ئەوەندە**

**شتی ناڕوون و نادیاریکراوی تێدەئاخنێت کە بەشێکی ئەوانە لەگەڵ هەموو کەسێک دەگونجێت، بۆ نمونە دەڵێت:" تۆ ئارەزوی گەورەت هەیە، بەڵام بەدەستهێنانی ئەوانە هەوڵی تەواوی دەوێت، لەژیاندا سەختی زۆر ڕووبەڕووت دەبنەوە، کەسێکت خۆشدەوێ و هەوڵدەدەیت پێی بگەیت، دوژمنت هەیە بەڵام ئەوان ناتوانن زیانت پێ بگەیەنن، لەبەخیلەکان خۆت بپارێزە، سەرکەوتن چاوەڕێتە و..." ئەم دێڕانە لەگەڵ هەموو تاکەکەسێک لەهەر زەمان و شوێنێک دەگونجێت و تاکی بێئاگا و کەم هۆشیش باوەڕ بەوانە دەکات، محەمەدیش لەم لایەنەوە سودی وەرگرتووە، ئێستا ئێوە بڵێن کە "ڕۆمەکان شکستیان خواردووە"، بە کام یەکێک لە شکستەکانی ئەوان لە ساڵی ٦٠٣ تا ٦١٧**

**پەیوەندی هەیە؟ ،"ڕۆمەکان سەردەکەون"، پەیوەندی هەیە بەکام یەکێک لە سەرکەوتنەکانی ئەوان لە ساڵی ٦٢٣ تا ٦٢٩ ؟**

**محەمەد کێشەکە دروست دەکات و خۆی دوورەپەرێز دەگرێت، بەدڵنیایی هەمیشە ئەنجام لەلای موسڵمانان بەسوودی ئەوە، موسڵمانان بەهەمان شێوەی کە لە ڕستەکانی فاڵگرەوەکان، غەیب زانین دەردەهێنن، لە قسەکانی محەمەدیش پەرجوو دادەتاشن، دەڵێن محەمەد سەرکەوتنی ڕۆمەکانی پێشبینی کردووە ئەمە بۆ خۆی پەرجووە(موعجیزەیە)، لەکاتێکدا هەر کەسێک لەزەمانی محەمەد دەیتوانی هەروەکو بابەتێکی ئاشکرا لەسەر بنەمای ڕابردووی مێژوویی باس بکات، هەروەکو ئەوەی کە هەر کەسێک ئەمڕۆ دەتوانێت کەپێشبینی بکات لە هەفتەی**

**داهاتوودا تالیبان تەقینەوەیەکی گەورە ئەنجام دەدات و ژمارەیەکی زۆر دەکوژێت، ئەگەر ئەم جۆرە پێشبینییە تەواو بێت ئەوا هەموو خەڵک پێغەمبەرن، موسڵمانان دووبارە دەڵێن کە محەمەد دەڵێت لەچەند ماوەی چەند ساڵی تردا ئەم سەرکەوتنە بەدەست دێت، ئەمە پەرجووی دووەمە، ئێستا ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبنەوە کە چەند ساڵ نێوانی ٣-٩ساڵە، پاشان بەشێوەی دڵخواز شکست و سەرکەوتنەکانی هەڵدەبژێرێت کە مەودایان کەمترە لە ١٠ساڵ، لەسەر چ بنەمایەک؟ تا پەرجووەکە دەربهێنن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت پێومانێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی شکستێک و سەرکەوتنێک هەڵبژێرین، تەنها پێوەر، ڕزگارکردنی ئۆرشەلیمە، چونکە پیرۆزترین خاکە بۆ ڕۆمە مەسیحییەکان، لەدەستدانی ئۆرشەلیم لەلایەن**

**ڕۆمەکان لە ساڵی ٦١٤ و بەدەستهێنانەوەی دووبارە لە ٦٢٩، پاشان بڕیاری ئاشتییاندا، لەم کاتەدا مەودای نێوان شکست و سەرکەوتنی ڕۆم ١٥ساڵ دەبێت نەک ٣–٩ ساڵ، کە قورئان وا دەڵێت، دواتر لێرەدا محەمەد هەڵەی کردووە نەک پەرجوو.**

## __پروپاگەندەی دیاریکردنی کەمترین بەرزیی خاڵی زەوی__

**لەم دواییانەدا پەرجوویەکی تر لە ئایەتەکانی سەرەوە دەرهێنراوە، دەڵێن قورئان وتویەتی لە شکستی ڕۆم لە "ادنی الارض" ڕوودەدات، واتە لە کەمترین بەرزیی لەڕووی ئاستی دەریاوە، کەمترین بەرزیی خاڵی زەوی (بحر المیت)ە کە نزیکەی (٤٠٠مەتر لەخوار ئاستی**

**دەریاوەیە) لەسنوری فەلەستین و ئەردەن، شکستی ڕۆم لە کەنارەکانی دەریای مەیت ڕووی داوە، لەبەرئەوە محەمەد ١٤٠٠ساڵ پێشتر ئەمەی زانیوە کە کەمترین بەرزیی ناوچەی زەوی (بحر المیت)ە کە ئەمەش پەرجووە.**

**لێکۆڵینەوە لەم پروپاگەندەیە:**

**یەکەم: وشەی (ادنی) لە چاوگی (دنا) بەمانای نزیکە، (ادنی) بەمانای نزیکترەو تا ئەمڕۆش هاوەڵەکان و ڕاڤەکاران هەموویان ئەوەیان بەمانای نزیکتر زانیوە، لەقورئاندا لە بیست شوێن لەم وشەیە سود وەرگیراوە کە لە ١٨شوێن بەمانای نزیکە وەکو:**

- النجم: ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّىٰ ﴿٨﴾ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَىٰ ﴿٩﴾

**واتە: لەپاشا نزیک کەوتەوەو شۆڕەوە بوو؛ بەقەد ماڵی دوو کەوانان یا نزیکتر.**

**پاشان لە لایەکی ترەوە بەمانای کەتر(لەروانگەی ژمارەییەوە) هاتووە:**

- أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ﴿المجادلة ٧﴾

**واتە: ئاخۆ تۆ نەتزانیوە کە هەرشتێ لە عاسمانان و زەوی بێ، خوا دەیزانێ؟ هەتا سێکەس بەیەکەوە چپە بکەن، دیارە ئەو چوارەمینیانەو پێنج بن ئەو شەشەمینیانەو کەمتر بن و زێدەتر بن، کە هەر کوێ بن، ئەو هەمیشە لەگەڵیانە.**

**هەروەها لەلایەکی ترەوە کەمتر لەڕوانگەی بەهاوە هاتووە:**

- قَالَ أَتَسْتَبْدِلُونَ الَّذِي هُوَ أَدْنَىٰ بِالَّذِي هُوَ خَيْرٌ ﴿البقرة ٦١﴾

**واتە: گوتی: ئێوە خراپ بە چاک دەگۆڕنەوە؟ سەربەرەوژێر بچنە شارێک دڵخوازی ئێوە لەوێیە.**

**دووەم: گریمان کە گۆڕانی مانای زمانەوانی چاوپۆشی لێ بکەین و بپۆشین کە لەنێوان چەند شکستی سەرەوە، مەبەستی قورئان شکستی ڕۆم لە ئۆرشەلیم (بيت المقدس)ە، پاشان ناوچەی شکستەکە لە بحر الميت یان کەنارەکانی ئەو نەبووە بەڵکو لەئۆرشەلیم بووە کە بەرزییەکەی نزیکەی ٧٥٠مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزترە و کەمترین**

**ئاستی بەرزیی ناوچەی زەوی نیە، لەبەرئەوە جارێکی تریش ئەم پەرجوو داتاشینە هەڵخەڵەتاندنە.**

## پروپاگەندەی ئاماژەی قورئان بۆ ئۆکسجین

- فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ ﴿الأنعام ١٢٥﴾

**واتە: هەرکەسێ خودا حەز بکا، بۆ خۆی ڕێگەی نیشان دەدا و بۆ بڕوا بە ئیسلامەتی دڵی گوشادی دەداتێ؛ کێش حەز بکا گومڕای بکا، هێندە نەفەس تەنگی دەکا، وەک بەرەو ئاسمان سەرکەوێ.**

**لێکدانەوەی ئەم پڕوپاگەندە:**

**یەکەم: لەواقعدا بەم شێوە نیە؛ لەکەمبونەوەی ئۆکسجین، سنگ زیاتر دەکشێت, چونکە هەناسەدان قوڵتر دەبێت واتە سیستەمی ڕێکخستنی هەناسەدان لەگەڵ فراوانبوونی زیاتری سنگ و زیادبوونی ژمارەی هەناسەدان هەوڵدەدات کە هەوای زیاتر بۆ سییەکان رابکێشێت، هەروەکو چەند ساتێک هەناسەی خۆت ڕادەگریت و پاشان بەرەڵای دەکەیت، سەرنج دەدەیت کە سنگت لەکاتێکدا هەناسەت زیاتر بۆ سەرەوە دەچێت و بینگ(هەناسە هەڵمژین)ی قوڵتر لەگەڵ لەرەی بۆ سەرەوە زیاتر دەکشێت، لەبەرئەوە ئەم پەرجووە دەگۆڕێت بۆ دژی پەرجوو واتە ئایەتەکە پڕوپاگەندەیەکی هەڵەیە.**

**دووە: ئەوەی کە لەم ئایەتە هاوەڵان و ڕاڤەکاران تێگەیشتون ئەوەیە کە هەمانشێوەی کە ڕۆشتن بۆ ئاسمان ناگونجێت، باوەڕ پەیداکردن بۆ کەسێک خوای نەوێت ناکرێت کە مانایەکە لەگەڵ ئایەتەکانی تری قورئان هاوجۆرن، هەروەکو لە ڕاڤەی (الدر المنثور) لە (ابن عباس) گواستراوەتەوە:**

- عن ابن عباس ... كأنما يصعد في السماء يقول: كما لا يستطيع ابن آدم أن يبلغ السماء فكذلك لا يقدر على أن يدخل التوحيد والإيمان قلبه حتى يدخله الله في قلبه.

**واتە: وەک ئەوەی بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان، دەڵێت؛ هەروەک چۆن بەنی ئادەم ناتوانێت بگاتە ئاسمان، ئاواش توانای نیە ئیمان و**

**یەکتاپەرستی بکاتە دڵیەوە هەتا خودا نەیخاتە دڵیەوە.**

**ڕاڤەی تەبەری(طبري) و ڕاڤەکارانی تریش هەمان بۆچونە.**

**ڕاڤەی ابن عباس لەگەڵ دوو دەستە ئایەتی قورئانیی بەتەواوی یەکدەگرنەوە.**

**یەکەم: ئایەتەکانی کە هەمان وێکچوونی بەکاربردووەو ڕۆشتن بۆ ئاسمانی بە نەگونجاو زانیوە.**

**وەکو:**

- وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الْأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاءِ فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَىٰ ۚ فَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ ﴿الانعام ٣٥﴾

**واتە: ئەگەر تۆ لات گران دێ کە بە دەنگتەوە نەهاتوون، سا ئەگەر لە تواناتدایە، ڕەهۆڵێک(تونێلێک)ی لەم زەمینەدا بکۆڵە، یان پەیژەیەک کە پێی هەڵچی بۆ ئاسمان و بەڵگەیەکی پتەو بۆ ئەمانە بێنە [بڕوات پێ بکەن]، ئەگەر خوا خۆی مەیلی لێ با، هەموویانی شارەزای ڕاستەڕێ دەکرد، ئیتر ناشێ تۆ لە ڕیزەی نەزانان بی.**

- مَن كَانَ يَظُنُّ أَن لَّن يَنصُرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ فَلْيَمْدُدْ بِسَبَبٍ إِلَى السَّمَاءِ ثُمَّ لْيَقْطَعْ فَلْيَنظُرْ هَلْ يُذْهِبَنَّ كَيْدُهُ مَا يَغِيظُ ﴿١٥﴾

**واتە: کێ پێی وایە کە خوا لە دنیا و قیامەتیش دەهانای [پێغەمبەر] نایە، با بە پەتێک خۆی هەڵواسێ تا دەخنکێ؛ دە با بزانێ بەم فێڵە ئۆخەی دڵی دێ؟.**

**دووەم: ڕاڤەی ابن عباس لەگەڵ ئایەتەکانی کە هیدایەتدان پاش گومڕابوون لەلایەن خوداوە بەئەستەم دەزانێت، یەکدەگرنەوە، وەکو:**

- مَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَا هَادِيَ لَهُ ۚ وَيَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿الاعراف ١٨٦﴾

**واتە: خوا ڕێ لە هەرکەس بگۆڕێ، هیچ ڕێبەری دەس ناکەوێ، وازیان لێ دێنێ با هەر وا لەسەر بزێوی خۆیاندا سەرگەردان بن.**

- وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ ﴿الرعد ٣٣﴾

**واتە: هەر کەس خودا گومڕای بکا، هیچ کەسێ شارەزای ناکا.**

**مانای ئەم دوو ئایەتە نزیکەی ١٥جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە، لەبەرئەوە بەهۆی یەکگرتنەوەی تەواوی ئەو ئایەتەی لێی**

**دەکۆڵینەوە لەگەڵ ئایەتەکانی تری قورئان، ڕاڤەکاران هەمان بۆچونی ابن عباس بەڕاست دەزانن، کە هاوشێوەی ئایەتی لێکۆڵراو کە هەمانشێوە کە بۆ ئاسمان ڕۆشتن نەگونجاوە، هیدایەتی کەسێکیش کە خودا ئەوی گومڕای کردووە نەگونجاوە، لەبەرئەوە ڕاڤە بەکەمبوونەوەی ئۆکسجین ڕاڤەیەکی بێ پایەیە.**

**سێیەم: گرفتێکی تر کە دێتە پێش ئەم پڕوپاگەندەی پەرجووە ئەوەیە کە ئەگەر مەبەستی قورئان دەرخستنی پەرجوو بوایە، ئەوە بەس بوو کە بڵێت کە بۆ سەرەوە دەچین بەرەو ئاسمان! دووچاری کەمبونەوەی هەوا دەبین کە بۆ هەناسەدان پێویستە، مەگەر خودا ناتوانێت مەبەستەکەی خۆی بەڕوونی باس**

**بکات!، لەبەرئەوە بە بەڵگە باسکراوەکان بەم پەرجوو داتاشینە ناگەینە ڕێگایەکی ڕاست.**

## سووڕی ئاو

**تەواوی سووڕی ئاو بریتیە لە: ١- بەهەڵمبونی ئاو لەدەریاو پێکهێنانی هەور ٢- جوڵانی هەور لەلایەن (با)وە ٣- دابارینی باران لەهەورەوە ٤- گەڕانەوەی ئاو بۆ دەریا، دەڵێن کە تەواوی سووڕی ئاو لە قورئاندا باسکراوەو ئەمەش پەرجووە.**

**بەڵام لە قۆناغەکانی سەرەوە تەنها قۆناغی ٢و٣ لەقورئاندا باسکراوە:**

- وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ ۖ حَتَّىٰ إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ

الْمَاءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ الْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿٥٧﴾

**واتە: هەر خۆیەتی پێش بارانە – کە بەزەییەکە لە خواوە – بایەکانوو بە مزگێنی بۆ هەڵدەکا؛ کاتێ ئەو بایانە هەوری بارگرانیان بەرزەوە کرد، بەرەو وڵاتێکی مردوو دەیخەینە ڕێ و ئەوسا ئاوی پێدەنێرینە خوارەوەو بە ئاوەکەی هەموو جۆرە بەروبوومی زەمین دەڕوێنین، هەر بەم جۆرەش مردوو زیندوو دەکەینەوە؛ شایەت ئێوە بیر لەوانە بکەنەوە.**

**ئایەتگەلێکی هاوشێوە لەمانا لەقورئاندا زۆرن، بەڵام ئەوەی کە با هەورەکان جێگۆڕکێ پێدەکات و لە هەور باران دەبارێت کە مانایەکی روونەو مرۆڤە سەرەتاییەکانیش ئەوە دەزانن و پەرجوو نیە، هەتا لە دەورانی جاهلی (پێش**

**محەمەد) جوڵانی هەور لەلایەن (با)و دابەشکردنی هەورەکان لە ڕوانگەی باران بارین و نەبوونی هەیە[1]، لە قۆناغەکانی سەرەوە، قۆناغی ١ کە سەختترە و قۆناغی ٤ کە کەمێک وردی زیاتری دەوێت کە قورئان باسی نەکردووە هەتا قۆناغی ١ لە پەیمانی کۆندا هاتووە (نمونە لە عاموس ٨/٥) لەبەرئەوە پەرجوو نیە.**

## پڕوپاگەندەی ژمارە ١٩ لەقورئاندا

**لەساڵی ١٩٧٨ کەسێک بەناوی ڕەشاد خەلیفە، لەپێش یەکێک لەمزگەوتەکانی ئەمریکا، ئەنجامی هەژمارەکانی خۆی لەقورئاندا لەدوو توێی کتێبێکدا بڵاوکردەوە، لەسەر بنەمای**

[1] Quran: Visual presentation of miracle

**ئایەتەکانی خوارەوە باوەڕی وا بووە کە قورئان کۆدێکی شاراوەی ژمارە ١٩ی هەیە.**

- عَلَيْهَا تِسْعَةَ عَشَرَ ﴿٣٠﴾ وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا ۙ وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ ۙ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَٰذَا مَثَلًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ ۚ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَىٰ لِلْبَشَرِ ﴿٣١﴾

**واتە: نۆزدە فریشتەی لەسەرن، ئێمە جگە لە فریشتان، کەسمان نەکردۆتە کاربەدەستی ئاگر، بۆیەش ژمارەکەمان وا داناون تا خودا نەناسان بئەزمووین، تا ئەوانەی کە کتێبیان پێدراوە، هیچ گومانێکیان نەمێنێ، تا ئەوانەش بە باوەڕن، باوەڕیان لە زێدەیی بێ،**

**ئەو کەسانەش کە کتێبیان پێدراوە و باوەڕدارن، دوودڵ نەبن، تا ئەوانەی دەغزێکیان لە دڵدایەو ئەوانەی خودێ نەناسن بێژن: خودا لە نمونە نیشاندانە چەی ویستگە؟ ئاوا خودا هەرکێی بوێ گومڕای دەکاو کێی بوێ شارەزای دەکا، سەرباز پەروەرندەی تۆش – لەخوا بەدەر – کەس ژمارەیان نازانێ، باسی دۆزەخ هەر بەتەنیا بۆ بیرەوەری مرۆیە.**

**بۆ نمونە، ژمارەی سورەتەکانی قورئان ١١٤یە، کە لێکدرانی ژمارە نۆزدەیە، بسم الله الرحمن الرحیم، کە لەسەرەتای سورەتەکانی قورئانەوە هاتووە، نۆزدە پیتە، پڕوپاگەندەی زیاتریش، ئەم زانیارییانە لە یەکەم سەیرکردندا زۆر سەرنجڕاکێش و مایەی قبوڵکردنە، بەڵام راستی ئەوەیە کە هەر کەسێک دەتوانێت لەهەر دەقێکدا بەدوای باس و**

**نمونەی بیرکاریدا بگەڕێت، ڕەشاد خەلیفە لەراستیدا بە هەندێک کۆدی نۆزدە باوەڕی هەبووە، کە دەیخواست هەر شتێک لەقورئان لەم قاڵبەدا بگونجێنێت، یەکێک لەو لایەنانە ژمارەی ئایەتەکانی قورئان بوو، ژمارەی ئایەتەکانی قورئان ٦٣٤٨(لەگەڵ هەژمارکردنی بسم الله سەرەتای سورەتەکان) یەو دابەش نابێت بەسەر ژمارە نۆزدەدا، ڕەنگە ئەمە بتوانێت هێڵی پوچەڵکردنەوە بێت بەپێی کۆدی ژمارە نۆزدە لەقورئاندا، بەڵام لەدۆخی سەرنجڕاکێشاندا، ڕەشاد خەلیفە رایگەیاند کە دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی تەوبە بەشێک نیە لەقورئان و دەبێت لابدرێت، بەسڕینەوەی ئەم دوو ئایەتە، ژمارەی ئایەتەکانی قورئان دەبێتە ٦٣٤٦ کە دابەش دەبێت بەسەر ژمارە نۆزدەدا، ئەو هەڵەی تری قورئانی باس کردووە،**

**لەوانەش لەچوارچێوەی ئایەتی یەکەمی سورەتی القلم (ن) دەڵێت لەبنەڕەتدا ئەم ئایەتە بەشێوەی نون بووە، بەمجۆرە پڕوپاگەندەکانی ئەو تورەیی جیهانی ئیسلامی گرتەوەو تا ڕادەیەک کە بەشێک لە موفتییە گەورەکان حوکمی کافربونی ئەویانداوە و سەرئەنجام لەلایەن موسڵمانەکانی پاکستانەوە لە ساڵی ١٩٩٠ لە مزگەوتی تاکسان ئایروزنا بەچەقۆ کوشتیان، لایەنگرەکانی ئەو خۆیان بە "ڕادەستبوەکان" ناوزەند کردووەو ماڵپەڕی فەرمی ئەوان لەئینتەرنێتدا بەهەمان ناوەوەیە** (submission.org).

**بەسەرنجدان لەوەی کە کارەکەی ڕەشاد خەلیفە فراوانترین کارە کە لەڕوانگەی بیرکارییەوە لە قورئاندا ئەنجامدراوە، ئەنجامەکانی ئەو لێرەدا دەخەینە بەرباس، دەقی چڕوپڕی**

**خوارەوە کە لەکتێبەکەی ئەوەوە وەرگیراوە و لەژێر ناونیشانی پاشکۆی ١ لە ماڵپەڕەکەی سەرەوەدا هەیە، هەروەکو ماڵپەڕەکە گواستومانەتەوە و دۆخی لێکدانەوە جێگیر کراوە، لەژێرەوە هەر پڕوپاگەندەیەک،ئەنجامی لێکدانەوەی هەر پڕوپاگەندەیەک لەژێر ناونیشانی ڕەخنە نوسیومە، بانگەشەکانی ڕەشاد خەلیفە لەلایەن بەرنامەیەکەوە کە لەئینتەرنێتدا هەیەو چەندین دەقی قورئانی لە بەرنامەی word لەبەرامبەر چەندین دەقی قورئانی لەگەڵ وێنەی ڕێنوسی عوسمانی و ئاسایی ئەنجاممداوە.**

**دەستپێکی بەشێکی گواستراوە لە ماڵپەڕی submission.org تەنها رەخنەکان لەلایەن منەوەیە.**

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

## دۆزینەوەی پەرجووی بیرکاریی قورئان لەرێگەی کۆمپیوتەرەوە

**دیاردەی بێهاوتا کە لەقورئاندا بوونی هەیە، لە هیچ کتێبێکدا دەستی مرۆڤ ناکەوێت، هەر یەک لە هێماکانی قورئان داڕشتەیەکی هەیە، بیرکاریی: سورەتەکان، ئایەتەکان، وشەکان، ژمارەی پیتەکان، ژمارەی وشەکانی هاومانا، ژمارەو جۆرەکانی ناوەکانی ئیلاهیی، شێوازی نوسینی هەندێ لەوشەکان و زۆرێک لە هۆکارەکانی تری قورئان جگە لە ناوەڕۆکەکانیان، هەموویان داڕشتەیەکی**

**تایبەتیان هەیە، سیستەمی بیرکاریی قورئان دوو لایەنی گرنگی هەیە: (١) داڕشتنی بیرکاریی، و (٢) باڵەخانەی بیرکاریی قورئان کە تەواوی ژمارەی سورەتەکان و ئایەتەکانە، بەهۆی ئەم کۆدی بیرکاریی هەمەلایەنە، بچوکترین گۆڕان لە ناوەڕۆک یان باڵەخانەی داڕشتەی قورئان، بێمەودا ئاشکرا دەبێت.**

**ژمارە نۆزدە دەرچەی هاوبەشی تەواوی سیستەمی بیرکاریی قورئانە.**

**هاوشێوەی خودی قورئان، کۆدی بیرکاریی قورئان لەسادەترینەوە تا ئاڵۆزترین دەگۆڕدرێت، ڕاستی سادە بینراوگەلێکن لە بێ هیچ ئامرازێک دەتوانرێت ئەوانە لێکبدرێنەوە، ڕاستی شاراوە بە یارمەتی حاسیبە یاخود**

**کۆمپیوتەر دەکرێت ببینرێت، لێکدانەوەی ڕاستیەکانی خوارەوە پێویست بەهیچ ئامرازێک نیە، بەڵام تکایە لەبیرت بێت هەموو ئەوانە دەقی عەرەبی بنەڕەتی ئاماژەی بۆ کراوە:**

**١. یەکەمین ئایەت (١:١)، دەستپێدەکات لە "بسم الله، هەمووی ........١٩ پیتە.**

**ڕەخنە: بۆچی دووپاتکردنەوە(تشدید)ی (ل) لە الله بەدوو پیت هەژمارکراوە بەڵام دووپاتکردنەوە لە الرحمن و الرحیم پەراوێز خراوە، سەیرە بزانیت کە کەسێکی تر کە داواکاری پەرجووی ژمارە ٧ لەقورئاندا، دووپاتکردنەوەکانی بسم الله بەدوو پیت وەرگرتووە تا ژمارەی پیتەکانی ٢١ بێت و بەسەر ٧دا دابەش بکرێت.**

**٢. قورئان پێکهاتووە لە ١١٤ سورەت کە دەکاتە .................. ١٩ * ٦**

**٣. کۆی ئایەتەکانی قورئان ٦٣٤٦ کە دەکاتە................... ١٩ * ٢٣٤**

**٦٢٣٤ ئایەتەو ١١٢ ئایەت (بسم الله) ناژمێردرێت کە دەکاتە ٦٢٣٤– ٦٢٣٤ + ١١٢ سەرنج بدەن کە ٦+٣+٤+٦ دەکاتە ........١٩**

**ڕەخنە: قورئان ٦٢٣٦ ئایەتەو بەسەر ١٩دا دابەش ناکرێت، زیادکردنی ١١٢ کە دەکاتە ٦٣٤٨ دیسان ئەم ژمارەیەش بەسەر ١٩ دابەش ناکرێت.**

**٤. بسم الله ١١٤ جار دووبارە بۆتەوە، بەبونی پەنهانێکی ئاڵۆز لە سورەتی ٩ ( لەسورەتی ٢٧ دووجار دووبارە بۆتەوە) و ١١٤ – ١٩ *٦.**

**ڕەخنە: ڕەشاد خەلیفە نەبونی بسم الله لەسورەتی التوبە دا قبوڵی نیە بەڵام بەشێوەی تاکتیک سودی لێوەردەگرێت، بۆ نمونە لەوێدا کە دەیەوێت ژمارەی بسم الله لە قورئاندا بەسەر ١٩ دابەش ببێت بسم الله سورەتی التوبە لەبەرچاو دەگرێت، ئەگەر نادیاری ئەو لە التوبە مایەی قبوڵکردن نیە ئەی بۆچی لە هەژماردندا بەکارتنەهێناوە.**

**٥. لە بزربونی بسم الله لە سورەتی ٩ تا بسم الله زیادکراوەی سورەتی ٢٧، بەتەواوی ١٩ سورەتە.**

**ڕەخنە: مەوداکەی ١٧ سورەتە نەک ١٩ بۆچی بەپێچەوانەی زانراوی بیرکاریی هەم ٩ و هەم ٢٧یش لەو نێوانە بەکار دەهێنێت لەکاتێکدا هیچ کام لەوانە نابێت لە هەژمارکردنی مەوداکە لەبەرچاو بگیرێن.**

**٦. کۆی ژمارەی سورەتەکان لە ٩ تا ٢٧**
**(+٢٦+٢٧ .... ٩ + ١٠ + ١١ + ١٢+ ) – ٣٤٢ یان ....**
**٩ * ١٨**

**ڕەخنە: هەروەکو ئەوەی سەرەوەیە.**

**٧. ئەم کۆکراوە (٣٤٢) هەمانشێوە یەکسانە بە کۆی وشەکانی نێوان دوو بسم الله سورەتی ٢٧، ٣٤٢– ................ ١٩ * ١٨.**

**ڕەخنە: ٣٨٢ وشەیەو دابەش نابێت بەسەر ١٩دا.**

**٨. یەکەمین ئایەت کەدەستپێکی وەحییە (٩٦: ١–٥) هەمووی ١٩ وشەیە.**

**ڕەخنە: ٢٠ وشەیە**

**٩. یەکەمین وەحی ١٩ وشەیی، دەکاتە ٧٦ پیت،**
**١٩ * ٤**

**ڕەخنە: بەبێ لەبەرچاوگرتنی دووپاتکردنەوە (تشدید) ٧٨ پیتە، ئەگەر وشەی (انسان) بەشێوەی (انسن) و (ا)ی سەر (س) لەبەرچاو نەگرین دەکاتە ٧٦ پیت.**

**١٠. سورەتی ٩٦ کە بەشێوەی ڕێکخستنی کات (زەمان) یەکەمین سورەتە، کە دەکاتە ١٩ ئایەت.**

**ڕەخنە: سودوەرگرتنێکی تاکتیکی تر: لە ژمارە ٣ بۆ ئەوەی لەگەڵ ژمارە ١٩ بگونجێت بسم الله بەجیاواز لەم ئایەتانە وەرگرتووەو لێرەدا بسم الله بەجیاواز لە ئایەتەکە وەرنەگرتووە تا لەگەڵ ژمارە ١٩ هەماهەنگ بێت.**

**١١. ئەم یەکەمین سورەتە لە ڕوانگەی ڕێکخستنی کاتەوە، لەکۆتایی قورئانەوەیە...١٩هەمینە.**

**١٢. سورەتی ٩٦ بەتەواوی ٣٠٤ پیتی عەرەبییەو ٣٠٤ دەکاتە ... ١٩ * ١٦**

**ڕەخنە: ٣٠٧ پیتە لە ژمارە ٩ ڕوونکراوەتەوە.**

**١٣. دواترین سورەت کە دابەزیوە (سورەتی ١١٠) بەتەواوی ١٩ وشەیە.**

**ڕەخنە: سورەی النصر(١١٠) کۆتا سورەت نیە، بەڵکو سورەتی التوبە کۆتایە[1].**

**١٤. یەکەمین ئایەت لەکۆتا سورەت دابەزیوە (١:١١٠) بەتەواوی ١٩پیتە.**

**ڕەخنە: سورەتی النصر کۆتا سورەت نیە، سەرنجی ڕوونکردنەوەی ژمارە ١٣ بدە.**

**١٥. چواردە پیتی جیاوازی عەرەبیی، ١٤ " پارافی قورئان " (مەبەستی ڕەشاد خەلیفە، ئەو**

---

[1] الاتقان في علوم القرآن ٨٢/١ و التنزيل ٣٠/١

**پیتانەیە کە لەسەرەتای هەندێ لەسورەتەکانی قورئاندا هاتووە) جیاواز (لەوانەش ا.ل.م، لە ۲:۱) کە لە ۲۹ سورەتی قورئاندا هەیە، کۆی ئەم ژمارانە دەکاتە ۲۹+۱٤+۱٤ = ۵۷ یان ۱۹ * ۳**

**ڕەخنە: دەبینین کە ڕەشاد خەلیفە پیتی پچڕاوی سورەتی ٦٨ ن و ن دەزانێت و لە هەژمارکردنەکەیدا دوو (ن) لەبەرچاو دەگرێت و (و) نێوانیان فەرامۆش دەکات، تا هەژمارکردنەکەی دروست بێت، لەسەر ئەم بنچینە ژمارەی پیتە بچڕەکان ۱۵ دەبێت نەک ۱٤ بۆیە هەژمارکردنەکەی سەرەوە هەڵەیە، کلکێک کە بۆی زیاد کردووە، دووبارە بوونەوەی ژمارە ۱٤یە.**

**۱٦. کۆی ۲۹ سورەت کە " پارافەکانی قورئان" لەواندا هاتووە دەکاتە:**

**٨٢٢ = ٥٠+٦٨+ ................ ٢+٣+٧+، و ١٤ + ٨٢٢ ( ١٤ کۆی پارافەکان) دەکاتە ٨٣٦، یاخود ١٩ * ٤٤**

**ڕەخنە: بەچ بەڵگەیە ژمارەکانی کۆکردۆتەوە؟ کۆ ناکرێتەوە لەبەرئەوەی ١٤ بەبێ هیچ بەڵگەیەک زیادیکردووە تا بگونجێت، بەگوێرەی بۆچونەکەی خۆی پیتە بچڕاوەکان دەبێت ژمارەیان ١٥ بێت نەک ١٤ دانە، ئەگەر ١٥ بکەینە ناو کۆکراوەکانەوە ئەوا دابەشی ١٩ نابێت.**

**١٧. لەنێوان یەکەم سورەتی پارافدار (٢) و کۆتا سورەتی پارافدار(٦٨)، ٣٨ سورەتی بەبێ پاراف بوونی هەیە، ١٩ * ٢**

**ڕەخنە: بۆچی ٣٨ سورەتی پەڕاگەندە لەگەڵ ئەوانە کۆ بکرێتەوە؟ بۆچی کۆی سورەتەکان**

**ئەم مەودایەیان لەبەرچاو ناگرێت؟ بۆچی سورەتەکانی کە پیتی بچڕاوی نیە لەبەرچاو ناگرێت؟ بۆچی ئەم کارە بۆ هەموو قورئان ئەنجام نادات؟ هەموو ئەوانەی بەئەنجام گەیاندووە کە لەگەڵ ژمارە ١٩دا دەگونجێت.**

**١٨. لەنێوان یەکەم و کۆتا سورەتی پارافدار ١٩ کۆمەڵەی پارافدار و بەبێ پاراف بونی هەیە.**

**ڕەخنە: لەنێوان ئەو دوانەدا ١٧ کۆمەڵە بوونی هەیە، بۆچی کۆی قورئان لەبەرچاو ناگرێت کە ٢١ دەکات.**

**١٩. ٣٠ ژمارەی جیاواز لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە:**

**١٢، ١١، ١٠، ٩، ٨، ٧، ٦، ٥، ٤، ٣، ٢، ١، ٨٠، ٧٠، ٦٠، ٥٠، ٤٠، ٣٠، ٢٠، ١٩، ٥٠٠٠٠، ٥٠٠٠، ٣٠٠٠، ٢٠٠٠، ١٠٠٠، ٣٠٠، ٢٠٠، ١٠٠، ٩٩،**

**١٠٠٠٠٠، کۆی ئەمانە دەکاتە ١٦٢١٤٦، کە دەکاتە ١٩ * ٨٥٣٤**

**ڕەخنە: لەقورئاندا ژمارەکانی دەیی وەکو یەک لە دوو، یەک لەسێ، یەک لەچوار، یەک لە پێنج، یەک لەشەش و یەک لە هەشت بوونی هەیە، بۆچی ئەوانەی لەکۆکردنەوەکەدا دانەناوە؟ بۆچی ژمارەی دووبارەبوونەوەی هەر ژمارەیەک لە قورئاندا لەبەرچاو نەگرتووە؟ بۆچی لێکدان یان دابەشی نەکردووە؟ چونکە هیچ کام لەوانە لەگەڵ ژمارە ١٩ ناگونجێت، لەبەرئەوە بەبێ بەڵگە ئەو هەژمارکردنە لەبەرچاو دەگرێت کە ئەنجامەکەی بەدڵی خۆی بێت.**

## داڕشتنی بیرکاریی

**قورئان دیاردەی تایبەت و بێ هاوتای لەخۆ گرتووە کە هەرگیز لەهیچ کتێبێکی تردا نایدۆزیتەوە، ٢٩ سورەت لەگەڵ ١٤ کۆمەڵەی جیاواز بەناوی "پارافگەلی قورئانیی" (واژۆی شاراوەی قورئانیی) دەریدەخات کە هەر یەکێک لەوانە تەواوی یەک تا ٥ پیتە، ١٤پیت، واتە نیوەی پیتەکانی ئەلف بێی زمانی عەرەبی، لەم کۆمەڵانە بەکارهاتووە.**

**پارافەکانی قورئان بەشێکی گرنگی پەرجووی بیرکاریی قورئان لەسەر بنەمای ژمارە ١٩ دروست دەبێت.**

## پارافی قورئانیی "ق"

**١. دووبارە بوونەوەی "ق" لەسورەتی "ق" (ژمارە ٥٠) ٥٧ جارە، ٣ * ١٩.**

**٢. پیتی "ق" لە سورەتی تری پارافداری – ق (سورەتی ٤٢)یش ٥٧ جار دووبارە بۆتەوە.**

**رەخنە: پیتە بڕگەییەکان ئەم دوو سورەتە جیاوازن، پیتە بڕگەییەکانی سورەی ٤٢ پێکهاتووە لە "حم عسق" و وەکو پیتە بڕگەییەکان لە قورئاندا تەنهایە، دەبێت لە کۆدی ١٩ پەیڕەوی بکات, بەڵام نایکات، ژمارەی ح: ٥٣ م: ٣٠٠ ع: ٩٨ س:٥٤ ق: ٥٧ کۆی گشتی: ٥٦٢ ئەم ژمارانە نەک بەتەنهایی (جگەلە ق) و نە بە شێوەی کۆ بەسەر ١٩ دابەش نابێت, واتە تەنها یەک پیت لە ٥ پیتەکان بەسەر ١٩دا دابەش دەبێت کە دەتوانێت بەتەواوی رێکەوت بێت، هەروەها هەر یەکێک لە ژمارەکانی تریش بەسەر ژمارەکانیدا شیاوی دابەشبونە.**

**٣. کۆی دووبارەبووەکانی "ق" لە دوو سورەتی پارافداری – ق دەبێتە ١١٤ کە یەکسانە بەژمارەی سورەتەکانی قورئان.**

**٤. "قرآن" لە قورئاندا ٥٧ جار دووبارە بۆتەوە، بەسەر ١٩ شیاوی دابەشبون نیە.**

**ڕەخنە: وشەی "قرآن" ٧١ جار دووبارە بۆتە نەک ٥٧ جار و بەسەر ١٩دا دابەش نابێت.**

**٥. پاساوی قورئان بەناونیشانی "مجید"، بەژمارەی دووبارەی پیتی "ق" لە هەریەکێک لە سورەتەکانی دوشمدار – ق پەیوەست دەبێت، بڕی ژمارەی وشەی "مجید" ٥٧.**

**٦. سورەتی ٤٢ پەنجاو سێ ئایەتەو ٥٣ + ٤٢ دەبێت ٩٥، یاخود ٥ * ١٩.**

**ڕەخنە: لە ژمارە ٣ی سەرەتای ئەم باسەدا بسم الله جیاواز لەئایەتەکان زانیوە تا لەگەڵ ١٩**

**گونجاو بێت و لێرەدا بسم الله جیاواز لەئایەتەکان وەرینەگرتووە کە دووبارە ژمارە ١٩ دەگونجێت؟ بە چ بەڵگەیەک ژمارەی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان پێکەوە کۆکردۆتەوە؟ بۆچی لێکدان یان دابەشی نەکردووە؟.**

**٧. سورەتی ٥٠ خاوەنی ٤٥ ئایەتە، ٥٠ + ٤٥ دەبێتە ٩٥، ٥ * ١٩.**

**ڕەخنە: لە ژمارە ٣ی لاپەڕەی پێشوو بسم الله جیاواز لەئایەتەکان زانیوە تا لەگەڵ ١٩ گونجاو بێت و لێرەدا بسم الله جیاواز لەئایەتەکان وەرینەگرتووە کە دووبارە ژمارە ١٩ دەگونجێت؟ بە چ بەڵگەیەک ژمارەی سورەت و ژمارەی ئایەتەکان پێکەوە کۆکردۆتەوە؟.**

**٨. ژمارەکانی "ق" لەهەموو ئایەتەکان ژمارە "١٩" لە سەرانسەری قورئان دەکاتە ٧٦، یان ٤ * ١٩.**

**ڕەخنە: ٧٢ دانە کە بەسەر ١٩ شیاوی دابەشبون نیە، هەروەها بۆچی ژمارەکانی ق لە تەواوی قورئان لەگەڵ ژمارە ١٩ ناگونجێت کە ٧٠٣٧ دانەیەو بەسەر ١٩ شیاوی دابەشبون نیە.**

**بۆ من کۆمەڵێک ئاماژە دارشتنی بیرکاریی قورئان دەرکەوت، بۆ نمونە دەرکەوت کە خەڵکانێک کە بە لوط کافربوون، لە ئایەتی ١٣:٥٠ هاتووەو لەهەموو قورئان ١٣جار دووبارە بۆتەوە، ٧:٨٠؛ ٨٩، ٧٤، ١١:٧٠؛ ٢١:٧٤؛ ٢٢:٤٣؛ ٢٦:١٦٠؛ ٥٦، ٢٧:٥٤؛ ٢٩:٢٨؛ ٣٨:١٤؛ ٥٠:١٣؛ ٥٤:٣٣**

**ڕەخنە: دەربارەی قەومی لوط لەقورئاندا ١٢جار باسکراوە و باسی قەومی لوط بەشێوەی براکانی لوط لەقورئاندا دوو جێگە و بەشێوەی تر وەکو جێناوی کۆ ١٠جار هاتووە، لەبەرئەوە باسکردنەکەی هەڵەیە، لەهەموو شوێنێک ئەوانە بەناونیشانی "قوم" ئاماژەی بۆ کراوە، جگە لە یەک جار(ڕەخنە: دوو جار) لە سورەتی دوشمداری – ق ٥٠، جێگایەک کە ئەوانە بەناونیشانی "اخوان" ئاماژەی بۆ کراوە، ڕوونە کە ئەگەر وشەی ق – لە "قوم" سوودمەند بووە، ژمارەکانی پیتی "ق" لە سورەتی ٥٠ دەکاتە ٥٨، ئەم دیاردەیە بەگشتی لەناو دەچێت، ڕاستی و دروستی موتڵەقی بیرکاریی بەشێوەیەکە کە گۆڕینی تەنها یەک پیت، ئەم سیستەمە بەتەواوی لەناو دەبات،(ڕەخنە: ئەم کارە نیشاندەری ئەوەیە کە**

**بابەتی ژمارەی ١٩، ئەگەر بوونی هەبێت، کاری محەمەدە ئەگەر کاری خودا بێت، بەبێ گۆڕینی "قوم" بۆ "اخوان" دەتوانێت ئەنجامی بدات)، نمونەیەکی تر لەم بارەیەوە، ئاماژە بە مەکەیە لە ئایەتی ٣:٩٦ بەناونیشانی "بکە"! ڕێنوسێکی سەرسوڕهێنەری ئەم شارە ناسراوە، چەندین سەدە ئەم بابەتە داخوازیی موسڵمانان بووە، ئەگەر مەکە لەقورئاندا لە ئایەتی ٤٨:٢٤ بەڕێنوسی دروست نوسراوە، لەجێگەی پیتی "م" لە ئایەتی ٣:٩٦ پیتی "ب" بەکاربراوە، زانراوە کە سورەتی ٣ بە پارافی "م" دەستپێدەکات، ئەگەر "مەکە" لە ئایەتی ٣:٩٦ ڕاست ڕێنوس کرابوو، ژماردنی پیتی "م" لەگەڵ کۆدی بیرکاریی قورئان دژیەکبون پەیدا دەبێت.**

**ڕەخنە: ئەم کارەش نیشاندەری ئەوەیە کە**

**بابەتی ژمارە ١٩ کاری محەمەدە ئەگەر کاری خودا بێت پێویستی بەم کارە نەدەکرد).**

**نون (ن)**

**ئەم پارافە لەجۆری خۆی بێ‌هاوتایە؛ لەسورەتێکدا هاتووە ئەویش سورەتی ٦٨، ناوی ئەم پیتە لەوەشانی ڕەسەندا بەسێ پیت ڕێنوس کراوە – نون– لەبەرئەوە دوو "ن" دەژمێردرێت، ژمارەی ئەم پیتە لە سورەتی پارافداری –ن ١٣٣ دانەیە، یان ٧ * ١٩، (ڕەخنە: مەبەست لە وەشانی ڕەسەن(نسخه اصلي) قورئان کام وەشانە؟، لە سەدەکان بەوێنەی نوسینی ئاسایی و عوسمانی و لەلایەن پەسەندکردنی مەدینە و ناوەندە گرنگەکانی تری جیهانی ئیسلام، لەهەمووی**

**بەشێوەی "ن" هاتووە نەک "نون"، ئاشکرایە لێرەدا بۆئەوەی لەگەڵ ژمارە ١٩ بگونجێت مەجبور بووە دەست بۆ قورئان ببات).**

**"ن" دواترین پارافی قورئانە (خشتەی ١) و ئەمە واقعە دەرخستەی تایبەت دەهێنێتە بوون، بۆنمونە ژمارەی ئایەتەکان لە یەکەمین پارافی قورئانیی (ا.ل.م لە ٢:١) تا کۆتا پاراف (ن لە ٦٨:١) دەکاتە ٥٢٦٣، یان ٢٧٧ * ١٩، (ڕەخنە: خودی ئایەتەکان پیتی بڕگەیی هەیە و هەژماری نەکردووە، بۆچی؟ بۆئەوەی هەژمارکردنەکەی دروست بێت)، وشەی "خودا"(الله) ٢٦٤١(١٣٩ * ١٩) جار لەنێوان یەکەمین پاراف و دواترین پاراف دووبارە بۆتەوە، ( ڕەخنە: لەم نێوانەدا وشەی الله ٢٧٠٣ جار دووبارە بۆتەوە کە بەسەر١٩دا دابەش ناکرێت)، لێرەدا کە کۆی دووبارەی**

**وشەی "خدا" ٢٦٩٨"ە، (ڕەخنە: ٢٨٠٧ دانەیە و هەژمارکردنی دواتر هەڵەیە)، لەئەنجامدا دووبارەی ئەوە لە دەرەوەی پارافەکان "ا.ل.م" لە سورەتی ٢:١ لەلایەک، و پارافی "ن" لەسورەتی ٦٨:١ لە لایەکی ترەوە، دەبێتە ٥٧، یان ٣ * ١٩، (ڕەخنە: دەبێتە ١٠٤ کە بەسەر ١٩دا دابەش ناکرێت)، خشتەی ٩ تا ٢٠ دەیسەلمێنێت کە پارافی "نون" دەبێت دوو "ن" بێت، (ڕەخنە: لەم شێوەدا "و" دەبێت پیتێکی جیاواز لە سورەتەکە و ژمارەکەی دەکاتە ٩٦ و بەسەر ١٩دا دابەش نابێت، لەبەرئەوە گۆڕینی "ن" بۆ "نون" کێشەیەکی تر بۆ ژمارە ١٩ دروست دەکات).**

**(ص)**

**ئەم پارافە لەسەرەتای سێ سورەت هاتووە، (١٥٢ = ٩٧ + ٢٦ + ٢٩)، ٨ * ١٩، جێگەی سەرنجە کە لە ٧:٦٩، وشەی "بسطه" لەگەڵ "ص" دەنوسرێت لەجێگەی "س"، ئەم گۆڕانە هەڵەیە و کۆدی قورئان لەناو دەبات، دەبێت سەرنجێک لە کۆنترین قورئان بەردەست، وەشانی تاشکەند[1]، زانراوە کە وشەی "بسطه" بەرێنوسی دروست نوسراوەو، واتە لەگەڵ "س".**

**(رەخنە: کۆی پیتی ص لەهیچ کام لەو سێ سورەتە بەسەر ١٩دا دابەش نابێت کە دژی کۆدی ١٩یە، ئەو بۆئەوەی ١٩ی لێدەرهێناوەو ژمارەی ص لە هەر سێ سورەتەکە لەگەڵ یەک**

[1] کۆنترین وەشان(نوسخە)ی قورئانە لەیەکێک لەکتێبخانەکانی شاری تاشکەندی پایتەختی ئۆزبەکستان- وەرگێڕ

**کۆ کردۆتەوە و "ص"ی لە "بصطە"شدا گۆڕیوە بۆ "س"، لەلایەکی ترەوە پیتەکانی بڕگەیی ئەم سێ سورەتە جیاوازن " سورەتی ٧: المص، ١٩: کهیعص، ٣٨:ص " ناتوانێت ص لەم سێ فۆرمەدا جیا بکاتەوەو لەگەڵ یەک کۆی کردونەتەوە، پیتەکانی بڕگەیی هەر کام لەم سێ سورەتە دەبێت بەتەنیا لێکدانی ١٩ ببن، بەڵام نابن"، سورەتی ٧ ا: ٢٣٤٤ ل: ١٥٣١ م: ١١٦٤ ص: ٩٧، کۆی گشتیی: ٥١٣٦ کە نە بەشێوەی تاک و نە بەشێوەی کۆ شیاوی دابەشبون بەسەر ١٩ نین"، "سورەتی ١٩ :ک:١٣٧ ە: ١٤٩ ی:٣٣٥ ع:١١٧ ص:٢٦ کۆ:٧٦٤ کە نە بەشێوەی تاک و نە بەشێوەی کۆ شیاوی دابەشبون بەسەر ١٩ نیە"، کۆی پیتە بڕگەییەکانی سێ سورەتەکە لەگەڵ یەک**

**٥٩٢٩یە کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت، کۆی ئەم باسە دژی کۆی ١٩یە).**

**ی.س (یس)**

**ئەم دوو پیتە لەسەرەتای سورەتی ٣٦ هاتووە، پیتی "ی" لەم سورەتەدا ٢٣٧جارە ( رەخنە: ٢٣٦ جار هاتووەو هەژمارکردنی دواتری ئەو هەڵەیە، لەبەرئەوە ئەم سورەتەش لەگەڵ کۆدی ١٩ ناگونجێت)، دووبارە بۆتەوەو پیتی "س" ٤٨ دانەیە، کۆی هەردوو پیتەکە دەکاتە ٢٨٥، ١٥ * ١٩.**

**ح.م (حم)**

**حەوت سورەت لەقورئاندا بەپیتەکانی "ح" و "م" دەستپێدەکات، سورەتی ٤٠ تا ٤٦، کۆی دووبارەی ئەم پیتانە لەم حەوت سورەتە پارافداری – ح.م دەکاتە ٢١٤٧، یان ١٣ * ١٩، درێژەی ئەم بابەتە لە خشتەی ٣ نیشان دراوە، هەڵبەتە گۆڕینی تەنها یەک پیتی "ح" یان "م" لە هەر یەکێک لەم حەوت سورەتە پارافداری – ح.م، ئەم دیاردە نهێنییە لەناو دەبات.**

**ڕەخنە: هەروەکو پێشتر باسمانکرد سورەتی ٤٢ پیتە بڕگەییەکانی لەگەڵ باقی سورەتی سەرەوە جیاوازی هەیە و "حم"، "عسق" ەو کۆکردنەوەی سورەتی ٤٢ لەگەڵ باقی سورەتی سەرەوە دروست نیە، لەلایەکی ترەوە لە ٥ پیتی یەکەمی سورەتی ٤٢ چوار پیت (ح م ع س)**

# پاڵپشتی کۆدی ١٩ ناکات و کۆکردنەوەشیان لەگەڵ ١٩ ناگونجێت.

# خشتەی ٣: دووبارەی پیتەکانی "ح" و "م" لە حەوت سورەتی پارافداری – ح.م

| ژمارەی سورەت | دووبارەی پیتەکان | | |
|---|---|---|---|
| | ح | م | ح + م |
| ٤٠ | ٦٤ | ٣٨٠ | ٤٤٤ |
| ٤١ | ٤٨ | ٢٧٦ | ٣٢٤ |
| ٤٢ | ٥٣ | ٣٠٠ | ٣٥٣ |
| ٤٣ | ٤٤ | ٣٢٤ | ٣٦٨ |
| ٤٤ | ١٦ | ١٥٠ | ١٦٦ |
| ٤٥ | ٣١ | ٢٠٠ | ٢٣١ |
| ٤٦ | ٣٦ | ٢٢٥ | ٢٦١ |
| کۆ | ٢٩٢ | ١٨٥٥ | ٢١٤٧ (١١٣ * ١٩) |
| | | | |

**ع.س.ق**

**ئەم پارافانە ئایەتی ٢ لە سورەتی ٤٢ پێکدەهێنن و کۆی دووبارەی ئەم پیتانە لەم سورەتەدا دەکاتە ٢٠٩، یان ١١ * ١٩، پیتی "ع" ٩٨جار و پیتی "س" ٥٤ جار، پیتی "ق" ٥٧ جار دووبارە بۆتەوە.**

**ڕەخنە: سورەتی ٤٢ خاوەنی ٥ پیتی بڕگەییە "حم عسق" کە پێشتر باسمانکرد کە پاڵپشتی کۆدی ١٩ ناکات، ئەگەر لەسەر بنەمای کۆ بێت (بەپێی بۆچونی ڕەشاد خەلیفە) دەبێت کۆی ئەم پێنج پیتە(٥٦٢) بەسەر ١٩دا دابەش بکرێت، بەڵام نابێت، هەرکەس دەتوانێت لەنێوان چەندین ژمارە بگەڕێت و ژمارەیەک بدۆزێتەوە کە بەسەریدا دابەش ببێت.**

**ا.ل.م (الم)**

**پیتەکانی "ا"، "ل"، "م" لەو پیتانەن کە لەزمانی عەرەبیدا زۆرترین سودی لێوەرگیراوە، بەهەمان شێوە لە پارافەکانی قورئان دەیبینین – یەکەم "الف"، پاشان "ل" ودواتر "م"، ئەم پیتانە دەستپێکی شەش سورەتن، ٢، ٣، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، کۆی دووبارەبوونەوەی ئەم سێ پیتە لەهەر یەکێک لەو شەش سورەتە لێکدراوی ١٩یە، [ ٩٨٩٩ (٥٢١ * ١٩)، ٥٦٦٢ ( ٢٩٨ * ١٩) ، ١٦٧٢ (٨٨ * ١٩)، ١٢٥٤ (٦٦ * ١٩)، ٨١٧ (٤٣ * ١٩)، ٥٧٠ (٣٠ * ١٩)، بەڕیزبەندیی].**

**لەبەرئەوە، کۆی دووبارەی ئەوانە لە شەش سورەتەکە دەکاتە ١٩٨٧٤(١٠٤٦ * ١٩)، و گۆڕینی هەر یەکێک لەو پیتانە ئەم دیاردەیە لەناو دەبات.**

**ڕەخنە: ڕەشاد خەلیفە <u>ا أ إ ء</u> جیا لە "الف" هەژمارکردووە, بەڵام ؤ ئ هەژمار نەکردووە کە هەڵەیەو تەواو هەژمارکردنی "الف"ی ئەو هەڵەیەو لە ئەنجامی سورەتەکانی باسمانکرد نە بەشێوەی تاک و نە بەشێوەی کۆ، لەگەڵ کۆدی ١٩ ناگونجێت.**

**ا.ل.ر (الر)**

**ئەم پارافانە لە سورەتەکانی ١٠، ١١، ١٢، ١٤، ١٥، بەرچاو دەکەون، کۆی دووبارەبوونەوەی ئەم پیتانە لەم سورەتانەدا دەکاتە ٢٤٨٩(١٣ * ١٩)، ٢٤٨٩ (١٣١ * ١٩)، ٢٣٧٥(١٢٥ * ١٩)، ١١٩٧(٦٣ * ١٩)، ٩١٢( ١٣ * ١٩)، بەڕیزبەندیی.**

**ڕەخنە: هەروەکو پێشتر باسمانکرد ڕەشاد خەلیفە هەنێک بزوێنی هەژمار نەکردووە،**

**تەواوی هەژمارکردنەکەی ئەو بۆ "الف" هەڵەیە، لەئەنجامدا سورەتەکانی ناوبران نە بەشێوەی تاک و نە بەشێوەی کۆ لەگەڵ کۆدی ١٩دا ناگونجێت.**

**ا ل م ر (المر)**

**ئەم پیتانە لەیەک سورەتدا بونیان هەیە، ئەویش سورەتی ژمارە ١٣، کۆی دووبارەبونەوەی ئەم چوار پیتە دەکاتە ١٤٨٢، یان ٧٨ * ١٩، پیتی "الف" ٦٠٥ جار دووبارە بۆتەوە، پیتی "ل" ٤٨٠جارو پیتی "م" ٢٦٠جارو پیتی "ر" ١٣٧ جار.**

**ڕەخنە: هەمان ڕەخنەی پێشوو بۆ ئەمیش دەگونجێت.**

**ا.ل.م.ص (المص)**

**تەنها یەک سورەت بەم پارافە دەستی پێکردووە، سورەتی ٧، پیتی "الف" لەم سورەتەدا ٢٥٢٩ جار دووبارە بۆتەوە، پیتی "ل" ١٥٣٠ جار، پیتی "م" ١١٦٤ جار، هەروەها پیتی "ص" ٩٧ جار، لەبەرئەوە کۆی گشتیی ئەم چوار پیتە لەم سورەتەدا دەکاتە: ٢٨٠ * ١٩ = ٥٣٢٠ = ٢٥٢٩ + ١٥٣٠ + ١٦٤ + ٩٧.**

**ڕەخنە: هەمان ڕەخنەی پێشوو بۆ ئەمیش دەگونجێت.**

**ک.هـ.یـ.ع.ص (کهیعص)**

**ئەمە درێژترین کۆمەڵەی پارافەکانە کە خاوەنی پێنج پیتە و لەیەک سورەتدا هاتووە، سورەتی ١٩، حرف "ک" لەسورەتی ١٩، ١٣٩جار دووبارە**

**بۆتەوە، پیتی "هـ" ١٧٥ جار، پیتی "يـ" ٣٤٣جار، پیتی "ع" ١١٧جار، هەروەها پیتی "ص" ٢٦ جار، لەبەرئەوە کۆی دووبارەبووەکانی ئەم پێنج پیتە دەکاتە:**

**٤٢ * ١٩ = ٧٩٨ = ١٣٧ + ١٧٥ + ٣٤٣ + ١١٧ + ٢٦.**

**ڕەخنە: پیتی "يـ" ٣٣٣ جار دووبارە بۆتەوە لەبەرئەوە کۆی پیتەکان دابەش نابن بەسەر ١٩دا.**

**٥، ط.ە.(طه)، ط، س (طس)، ط.س.م(طسم)**

**پەیوەندی شاراوەی ئەم پارافانەی قورئان لەگەڵ یەک دەیسازێنن تاوەکو کۆمەڵەیەک بەدەست بێت کە بەسەر ژمارە ١٩دا دابەش ببێت، پارافی "ە" لەسورەتەکانی ١٩و ٢٠ بوونی هەیە، پارافی "ط.ە" لە سورەتی ٢٠دا هاتووە،**

**پارافی "ط.س" لە سەرەتای سورەتی ٢٧دا هاتووە، لەکاتێکدا کە پارافی "ط.س.م" لەسەرەتای سورەتەکانی ٢٦ و ٢٨دا هاتووە، ژمارەی دووبارەبوونەوەی ئەم پارافانە لە خشتەی ژمارە ٦دا خراوەتەڕوو.**

**خشتەی ٦: دووبارەی پارافەکانی قورئان "ح"، "ط.ح.س."، و "ط.س.م" لەسورەتەکانیاندا**

| ژمارە | دووبــــــــــــــــــــــــــــــــارە | | | |
|---|---|---|---|---|
| سورەت | هـ | ط | س | م |
| ١٩ | ١٧٥ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| ٢٠ | ٢٥١ | ٢٨ | ـــــ | ـــــ |
| ٢٦ | ـــــ | ٣٣ | ٩٤ | ٤٨٤ |
| ٢٧ | ـــــ | ٢٧ | ٩٤ | ـــــ |
| ٢٨ | ـــــ | ١٩ | ١٠٢ | ٤٦٠ |
| | ـــــ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| | ٤٢٦ | ١٠٧ | ٢٩٠ | ٩٤٤ |
| ٤٢٦ + ١٠٧ + ٢٩٠ + ٩٤٤ = ١٧٦٧ (١٩ * ٩٣) | | | | |

**رەخنە: کەمێک سەرنج بدە ئایا لەمە نامەنتیقی تر دەتوانێت کارێک بکات، کۆی پیتەکانی هەریەک لەسورەتەکانی سەرەوە بەشێوەی تاک بەسەر ١٩دا دابەش نابێت، رەشاد بۆئەوەی دواجار ئەم کارە ئەنجام بدات و بە ١٩ بگات، پیتی جیاوازی ٤ سورەتی کۆکردۆتەوە, بەڵام هەر بەسەر ١٩دا دابەش نەبووە، پاشان پیتی "ه" لەسورەتێکی تری جیاکردۆتەوەو قەرزی کردووە لەگەڵ باقیەکەیدا کۆی کردۆتەوە تا بەسەر ١٩دا دابەش ببێت، ئەم کارانە دەتوانیت لەگەڵ هەر دەقێک ئەنجامی بدەیت.**

## " بەهای ژمارەیی " چیە

**کاتێک قورئان دابەزی، ١٤سەدە پێشتر، ئەو ژمارانەی ئەمڕۆ دەیزانین لەو کاتەدا بوونی نەبووە، لەو زەمانەدا بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەو کراوە کە لە**

| أ ١ | **خشتەی ٧ بەهای ژمارەیی پیتەکانی ئەلف بێ** | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب ٢ | ج ٣ | د ٤ | هـ ٥ | و ٦ | ز ٧ | ج ٨ | ط ٩ | ي ١٠ |
| ك ٢٠ | ل ٣٠ | م ٤٠ | ن ٥٠ | س ٦٠ | ع ٧٠ | ف ٨٠ | ص ٩٠ | ق ١٠٠ |
| ر ٢٠٠ | ش ٣٠٠ | ت ٤٠٠ | ث ٥٠٠ | خ ٦٠٠ | ذ ٧٠٠ | ض ٨٠٠ | ظ ٩٠٠ | غ ١٠٠٠ |

**پیتی عەرەبی، عیبری، ئارامی، و یۆنانی بەناونیشانی ژمارە سودیان وەرگرتووە، ژمارەی جێگیر بۆ هەر پیتێک " بەهای ژمارەیی" بەگوێرەی ئەبجەدیی، یان بەپێی ڕستەی ئەو پیتەیە، بەهای ژمارەیی پیتەکانی ئەف بێی عەرەبی لە خشتەی ژمارە ٧دا نیشاندراوە.**

## تایبەتمەندی بیرکاریی تری سورەتەکانی پارافدار

**چواردە پیتی عەرەبی، نیوەی ئەلف بێی عەرەبی، لەشێوەی ١٤ کۆمەڵەی جیاواز پارافەکان هاوبەشن، بەزیادکردنی بەهای ژمارەیی هەر یەکێک لەم پیتانە، بەژمارەی سورەتەکانی کە لەگەڵ پارافەکانی قورئان**

**دەستپێدەکات، دەکاتە (٢٩)، کۆمەڵەیەک بەدەست دێت دەکاتە ٧٢٢، یان ٢ * ١٩ * ١٩.**

**ڕەخنە: بەسەرنجدان لەوەی کە ڕەشاد خەلیفە باوەڕی پێی هەیە کە پیتە بڕگەییەکانی سورەتی ٦٨ بەشێوەی <u>نون</u> (ن و ن)ە نەک <u>ن</u>، لەبەرئەوە ژمارەی پیتە بڕگەییەکان ١٥دانە دەبێت نەک ١٤، چونکە یەک واو (و) لەنێوان دوو نون بوونی هەیە کە لەوانەیە ڕەشاد بەئەنقەست نەکردبێت تا هەژماری هەژماردنەکەی دروست دەربچێت، ئەگەر بەو قورئانانەی بەردەستە بڕوا بکات یەک <u>ن</u> لەبەرچاو بگرێت زۆرێک لە هەژمارکردنەکەی دەگونجێت و ئەگەر <u>ن و ن</u> پەراوێز بخات ناچارە کە واو لەبەرچاو بگرێت کە دووبارە هەژمارکردنەکەی دەهێنێتە خوارەوە، لەبەرئەوە ڕەشاد بەزیرەکیی دوو نونی**

**وەرگرتووەو واوی پشتگوێخستووە، تا هەژمارکردنەکەی ڕاست بێت.**

# خشتەی ٨ چواردە پیتە پارافەکانی قورئانیی

| پیتەکان | بەهای ژمارەیی | یەکەمینی سورەت |
|---|---|---|
| أ | ١ | ٢ |
| ل | ٣٠ | ٢ |
| م | ٤٠ | ٢ |
| ص | ٩٠ | ٧ |
| ر | ٢٠٠ | ١٠ |
| ک | ٢٠ | ١٩ |
| هـ | ٥ | ١٩ |
| ی | ١٠ | ١٩ |
| ع | ٧٠ | ١٩ |
| ط | ٩ | ٢٠ |
| س | ٦٠ | ٢٦ |
| هـ | ٨ | ٤٠ |
| ق | ١٠٠ | ٤٢ |
| ن | ٥٠ | ٤٨ |
| و | ٦ | ٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | ٦٩٣<br>٦٩٩ | ٢٩٥<br>٣٦٣ |
| ٦٩٣ + ٢٩٥ = ٩٨٨ (١٩ * ٥٢) | | |
| بەهەمان شێوە ٦٩٣ + ٢٩ (سورەت) = ٧٢٢ (١٩ * ٢ * ١٩) | | |

**لەهەژمارەکەی سەرەوە دەبێت ١٥ بۆی زیاد بکەیت چونکە ئەنجامەکەی بەسەر ١٩دا دابەش نابێت، هەروەها لەسەر بنەمای چ پێوەرێک دەبێت بەمشێوە کۆ بکرێتەوە، بۆ نمونە بەسەرنجدان لەوەی کە هەندێ لەم پیتانە هەندێجار دووبارە دەبنەوە، لەبنەڕەتدا دەبێت کۆی گشتی لەبەرچاو بگیرێت، کە بەسەر ١٩دا دابەش ناکرێت، بەم ژمارانە ئەگەر بەڕەوشی تر یاری پێبکەین لەلایەنی ژمارەییەوە کە بەسەر ١٩ یان بەسەر ٧ یان بەسەر هەر ژمارەیەکی تردا شیاوی دابەش بوون بێت،**

**دەتوانیت بیدۆزیتەوە، سەرەڕای ئەوە ئەگەر کۆی بەهای ژمارەیی هەموو ١٤ پارافەکە لەگەڵ یەکتر کۆ بکەینەوە، بەزیادکردنی ژمارەی یەکەمی سورەتێک کە پارافی هەیە، کۆی گشتیی دەکاتە ٩٨٨، یان ٥٢ * ١٩، خشتەی ژمارە ٨ نیشاندەری ئەو زانیاریانەیە.**

**رەخنە: هەروەکو رەشاد لەجێگەی (ن) تەنها (ن و ن)ی قبوڵکردووە، دەبێت لەگەڵ ١٥ پیتی بڕگەیی لەبەرچاو گرتووە نەک ١٤ کە ئەنجام دابەش نابێت بەسەر ١٩دا، من (واو)م بەهێڵی سور زیادکردووە بۆ خشتەکە، ئەی بۆچی لێی کەم ناکاتەوە؟ بۆچی لێکدانی ناکات؟ بۆچی لەگەڵ ژمارەی کۆتایی سورەتەکە کۆی ناکاتەوە؟ چونکە سەرنجی ئێوە راناکێشێت و بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**ئەگەر ژمارەی دووبارەی هەر یەکێک لەو ١٤ پیتەی کە لە خشتەی ٨دا هاتووە، بەناونیشانی پاراف لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی سورەتەکانی کە پیتەکانی لەناو ئەوانە بەناونشانی پاراف هاتووە، کۆی گشتی دەکاتە ٢٠٣٣، یاخود ١٠٧ * ١٩، سەرنجی خشتەی ژمارە ٩ بدەن.**

**ڕەخنە: کێشەی زیادکردنی واو لە خشتەی ٩ بەڕەنگی سور ئاماژەم پێکردووە، سەرسوڕهێنەرە کە ڕەشاد خەلیفە دوو ن لەبەرچاو دەگرێت و واو پشتگوێدەخات تا هەژمارکردنەکەی دروست دەربچێت.**

**خشتەی ١٠ کۆی دووبارەی پارەفەکانی قورئانە، لەگەڵ زیادکردنی کۆمەڵەی بەهای ژمارەیی ئەم پیتانە لە تەواوی سورەتەکە نیشانی دەدات، کۆی گشتیی بۆ هەموو**

**سورەتەکانی پارافدار دەکاتە ١٠٨٩٤٧٩، ئەم ژمارە کە زیاد لە یەک ملیۆنە شیاوی دابەشکردنە بەسەر ١٩دا، (٥٧٣٤١ * ١٩ = ١٠٨٩٤٧٩)، بچوکترین گۆڕان یان ئاوەژووکردنەوەی ئەم سیستەمە تێکدەچێت.**

## خشتەی ٩: ڕێگەی جێگیرکردنی پارافەکانی قورئان

| پاراف | ژمارەی دووبارە | سورەتێک کە تیایدا دووبارە بۆتەوە | کۆ |
|---|---|---|---|
| أ | ١٣ | (+٢٩+١٥+١٤+١٣+١٢+١١ +١٠+٧+٣+٢+٣٢+٣١+٣٠) | ٢٢٢ |
| ل | ١٣ | (+٢٩+١٥+١٤+١٣+١٢+١١+ ١٠+٧+٣+٢+٣٢+٣١+٣٠) | ٢٢٢ |
| م | ١٧ | (+٣٢+٣١+٣٠+٢٩+٢٨+٢٦+ ١٣+٧+٣+٢+٤٦+٤٥+٤٤+٤٣ +٤٢+٤١+٤٠) | ٥١٩ |
| ص | ٣ | (٣٨+١٩+٧+) | ٦٧ |
| ر | ٦ | (١٥+١٤+١٣+١٢+١١+١٠+) | ٨١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ک | ١ | (+١٩) | ٢٠ |
| هـ | ٢ | (+١٩+٣٦) | ٤١ |
| ی | ٢ | (+١٩+٤٢) | ٥٧ |
| ع | ٢ | (+٢٠+٢٦+٢٧+٢٨) | ٦٣ |
| ط | ٤ | (+٢٦+٢٧+٢٨+٣٦+٤٢) | ١٠٥ |
| س | ٥ | (+٢٦+٢٧+٢٨+٣٦+٤٢) | ١٦٤ |
| ح | ٧ | (+٤٠+٤١+٤٢+٤٣+٤٤+٤٥+٤٦) | ٣٠٨ |
| ق | ٢ | (+٤٢+٥٠) | ٩٤ |
| ن | ٢ | (+٦٨) | ٧٠ |
| و | ١ | ٦٨ | ٦٩ |
| | ٧٩<br>٨٠ | ١٩٥٤<br>٢٠٢٢ | ٢٠٢٣<br>٢١٠٢ |
| | | | (١٩* ١٠٧)<br>٢١٠٢<br>بەسەر<br>١٩دا<br>دابەش<br>نابێت |

**بەبیرهێنانەوە: کۆی بەهای ژمارەیی ژمارەی پارافەکانی قورئان لە هەر سورەتێکدا یەکسانە بە بەهای ژمارەیی هەر پارافێک لێکدانی دووبارەی ئەو پارافە لەسورەتەکەدا.**

**ڕەخنە:**

**یەکەم: دووبارە واوی لەبەرچاو نەگرتووەو دوو نونی لەبەرچاو گرتووە.**

## خشتەی ١٠: کۆی بەهای ژمارەیی هەموو پارەفەکانی قورئان

| سورەت | پاراف | ژمارەی دووبارە پارافەکان | کۆی بەهای ژمارەیی هەموو سورەتەکە |
|---|---|---|---|
| ٢ | أ.ل.م | ٩٨٩٩ | ١٨٨٣٦٢ |
| ٣ | أ.ل.م | ٥٦٦٢ | ١٠٩٢٤١ |
| ٧ | أ.ل.م.س | ٥٣٢٠ | ١٠٣٧١٩ |
| ١٠ | أ.ل.ر | ٢٤٨٩ | ٨٠١٠٩ |
| ١١ | أ.ل.ر | ٢٤٨٩ | ٩٠١٩٠ |
| ١٢ | أ.ل.ر | ٢٣٧٥ | ٧٧٠٦٦ |
| ١٣ | أ.ل.م.ر | ١٤٨٢ | ٥٢٨٠٥ |
| ١٤ | أ.ل.ر | ١١٩٧ | ٤٦١٤٥ |
| ١٥ | أ.ل.ر | ٩١٢ | ٢٩٣٨٣ |
| ١٩ | ک.هـ.ی.ع.ص | ٧٩٨ | ١٧٥٧٥ |
| ٢٠ | ط . هـ | ٢٧٩ | ١٥٠٧ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ط . س . م | ٦١١ | ٢٥٢٩٧ |
| ٢٧ | ط . س | ١٢١ | ٥٨٨٣ |
| ٢٨ | ط . س . م | ٥٨١ | ٢٤٦٩١ |
| ٢٩ | أ . ل . م | ١٦٧٢ | ٣١١٥٤ |
| ٣٠ | أ . ل . م | ١٢٥٤ | ٢٥٠١٤ |
| ٣٦ | ى.س | ٢٨٥ | ٥٢٥٠ |
| ٣٨ | ص | ٢٩ | ٢٦١٠ |
| ٤٠ | ح.م | ٤٤٤ | ١٥٧١٢ |
| ٤١ | ح.م | ٣٢٤ | ١١٤٢٤ |
| ٤٢ | ح.م.ع.س.ق | ٥٦٢ | ٢٨٢٢٤ |
| ٤٣ | ح.م | ٣٦٨ | ١٣٣١٢ |
| ٤٤ | ح.م | ١٦٦ | ٦١٢٨ |
| ٤٥ | ح.م | ٢٣١ | ٨٢٤٨ |
| ٤٦ | ح.م | ٢٦١ | ٩٢٨٨ |
| ٥٠ | ق | ٥٧ | ٥٧٠٠ |
| ٦٨ | ن . و . ن | +١٣٣ ٩٦ | ٥٧٦ + ٦٦٥٠ |
| | | ———— - | ———— - |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ٤١٣٨٨ | ١٠٤٨٠٩١ |
| ١٠٤٨٠٩١ + ٤١٣٨٨ = ١٠٨٩٤٧٩ (١٩ * ٥٧٣٤١) | | | |

**هەژماردن لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی واو بەهێڵی سوور لەخشتەکەدا نوسیومن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕی هەژمارکراوی گشتی بەسەر ١٩دا دابەش نەبێت.**

**دووەم: هەروەکو پێشتر باسمانکرد ڕەشاد خەلیفە لەهەژماری ژمارەی ئەلف دووچاری هەڵە بووە, چونکە هەندێ بزوێنی هەژمارکردووەو هەندێکی قرتاندووە، لەبەرئەوە هەمووی هەژمارکردنێکی ئەلف هەڵەیەو لەکۆی گشتیدا شیاوی دابەشبوون بەسەر ١٩دا نیە، هەروەکو ئەم کێشانە لە خشتەی ١١ لەدواتردا هاتووە، ئەو خشتەیەمان لێرەدا باس نەکردووە.**

## کۆدی بیرکاری وشە تایبەتییەکان، وشەی الله

**[١] هەمانشێوە کە پێشتر باسمانکردووە کە وشەی "خودا" لە قورئاندا ٢٦٩٨جار دووبارە بۆتەوە، ١٤٢ * ١٩.**

**ڕەخنە: ٢٨٠٧ دانەیە کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**[٢] کۆی ژمارەی ئەو ئایەتانەی کە وشەی "خودا"ی تێدا هاتووە. دەکاتە ١١٨١٢٣ کە لێکدراوی ١٩ یە، (٦٢١٧ * ١٩)**

**ڕەخنە: هەروەکو لەهەژمارەکەدا ژمارەی وشەی الله بەهەڵە نوسیویەتی، ئەم هەژمارکردنەش هەڵەیە.**

**[٣] لە یەکەمین پارافی قورئانیی (أ.ل.م ٢:١) تا کۆتا پاراف (ن ٦٨:١) ٢٦٤١، ١٣٩ * ١٩، وشەی "خودا" دووبارە بۆتەوە.**

**رەخنە: ٢٧١٣جار دووبارە بۆتەوە کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**[٤] وشەی الله ٥٧ جار لەدەرەوەی پارافەکان هاتووە.**

**رەخنە: ٩٤جار هاتووە کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**[٥] بەکۆکردنەوەی ژمارەی سورەتەکان و ئایەتەکانی کە ئەم ٥٧ جار وشەی "خودا"ی تێدا هاتووە، کۆی دەکاتە ٢٤٣٢، یاخود ١٢٨ * ١٩.**

**رەخنە: هەروەکو لە هەژمارکردنەکەی پێشوو هەڵەی کرد ئەمەش بەهامانشێوە هەڵەیە.**

**[٦] وشەی "خودا" لە ٨٥ سورەتدا هاتووە، ئەگەر ژمارەی هەر سورەتێک لەگەڵ ئایەتی کە لەنێوان یەکەمین و کۆتا دووبارەی وشەی "خودا" هاتووە، لەگەڵ یەکتر کۆ بکەینەوە، بەشێوەیەک ئایەتی یەکەم و کۆتاش هەژمار بکەین، کۆی گشتیی دەکاتە ٨١٧٠، یان ٤٣٠ * ١٩.**

**ڕەخنە: وشەی الله لە تەواوی سورەتەکانی قورئاندا بوونی هەیە، چونکە لانیکەم لە بسم الله ی دەستپێکی هەر سورەتێک بوونی هەیە، هەتا سورەتی التوبە کە بسم الله ی بۆ نەنوسراوە, بەڵام وشەی الله ی تێدایە، لەبەرئەوە هەژماری سەرەوە هەڵەیە.**

**[٧] گرنگترین پەیامی قورئان ئەمەیە کە تەنها "یەک خودا" هەیە، وشەی "یەک" لە عەرەبیدا دەبێتە "واحد" و ٢٥جار لەقورئاندا هاتووە،**

**٦جاری ئەمانە بۆ جگە لە خودا ئاماژەی کردووە (یەک جۆری خواردن، یەک دەرگا، و جگەلەوە)، ١٩ دووبارەی تری ئەوە ئاماژەیە بۆ خودا، ئەم زانیارییە لەپێڕستی زمانەوانی قورئاندا دەدۆزرێتەوە، گرنگی بەرفراوانی وشەی "واحد" بەناونیشانی پەیامی بنەڕەتی قورئان لەوەوە دەستنیشان دەکرێت کە لێکدانی هاوبەشی قورئان، ١٩، بەهای ژمارەیی وشەی "واحد"ە.**

**ڕەخنە: لەقورئاندا وشەی واحد ٦١ جار هاتووەو ٢٢جار لەبارەی خوداوەیە، کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

## وشەی "قرآن"

**وشەی "قرآن" لە قورئاندا ٥٨ جار دووبارە بۆتەوە کە یەکێک لەوانە لە ١٠:١٥ بە " قورئانی تر" ئاماژە دەکات، بەڵام ئەم دووبارە تایبەتە دەبێت لابرێت، لەبەرئەوە دووبارەی "ئەم قورئانە" لە قورئاندا ٥٧ جارە یان ٣ * ١٩، دوو شێوەی تری وشەی "قرآن" لەروانگەی ڕێزمانیەوە لە ١٢ئایەتدا بوونی هەیە، ئەم وشانە "قرء انا" و "قرء آنە"یە، یەکێکە لەوانە لە ١٢:٣١ هاتووە کە ئاماژەیە بۆ "قورئانی تر" کە بۆتەهۆی شیکردنەوەی شاخەکان، یەکێکیتر لە ٤١:٤٤ هاتووەو ئاماژە بە "قورئانی غەیرە عەرەبی" دەکات، ئەم دوو دووبارەیە هەژمار ناکرێت.**

**رەخنە: وشەی قورئان لە کتێبی قورئان ٧١جار هاتووە کە ٧جار دەتوانێت بڵێیت مانای**

**قورئانی محەمەد نادات، بەڵام ٦٤جار مەبەستی هەمان قورئانە و بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

## کۆڵەکەی پتەو

**یەکەمین ئایەتی قورئان "بەناوی خودا، بەخشندەترین، میهرەبانترین"، ناسراو بە بسم الله، بەتەواوی ١٩ پیتە، بەشە پێکهاتووەکانی ئەویش هەر یەکیان لە قورئان بەچەند جارێک دووبارە کراوەتەوە کە لێکدانی ١٩یە.**

**یەکەمین وشە ............... "اسم".............دووبارە........١٩جار**

**رەخنە: یەکەم وشە "بسم"ە نەک "اسم"، وشەی "بسم" ١١٥جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە کە بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**دووەمین**

**وشە........."الله"..........دوبارە........٢٦٩٨**

**جار(١٤٢ * ١٩)**

**ڕەخنە: ٢٨٠٧دانەیە کە بەسەر ١٩دا شیاوی دابەشبوون نیە.**

**سێیەمین وشە......."الرحمن"**

**(بەخشندەترین)........دووبارە.......٥٧جار(٣ * ١٩)**

**ڕەخنە: الرحمن ١٦٠جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە کە بەسەر ژمارە ١٩ دابەش نابێت.**

**چوارەمین**

**وشە......"الرحیم"(میهرەبانترین)........دووبارە.......١١٤جار (٦ * ١٩)**

**ڕەخنە: الرحیم ١٤٦جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە کە بەسەر ١٩دا شیاوی دابەشبوون نیە،**

**من سەرمسوڕماوە ڕەشاد خەلیفە ئەم ژمارانەی لەکوێوە هێناوە!.**

## پێنج کۆڵەکەکەی ئیسلام

**ئەگەرچی قورئان دەستورێکی تەواوە کە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمە حوکم دەکات، (بۆ نمونە ٢٢:١٧–٣٨ سەرنجبدە)، بەڵام پێنج "کۆڵەکە"ی بنەڕەتی هەیەو لەحەدیسدا دووپات کراوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە:**

**١– شایەتومان: شایەتیدان بەوەی کە لەتەنیشت خودا "الله" خودایەکی تر بوونی نیە.**

**٢– نوێژ: بەجێگەیاندنی پاڕانەوەی پەیوەندی (نوێژخوێندن ٥ جار لەرۆژێکدا)**

**٣- رۆژوو: رۆژووگرتن لە نۆهەمین مانگی رۆژژمێری ئیسلامیی (رەمەزان).**

**٤- زەکات: پێدانی ٪٢/٥ لەماڵ و موڵک بەو کەسانەی جێگیرکراون.**

**٥- حەج: سەردانی مەکە یەکجار بەدرێژایی تەمەن، بۆ ئەو کەسانەی کە توانای بەجێگەیاندنیان هەیە، وەکو هەموو شتەکانی تر، ئەمانەش ریزبەندی بیرکارییان هەیە.**

**١. یەک خودایی (شەیاتومان):**

**هەمانشێوەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، "واحد" کە ئاماژەیە بۆ خودا ١٩جار هاتووە.**

**رەخنە: لەقورئاندا وشەی واحد ٦١جار هاتووەو ٢٢جار لەبارەی خوداوەیە.**

**ئەم ئاماژەیە بە"تەنها" خودا ٥ جارەو کۆی ژمارەی سورەتەکان و ئایەتەکانی کە ئەم پێنج جارەی تێدا دووبارە بۆتەوە دەکاتە ٣٦١، یاخود ١٩ * ١٩.**

**ڕەخنە: وشەی واحد لەقورئاندا ٦جار هاتووەو هەژمارکردنەکەی سەرەوە هەڵەیە.**

**"یەکەمین کۆڵەکەی ئیسلام" لە ٣:١٨هاتووە "لا الە الا هو"، (بەتەنیشتی خودا، خودایەکی تر نیە)، ئەمە گرنگترین ئاماژەیە لە ١٩ سورەتدا هاتووە، یەکەمین دووبارە ٢:١٦٣ یەو کۆتا لە ٧٣:٩، خشتەی ژمارە ٢٢نیشانی دەدات کە کۆی ژمارەی سورەتەکان بەزیادکردنی ئایەتەکانی سەرەتا تا کۆتا دووبارە لەگەڵ زیادکردنی کۆی ژمارەی ئەم ئایەتانە دەکات ٣١٦٥٠٢، یاخود**

**١٦٦٥٨ * ١٩، جگەلەوە، بەزیادکردنی ژمارە ١٩ سورەتێک کە (لا الە الا هو) لەودا دووبارە بۆتەوە، بەزیادکردنی ئایەتەکانی کە ئەم رستەی تێدا دووبارە بۆتەوە، لەگەڵ زیادکردنی کۆی ژمارەی دووبارە (٢٩) ، کۆی گشتیی دەکاتە ٢١٢٨، یان ١١٢ * ١٩، درێژەکەی لە خشتەی ٢٢ باسکراوە.**

**ڕەخنە: رستەی "لا الە الا هو" لەقورئاندا ٣٠جار دووبارە بۆتەوە نەک ٢٩جار و هەڵبەتە هەژمارەکانی خشتەی ٢٢ و ٢٣ هەڵەن.**

**خشتەی ٢٢: هەموو سورەتەکان و ئایەتەکان لە یەکەمین دووبارەی لا الە الا هو تا کۆتایترین دووبارەی ئەو**

| ژ.سورەت | ژمارەی ئایەتەکان | کۆی ژمارەی ئایەتەکان | کۆی گشتیی |
|---|---|---|---|

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | ١٢٣ | ٢٧٦٧٥ | ٢٧٨٠٠ |
| ٣ | ٢٠٠ | ٢٠١٠٠ | ٢٠٣٠٣ |
| —— | —— | —— | —— |
| ٩ | ١٢٧ | ٨١٢٨ | ٨٢٦٤ |
| —— | —— | —— | —— |
| ٧٢ | ٢٨ | ٤٠٦ | ٥٠٦ |
| ٧٣ | ٩ | ٤٥ | ١٢٧ |
| —— | —— | ——<br>- | —— |
| ٢٧٠٠ | ٥٣١٢ | ٣٠٨٤٩٠ | )٣١٦٥٠٢<br>* ١٩<br>(١٦٦٥٨ |

# خشتەی ٢٣: پێڕستی دووبارەی ڕستەی "لا الە الا هو" لەتەواوی قورئاندا

| ژمارە | ژ. سورەت | ئایەت لەگەڵ ڕستەی شایەتومان | ژ. دووبارەی شایەتومان |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ١٦٣ ، ٢٢٥ | ٢ |
| ٢ | ٣ | ٢ ،٦ ، ١٨(دووجار) | ٤ |
| ٣ | ٤ | ٨٧ | ١ |
| ٤ | ٦ | ١٠٢، ١٠٦ | ٢ |
| ٥ | ٧ | ١٥٨ | ١ |
| ٦ | ٩ | ٣١ | ١ |
| ٧ | ١١ | ١٤ | ١ |
| ٨ | ١٣ | ٣٠ | ١ |
| ٩ | ٢٠ | ٨ ، ٩٨ | ٢ |
| ١٠ | ٢٣ | ١١٦ | ١ |
| ١١ | ٢٧ | ٢٦ | ١ |
| ١٢ | ٢٨ | ٧٠ ، ٨٨ | ٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ | ٣٥ | ١٣ |
| ١ | ٦ | ٣٩ | ١٤ |
| ٣ | ٣، ٦٢، ٦٥ | ٤٠ | ١٥ |
| ١ | ٨ | ٤٤ | ١٦ |
| ٢ | ٢٢، ٢٣ | ٥٩ | ١٧ |
| ١ | ١٣ | ٦٤ | ١٨ |
| ١ | ٩ | ٧٣ | ١٩ |
| ٢٩ | ١٥٩٢ | ٥٠٧ | |
| ٥٠٧ + ١٥٩٢ + ٢٩ = ٢١٢٨ = ١٩ * ١١٢ | | | |

**صلاە(نوێژ)**

**وشەی "صلاە" لەقورئاندا ٦٧جار دووبارە بۆتەوە، کاتێک ئێمە ژمارەی سورەت و ئایەتەکانی ئەم ٦٧دووبارە لەگەڵ یەک کۆ بکەینەوە، دەکاتە ٤٦٧٤، یان ٢٤٦ * ١٩.**

**ڕەخنە: صلاە لەقورئاندا ٧٨جار هاتووە کە یەکێک بارەی نوێژی موشریکەکانەوەیە، بەهەر شێوەیەک هەژماری سەرەوە هەڵەیەو بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**ڕۆژوو (صیام)**

**دەستوری ڕۆژووگرتن لە ئایەتەکانی، ١٩٦، ١٨٥، ١٨٤، ٢:١٨٣؛ ٤:٩٢؛ ٩٥، ٥:٨٩؛ ٥:٣٥؛ ٣٣:٣٥ هەروەها ٥٨:٤دا هاتووە، کۆی ئەم ژمارانە دەکاتە ١٣٨٧، یاخود ٧٣ *١٩، مایەی سەرنجدانە کە لەئایەتی ٣٣:٣٥ ڕۆژوو دووجار دووبارە بۆتەوە، یەکێک بۆ پیاوانی موسڵمان، ئەویتر بۆ ژنانی موسڵمان.**

**ڕەخنە: ڕۆژوو لەقورئاندا ١٣جار هاتووە نەک ١٠جار، لەبەرئەوە هەژماری سەرەوە هەڵەیەو بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

**زەکات و حەج**

**لەکاتێکدا سێ کۆڵەکەی یەکەمی ئیسلام بۆ هەموو ژن و پیاوە موسڵمانەکان ئەرک(واجب)ە، زەکات و حەج تەنها بۆ کەسانێکە کە ئەو توانایەیان هەیە, ئەرکە، ئەمە دیاردەیەکی بیرکاریی سەرسوڕێن باس دەکات کە پەیوەندی هەیە بەزەکات و حەجەوە.**

**زەکات لە ئایەتەکانی ٢٧٧، ١١٠، ٢:٤٣، ١٦٢، ٤:٧٧، ١٢، ٥:٥٥، ٧:١٥٦، ٧١، ١٨، ١١، ٩:٥، ١٨:٨١، ٣١، ٥٥، ١٩:١٣، ٢١:٧٣، ٢٢:٤١، ٢٣:٤، ٥٦، ٢٤:٣٧، ٢٧:٣، ٣٠:٣٩، ٣١:٤، ٣٣:٣٣،**

**٤١:٧، ٥٨:١٣، ٧٣:٢٠، هەروەها ٩٨:٥ هاتووە، کۆی ئەم ژمارانە ٢٣٩٥دەکات، ئەم کۆمەڵە بەوردی بەسەر ١٩دا شیاوی دابەشبونە، ژمارەیەک زیادەیە.**

**حەج لەئایەتەکانی ١٩٧، ١٩٦، ٢:١٨٩، ٩:٣، ٢٢:٢٧ دا هاتووە، کۆی ئەمانەش دەکاتە ٦٤٥ و ئەمەش بەسەر ١٩ دابەش دەبێت، ژمارەیەکی کەمە، لەبەرئەوە، زەکات و حەج، لەگەڵ یەکتر دەکاتە ١٦٠ * ١٩ = ٣٠٤٠ = ٦٤٥ + ٢٣٩٥.**

**ڕەخنە: ڕەشاد خەلیفە بەهەر شێوەیەکی نەگونجاو دەستی بردووە تا ژمارە ١٩ بەدەست بهێنێت و دووبارە هەڵەی کردووە، چونکە ژمارەی دووبارەی وشەی حەج لەقورئاندا دەکاتە ١١ جار نەک ٥ جار، ئەم هەژماردنەی ئەو هەڵەیەو بەسەر ١٩ دابەش نابێت.**

## هەیکەلی بیرکاری قورئان

سورەتەکان، ئایەتەکان، وشەکان و پیتەکانی قورئان نەک تەنها داڕێژراوێکی بیرکارین بەڵکو بەشێوەی هەیکەل و باڵەخانەیەک لەسەروو مرۆڤەوە ریز کراوە کە بەتەواوی بیرکارییە، ناوەڕۆکە ئەدەبییەکەی ئەو هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەم باڵەخانەیە نیە، لێرەدا کە باڵەخانەی قورئان تەنیا بیرکارییە، چاوەڕوان دەکرێت کە ژمارەگەلێک کە لەقورئاندا هاتوون، دەبێت لە بنەمای کۆی ۱۹ی قورئان هەمبەری هەبێت، ژمارەی ۳۰دانەی تایبەت لەقورئاندا هاتووە و کۆی هەموو دەکاتە ١٦٢١٤٦ کە بەسەر ۱۹ دابەش دەبێت☹۸۵۳٤ * ۱۹ = ١٦٢١١٤٦)، خشتەی ۲٤ پێڕستی هەموو ئەم ژمارە دووبارانە لەقورئاندا نیشان دەدات، بەبێ دووبارەی چەند جارە، ئەو ژمارانەی

**لەقورئاندا تەنها یەکجار دووبارە بۆتەوە بریتین لە: ١١، ١٩، ٢٠، ٥٠، ٦٠، ٨٠، ٩٩، ٣٠٠، ٢٠٠٠، ٣٠٠٠، ٥٠٠٠، ٥٠٠٠٠، ١٠٠٠٠٠، هەموو ژمارە دووبارە بووەکان لەقورئان لەگەڵ دووبارەی چەندجارە، ٢٨٥جار دووبارە بوونەتەوە، ئەم ژمارەیەش شیاوی دابەشبوونە بەسەر ١٩دا، ١٥ * ١٩.**

**ڕەخنە: لەقورئاندا ژمارەی دەییەکان هەندێکی وەک یەک لەسەر دوو، یەک لەسەر سێ، یەک لەسەر چوار، یەک لەسەر پێنج، یەک لەسەر شەش و یەک لەسەر هەشت بوونی هەیە، بەڵام ڕەشاد خەلیفە بەبێ بەڵگە ئەوانی خستۆتە لاوە, چونکە هەژمارکردنەکەی نەدەگونجا.**

## ژمارەی سورەتەکان و ئایەتەکان

**لەسیستەمی ژمارەکردنی سورەتەکان و ئایەتەکانی قورئان بەتەواوی پارێزگاریی کراوە، تەنها چاپێک پاڵپشتی نەکراوە و زۆر بەتایبەتی لەگەڵ سیستەمی یاسایی کە لەڕێگەی خوداوە پارێزگاریی لێکراوە، جیاوازی هەیە، کاتێک ئێمە هەموو ژمارەی سورەتەکان لەگەڵ یەک کۆ دەکەینەوە، لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی ئایەتەکان لەناو هەر سورەتێک هەروەها بەزیادکردنی کۆی ژمارەی ئایەتەکان، کۆی هەموو قورئان دەکاتە ٢٤٦١٩٩، یان ٩٥٩ * ١٩.**

**ڕەخنە: ئەمەش کۆکردنەوەیەکی دڵخوازانەی تر، ژمارەی ئایەتەکان دووبارە کۆ دەکاتەوە بەزیادکردنی ژمارەی سورەتەکان! بۆچی؟ لەسەر بنەمای چ پێوەرێک؟ بەڵام ئەنجامەکەی**

**باس ناكات, چونكە كۆی گشتی ئایەتەكانی قورئان دەكاتە ٦٢٣٦ كە بەسەر ژمارە ١٩ دابەش نابێت، زیادكردنی ١١٢(بسم الله كە ژمارەی نیە) ئەمەش بێ ئەنجامە لەكاتێكدا رەشاد خەلیفە ژمارەی ئایەتەكانی بە ٦٣٤٦ دەزانێت (بگەڕێوە بۆ ژمارەی ٣ لەسەرەتای ئەم باسەدا)، لەبەرئەوە هەژماری سەرەوە هەڵەیە.**

**ئێستا دەبێت سەرنجی كۆمەڵێكی دیكەی پەرجوو كە لەگەڵ ژمارەی سورەتەكان و ئایەتەكان پەیوەندی هەیە، بدەین، سورەتەكە بنوسەو بەدوای ئەودا ژمارەی ئایەتەكان لەو سورەتەدا، پاشان ژمارەی هەر ئایەتێک و دواجار كۆی ژمارەی ئایەتەكان، پاشان بۆ سورەتی ١، بنوسە ١ بۆ ژمارەی سورەتەكە، دواتر ٧ بۆ ژمارەی ئایەتەكان، ١٢٣٤٥٦٧ بۆ ژمارەی ئایەتەكان و دواجار ٢٨ بۆ كۆی**

**ژمارەی ئایەتەکان، بەمشێوەیە ٢٨ بۆ کۆی ژمارەی ئایەتەکان، بەمشێوەیە ٢٨ ١٢٣٤٥٦٧ ٧ ١ ژمارەی سورەتی ٢ بەم شێوەیە دەردەچێت: ٢٨٥ ٤١٠٤١.....١٢٣٤٥٦ ٢٨٦ ٢، هەمان کار بۆ هەر ١١٤سورەتەکە ئەنجام بدە، پاشان ئەم ژمارانە لەگەڵ یەکتر کۆ بکەرەوە، کۆی دەکاتە ٧٥٩ ژمارە، بەسەر ١٩ دابەش دەبێت.**

## ڕەخنە:

**یەکەم: لەسەر بنەمای چ پێوەرێک ئەم کارەی ئەنجام داوە؟ بەدڵنیایی یاریکردن بەم ژمارانە دواجار دەگاتە ژمارەیەک کە بەسەر ١٩دا یان هەر ژمارەیەکی تر دابەش ببێت.**

**دووەم: ئەم کارەش ئەنجامی نیە, چونکە وەک پێشتر باسمانکرد ڕەشاد خەلیفە ژمارەی ئایەتەکانی بەهەڵە هەژمار کردووە، لەبەرئەوە**

**کۆی هەژمارکردنەکەی بەدڵی خۆی بووە، ئەو لەگەڵ ژمارەی درێژ کە لەهەموو ئایەتەکان تێبینی کراوە، هەڵەیە و بەسەر ١٩دا شیاوی دابەشبوون نیە، بەهەمان بەڵگە لەباسکردنی هەژمارەکانی داهاتوو ئەو لەگەڵ ئایەتەکان چاوپۆشیم لێ کردووە.**

**کۆتایی بەشی گواستراوە لە** http://submission.org

◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇◇

**<u>ئەنجام</u>**

**– ئەمجۆرە لێکدانەوەی ئایەتەکان و وشەکانی و پیتەکانی قورئان بێکەڵک و بێ ئەنجامە، یەکێک لەهۆکارە گرنگەکان، جیاوازییەکانە لەدەقی نوسراوی قورئاندا، جیاوازییەکان حەوت خوێنەرەوەکە و جیاوازی نوسین لە سەرەتای ئیسلام[1] لەگەڵ کاتەکانی دواتر و جیاوازی نوسینی عوسمانیی و ئاسایی لەسەردەمی ئێستادا دەبێتەهۆی جێگیریی کە دەستی پێنەگات تا بتوانیت بەشێوەی هەمەلایەنە بڕوای پێ بکەیت و هەتا پیتەکانی ئەویش دەژمێردرێت، سەرباری ئەوە لەهەنگاوی کۆکردنەوەی کۆتایی قورئاندا لەسەرەتای ئیسلامدا، دەرکەوتنی گۆڕانکارییەکان وەکو لابردن(سڕینەوە)ی ئایەتەکان، جێگۆڕکێی ئایەتەکان و سڕینەوەو**

[1] سەرەتای ئیسلام (صدر اسلام): بەو ماوەیە دەگوترێت کە دەستپێدەکات لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام لەمحەمەدەوە تا کۆتا خەلیفەی ڕاشدین.وەرگێڕ

**جێگۆڕکێی وشەکانی قورئان بڕاوەتەوە، لەبەرئەوە هەتا بۆ کەسانێک باوەڕیان هەیە کە قورئان وەحی خودایە، دەقێکی سەد لە سەدی لەبەردەست نیە کە هەتا لەڕوانگەی ژمارەی وشەکان و پیتەکان جێگیر بێت، لەبەر هەمان بەڵگە لێکدانەوە بیرکارییەکانی قورئان شایەنی باوەڕپێکردن نیە.**

**– ڕەشاد خەلیفە ملیۆنەها هەژماری لەگەڵ ژمارەی وشەکان و پیتەکانی سورەتەکان ئەنجامداوە کە زیاترینی ئەوانە بێ ئەنجام بوون، بەڵام هەڵبەتە لەنیوان ئەم هەموو هەژمارکردنەدا هەندێ ئەنجام بەسەر ژمارە ١٩ دابەش دەبێت، هەروەکو ئەوەی هەندێکی بەسەر ١٣ یاخود ٧ یان هەر ژمارەیەکی تردا شیاوی دابەشکردنە، ئەو کاتەی ئەو لایەنەی بەسەر ١٩ دابەش دەبێت بەناونیشانی پەرجوو**

**باسیکردووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم کارە لەگەڵ هەر دەقێکی تر دەتوانیت ئەنجامی بدەیت و بانگەشەی پەرجووبوونی بکەیت.**

**- ڕەشاد خەلیفە لە پێوەرە گونجاوە ئاشکراکانی لە لێکدانەوەکەیدا سودمەند نەبووە، زیاتر هەژمارکردنەکەی یاری بووە لەگەڵ ژمارەکان، ئەو بەشێوەی تاکتیکی رووکەشی هەژمارکردنەکەی گۆڕیوە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی گونجاو بخاتەڕوو، ئەم گۆڕانکارییە تاکتیکیە, من لە رەخنەکان نیشانداوە، وەکو ئەو بسم الله لەسورەتی تەوبە قبوڵ نیە، بەڵام بەشێوەی تاکتیکی سودی لێوەرگرتووە، ئەویش کاتێک دەیەوێت ژمارەی بسم الله لەقورئاندا بەسەر ١٩ دابەش ببێت، بسم الله ی سورەتی تەوبە لەبەرچاو دەگرێت، ئەو پێوەرێکی ئاشکرا کە بۆ تەواوی**

**هەژمارکردنەکەی بگونجێت پیشان نادات و بۆیە بۆ گونجاندن لەگەڵ ژمارە ١٩ هەر دەست دەبات بۆ شێوازێک تا هەژمارکردنەکەی ئەنجام وەربگرێت، بۆنمونە بۆئەوەی پیتی بڕگەیی ( کە ئەو بەپارافەکانی قورئان ناوی بردووە) لەگەڵ ١٩ جۆر لە سەرەتا ژمارەی هەر پیتێک لەسورەتەکە کۆ دەکاتەوە، ئەگەر وەڵامی نەبوو، هەموو پیتە بڕگەییەکانی سەرەتای سورەتێک لەگەڵ یەکتر کۆدەکاتەوە، دووبارە ئەگەر وەڵامی نەبوو تەواوی سورەتەکانی کە پیتی بڕگەیی هاوشێوەی هەیە کۆیان دەکاتەوە، ئەگەر هەر وەڵامی نەبوو، ئەو سورەتانە کە لە یەک یان دوو پیتی بڕگەیی هاوبەشن لەگەڵ یەکتر کۆیان دەکاتەوەو دواجار ئەگەر هەر وەڵامی دەست نەکەوت، پیتێکی بڕگەیی لەسورەتێکی تر قەرز دەکات و**

**دەیخاتە سەر کۆکردنەوەکە تا بەسەر ١٩ دابەش ببێت، ئەگەر دەقی سەرەوە و ڕەخنەکان بەدیقەتەوە بخوێنیتەوە، تێدەگەیت کە ڕەشاد ئەم شێوازەی کتومت بەکارهێناوە، ئەمە ڕەوشی گشتی کەسانێکە کە دەخوازن پەرجووی بیرکاریی تێهەڵکێشی قورئان بکەن، بەهەر دەقێک دەتوانن بەمشێوە بکەن و لەودا پەرجوو بدۆزنەوە، نمونەیەکی سەرنجڕاکێش ژمارەی پیتەکانی بسم اللەیە، ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە کەسێک بەناوی عەبدولدائیم ئەلکەحیل، پەرجووی ژمارەی ٧ی لەقورئاندا باسکردووە، لەناونیشانی داهاتووی ئەم بەشەدا شیکردنەوەی بۆ دەکەین، ئێستا سەیرکە ئەم دوو کەسە (ڕەشاد و ئەلەکحیل) چییان بەسەر بسم اللەدا هێناوە، ڕەشاد ژمارەی پیتەکانی بسم الله بە ١٩ دەزانێت تا لەگەڵ کۆدی ژمارە**

**١٩دا بگونجێت و ئەلکەحیل ژمارەی ئەوی بە ٢١دەزانێت بۆئەوەی بڵێت لێکدراوی ژمارە ٧، نمونەیەکی تر پەرجووی ژمارە ١٢یە، دەڵێت "شهر" بەمانای مانگ دێت لەقورئاندا و ١٢جار هاتووە، کاتێک پێچونەوەی قورئان دەکەین دەبینین لەتەواوی داڕشتەکانی تر کە "شهر"ی تێدا هاتووە (وەکو شهرین و شهور) لەبەرچاویان نەگرتووە تاوەکو ژامرەکەیان هەر ١٢بێت، بەو پێیەی کەسێکم ئەم پەرجووە بیرکارییە پڕوپاگەندانەم بەدیقەتەوە خوێندۆتەوەو هەژمارکردووەو هەروەکو لە دوو ناونیشانی ئەم بەشەدا نیشانمداون، دەڵێم ئەم ڕەوشە بێ پێوەرەو تاکتیکی هەموو پەرچوواتاشێنەرانە و لە قورئاندا شتێک بەناوی پەرجووی بیرکاریی بوونی نیە.**

**- هەروەکو لە ڕەخنەکانی سەرەوە نیشانماندان، بەپێچەوانەی لاوازییە بنەڕەتییەکانی سەرەوەو پێچەوانەی گۆڕانکارییە بەشییەکانی قورئان، دووبارە هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕەشاد خەلیفە هەڵەن، بۆنمونە لە خشتەی ژێرەوە، باری ئەو سورەتانەی کە پیتی بڕگەییان هەیە پیشان دەدرێت.**

| سورەت | پیتە بڕگەییەکان | شیاوی دابەشبوون بەسەر ١٩دا |
|---|---|---|
| ٢ | الم | نییە |
| ٣ | الم | نییە |
| ٧ | المص | نییە |
| ١٠ | الر | نییە |
| ١١ | الر | نییە |
| ١٢ | الر | نییە |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | المر | نییه |
| ١٤ | الر | نییه |
| ١٥ | الر | نییه |
| ١٩ | كهيعص | نییه |
| ١٩ | طه | نییه |
| ٢٠ | طسم | نییه |
| ٢٦ | طس | نییه |
| ٢٧ | طسم | نییه |
| ٢٨ | الم | نییه |
| ٢٩ | الم | نییه |
| ٣١ | الم | نییه |
| ٣٢ | الم | نییه |
| ٣٦ | يس | نییه |
| ٣٨ | ص | نییه |
| ٤٠ | حم | نییه |
| ٤١ | حم | نییه |
| ٤٣ | حم عسق | نییه |
| ٤٤ | حم | نییه |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | حم | نییە |
| ٤٦ | حم | نییە |
| ٥٠ | ق | نییە |
| ٦٨ | ن | نییە |

هەتا بەزیادکردنی یەکێ (ن)یش ئەنجام نادات بەدەستەوە

کۆی هەموو (حم)ەکانی ٧ سورەت
بەسەر ١٩دا شیاوی دابەشبوونە

**لە کۆی گشتی ئەمانەدا ژمارەیەکی کەم شیاوی دابەشبونە بەسەر ١٩دا بەتەواوی ڕێکەوتەو هیچ پەرجوویەک لەئارادا نیە، لەهەر دەقێکی تردا دەتوانیت هەمان بڕ یان زیاتر بدۆزیتەوە.**

**گریمانەیەکی لاوازتریش هەیە، بەم شێوەیە کە بەسەرنجدان لەئایەتی ٣٠و ٣١ی سورەتی المدثر، کە لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا باسکراوە، دەگونجێت محەمەد پێشنیارێکی بۆ ژمارە ١٩ لەقورئاندا دەرخستبێت تا بۆ ئایندە وەک پەرجوو سەیر بکرێت، بۆ نمونە دەگونجێت ئەو مەبەستی بێت کە ژمارەی پیتە**

**بڕگەییەکان لە هەر سورەتێک بەسەر ١٩ دابەش ببێت، ئەمە کاری زۆر سادەیە، گورزەی ئایەتەکان لە هەر سورەتێک بەشێوەیەک بڕیاریداوە کە ژمارەی پیتەکان لەچوارچێوەی ١٩بێت یان لێکدراوی ١٩، ئەم کارە پێویستی بەژماردنی تەواوی پیتەکانی سورەتێک نیە، تەنها کافییە هەر جارێک کە ئایەتەکان بۆ سورەتێک زیادکراوە، پیتە تایبەتییەکان ئەو ١٩ یان لێکدراوی ١٩بێت، ئەمەش مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی ئەنجامی بدات، چونکە دەنگەکەی دیاریدەکات، سەرباری ئەوە ئەمڕۆ لێکۆڵەرەوانی بێلایەن، محەمەد بەنەخوێندەوار نازانن، مەگەر دەشێت کەسێک کە ١٥ساڵ بەڕێوەبەری بازرگانی خەدیجە بێت، هەمیشە لە گەشتی بازرگانی نێوان وڵاتان بێت و نەتوانێت شتێک بنوسێت و تەنانەت نەتوانێت**

**هەژمارە سادەکانی ئەو زەمانە ئەنجام بدات؟، بەهەر شێوەیەک دەگونجێت محەمەد باسی ژمارە ١٩ خۆی نیمایشی کردووە بەڵام لەلای خۆیەوە بۆ هەژمارەکردنەکە دووچاری هەڵە بۆتەوەو لەکاتی کۆکردنەوەی قورئانیش هەندێ لەئایەتەکان لابراوە یاخود جێگۆڕکێی پێکراوە، پێشنیارەکەی محەمەد لەبنەڕەتەوە لەناوبرابێت و پوختەیەکی ماوەتە، بەهەرحاڵ هیچ پەرجوویەکی تێدا نیە.**

## پڕوپاگەندەی پەرجووی ژمارە ٧ لەقورئاندا

**کەسێک بەناوی عەبدولدائیم الکحیل لەساڵی ٢٠٠٦ کتێبێکی لەژێر ناونیشانی "اشراقات الرقم سبعه في القرآن الكريم" بڵاوکردۆتەوەو باسی ئەوەی کردووە کە ژمارە ٧ بەشێوەی پەرجوو**

**لەقورئاندا بەکارهێنراوە، پڕوپاگەندەیەک هاوشێوەی ژمارە ١٩ی ڕەشاد خەلیفە، لەو کتێبەیدا سودی زۆری لە شێوازی ڕەشاد خەلیفەو هەندێکی تر وەرگرتووە، بەشی گەورەی ئەم کتێبە یاریکردنە بە ژمارە، بەشێوەیەکی چڕتر لەوەی کە ڕەشاد خەلیفە بەکاریهێناوە، لێرەدا بەهەندێ خاڵی گرنگ ڕەخنە لەو کتێبە دەگرین.**

**– ژمارەی پیتەکانی بسم الله ٢١پیتە کە بەسەر ٧ دابەش دەبێت.**

**ڕەخنە: بۆئەوەی ژمارەکە ببێتە ٢١ پیتەکانی کە دووپاتکردنەوە"شدە"ی لەسەرە لەبەرچاوی گرتووە[1]، سەرسوڕهێنەرە کە ئەوانە لە پەڕەی ١٠٠ کتێبەکەی بۆ پەرجوو سازکردن**

[1] ڕەشاد خەلیفە بۆئەوەی پیتەکانی بسم الله لەگەڵ ١٩ جۆربیت، لەکاتی دووپاتکردنەوە"شدە" تەنها یەک پیتیانی وەرگرتووە.

**خواستویەتی کە دووپاتکردنەوەکانی بسم الله یەک پیتی وەربگرێت، دیارە ئەم پەرجووسازێنەرانە خەڵکیی بەگەمژە دەزانن.**

**- یەکەمین سورەتی قورئان "الفاتحة" خاوەنی ٧ ئایەت و ٢١ جۆر پیتە کە لێکدراوی ژمارە ٧.**

**- پیتە بڕگەییەکان ١٤ پیتن کە بەسەر ٧ دابەش دەبن.**

**- دروستکردنی ئاسمانەکان لە ٦ڕۆژدا ٧ جار دووبارە بۆتەوە.**

**ڕەخنە: دروستکردنی ئاسمانەکان بەشێوەی گشتی ٣٠جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوە، بۆچی تەنها ئافراندن لە ٦دا هەژمار دەکات؟**

**- سبع سماوات لە ٧ ئایەتی قورئاندا هاتووە.**

**ڕەخنە: لە ٩ ئایەتدا هاتووە.**

**- ژمارەی سورەتەکان لەیەکەمین وشەی سبع(البقرة ٢٩) تا کۆتایی (النباء ٧٨) ٧٧ سورەتە, کە لێکدراوی ژمارە ٧.**

**- ژمارەی ئایەتەکان لەسنوری سەروو ٥٦٤٩ دانەیە کە لێکدراوی ٧.**

**ڕەخنە: (بسم الله)کانی هەژمار نەکردووە, بەڵام چونکە بسم الله ئایەتێکە لە هەر سورەتێک، ئەگەرچی ژمارە نەکراوە دەبێت هەژمار بکرێت کە ٥٧٢٤ ئایەت دەبێت و بەسەر ٧ دابەش نابێت.**

**- ژمارەی ئایەتەکان لە دەستپێک البقرة( یەکەمین وشەی سبع تێدایە) تا کۆتا سورەتی النباء (کە دواترین وشەی سبع تێدایە) ژمارەیان ٥٧٠٥ کە لێکدراوی ژمارە ٧.**

**ڕەخنە: دەبێت بسم الله لەبەرچاو بگرێت کە ژمارەیان ٥٧٨١ دەبێت و بەسەر ٧ شیاوی دابەشبوون نیە.**

**- ژمارەی ئایەتەکان لەسەرەتای البقرة تا یەکەمین وشەی سبع و ژمارەی ئایەتەکان لە کۆتا سبع تا کۆتایی سورەتی النباء ٥٢٨ کە لێکدراوی ٧، چونکە سورەتی الفاتحة خاوەنی ٧ ئایەتە ئەگەر لەسەرەتای قورئانەوە هەژماری بکەین لێکدراوی ٧ دەخوازێت.**

**ڕەخنە: دەبێت بسم الله لەبەرچاو بگرێت کە دوو لایەنی بەسەر ٧ دابەش نابێت، تەنها لەدوا سبع تا کۆتایی سورەتی النباء ٢٨ ئایەتە کە بەسەر ٧دا شیاوی دابەشبوونە، هەروەها ئەگەر هەژمارەکە لەسەرەتای قورئانەوە لەبەرچاو بگریت دەبێت لەلایەنی**

**ترەوە تا کۆتایی قورئان بەردەوامیی پێبدەیت کە بەسەر ٧ دابەش نابێت.**

**- یەکەمین وشەی قورئان "بسم "٢٢جار و کۆتا وشە "الناس" ٢٤١جار لەقورئاندا دووبارە بوونەتەوە، ئەگەر ئەوانە لەتەنیشتی یەکەوە بنوسین ٢٤١٢٢ لێکدراوی ٧.**

**ڕەخنە: ژمارەی وشەی بسم لە قورئاندا ١١٥جار و الناس ١٩٠جار دووبارە بۆتەوە، نە بەتەنها و نە بەکۆکردنەوەو نە لەتەنیشتی یەکەوە بەسەر ٧ دابەش نابێت.**

**- داخوازیی باقی کتێبەکە بەمەبەست تەنها یاریکردنە بەژمارە، لەم ڕوانگەیەوە ئەوانەم پشتگوێخستووە.**

## ئەنجام

**- خەوش و عەیبەکانی لەئەنجامەکەی پێشوو لەبارەی رەشاد خەلیفەوە باسمانکرد بۆ ئێرەش هەر راستە.**

**- پێچەوانەی ئەوەی ئەو بانگەشەی بۆ دەکات ژمارە ٧ لەهەیکەلی قورئان بەکارنەهاتووە، وەکو:**

**- ژمارەی بەشەکانی قورئان لێکدراوی ٧ نیە.**

**- کۆی ئایەتەکانی قورئان لێکدراوی ٧ نیە.**

**- یەکەمین سورەتی قورئان کە ژمارە حەوت "سبع"ی تێدایە کۆی ئایەتەکانی لیکدراوی حەوت نیە.**

**- دواترین سورەت کە ژمارە حەوتی "سبع" تێدایە تێکڕای ئایەتەکانی لێکدراوی ٧ نیە.**

**- سورەتەکانی تر کە ژمارە حەوتی تێدایە ئایەتەکانی هیچ کامیان لێکدراوی ٧ نیە.**

**- ژمارەی سورەتەکانی کە ژمارە حەوتی تێدایە هیچ کامیان لێکدراوی ٧ نیە.**

**- کۆی ئایەتەکانی وەکو یەکن لێکدراوی ٧ نیە.**

**- کۆی ئایەتەکانی کە ناوی محەمەد لەواندا هاتووە لێکدراوی ٧ نیە.**

**- ئایەتی هیچ کام لە ئەرکانەکانی ئیسلام (شایەتومان و نوێژ و رۆژوو زەکات و حەج) لێکدراوی ٧ نیە.**

**- ئایەتەکانی پەیوەست بەپێغەمبەران لێکدراوی ٧ نین.**

**- دەیان حاڵەتی تر.**

## پەرجوو داتاشین لەشیعرێکی حافزەوە

**لەرەخنەی پەرجووداتاشینی بیرکاریی ١٩ و ٧ باسمانکرد کە بەشێکی گەورەی کارەکانیان بەتایبەت لەبارەی ژمارە ٧ یاری ژمارەییە، دەکرێت خوێنەرێک بپرسێت یاریکردن بەژمارە واتای چیە؟ لەم بەشەدا بۆ نیشاندانی نمونەیەکی یاری لەگەڵ ژمارە، من بە بەکارهێنانی هەندێ لەرەوشەکانی رەشاد خەلیفە و الکحیل لانیکەم ١٤ پەرجووم لە یەکەمین بەیتی دیوانی حافز دەرهێناوە، ئەگەر**

**بەردەوام بوبایەم دەیان پەرجووی دیکەم دەست دەکەوت، سەرنج بدەن:**

******************************

**الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها**

**که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها**

**ژمارەی پیتەکانی ئەم بەیتە ١٦ وشەیە و ژمارەی پیتەکان بەبێ دووپاتکردنەوە "شدە" ٥٩ یەو پیتەکان بەدووپاتکردنەوە ٦٢ پیتەو ئەم بەیتە چونکە یەکەمین بەیتە لەڕوانگەی ژمارەی بەیتەکانەوە ژمارە ١.**

**١– ئەگەر ژمارەی پیتەکان (لەگەڵ دووپاتکردنەوە) زیاد بکەین بۆ ژمارەی بەیت، لێکدراوی ٧ دەکات، ٩ * ٧ = ٦٣ = ١+٦٢**

**٢- ئەگەر ژمارەی وشەکان و پیتەکان بەبێ دووپاتکردنەوە لەتەنیشت یەکەوە دابنێین لێکدراوی ٧ دەکات: ٢٣٧ * ٧ = ١٦٥٩**

**٣- ئەگەر ژمارەکانی ١٦٥٩ لەگەڵ یەکتردا کۆبکەینەوە لێکدراوی ٧ دەکات:**

**١ + ٦ + ٥ + ٩ = ٢١ = ٧ * ٣**

**٤- ئەگەر ژمارەی ١٦٥٩ بە تاک تاک کۆ بکەینەوە، دەکاتە لێکدراوی ٧:**

**١ + ٦ + ٥ + ٩ + ١٦٥٩ = ١٦٨٠ = ٧ * ٢٤٠**

**٥- ئەگەر ژمارەی سەرەوە بەشێوەی پێچەوانە (لەڕاستەوە بۆ چەپ بنوسین لێکدراوی ٧): ١٢٣ * ٧ = ٠٨٦١**

**٦- ئەگەر ژمارەی پیتەکان لەگەڵ دووپاتکردنەوە و ژمارەی وشەکان لەتەنیشتی**

**یەکەوە دابنێین(١٦٦٢) و ئەوانەش لەگەڵ ژمارەی دووپاتکردنەوەو ژمارەی بەیت کۆبکەینەوە، لێکدراوی ٧ دەکات: ٢٣٨ * ٧ = ١٦٦٦ = ١ + ٣ + ١٦٦٢**

**٧– بەسەرنجدان لەوەی کە وشەی بنەڕەتی و مەبەستی حافز لەم بەیتەدا ساقییە، ئێستا ئەگەر ژمارەی دووبارە س(لەگەڵ دووپاتکردنەوە) ا ق ی لەم بەیتەدا هەژمار بکەین لێکدراوی ٧ دەکات.**

**س = ٤**

**ا = ١٨**

**ق = ٢**

**ی = ٤**

---

٤ * ٧ = ٢٨

**٨- ئەگەر ژمارەی دووبارەی پیتەکانی ساقی لەنیوەدێڕی یەکەم بەدەست بهێنین ژمارەیەک دەدات بەدەستەوە کە لێکدراوی ٧ دەکات.**

**الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها**

**٢١٢ ٥ ١ ٢ ٠ ٢**

**٢٨٨٧٨٨٧ * ٧ = ٢٠٢١٥٢١٢**

**٩- ئەگەر ژمارەی بەدەستهاتوو پێچەوانە بنوسین دووبارە لێکدراوی ٧ دەکات:**

**٣٠٣٥٨٨٦ * ٧ = ٢١٢٥٢١٢**

**١٠- ئەگەر ژمارەی دووبارەی پیتەکانی ساقی لە نیوە دێڕی دووەم بەدەست بهێنین ژمارەیەک دەدات بەدەستەوە کە لێکدراوی ٧ دەکات:**

**که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشكلها**

**٠ ١ ٣ ٠ ١ ١ ٢ ١**

**١٢١١٠٣١٠ = ٧ * ١٧٣٠٠٤٤**

**١١– ئەگەر ژمارەی بەدەستهاتوو لە بەیتی یەکەم و دووەم لەگەڵ یەکتر کۆ بکەینەوە لێکدراوی ٧ دەکات:**

**٤٦١٧٩٣٢ * ٧ = ٣٢٣٢٥٥٢٢ = ٢٠٢١٥٢١٢ + ١٢١١٠٣١٠**

**١٢– ئەگەر ژمارەی بەدەستهاتووی سەرەوە پێچەوانە بنوسین دووبارە لێکدراوی ٧ دەکات:**

**٣٢٢١٧٦٠ * ٧ = ٢٢٥٥٢٣٢٣**

**١٣– ئەگەر دوو ژمارەی بەدەستهاتوو لە دوو نیوە دێڕەکە لەتەنیشت یەکەوە دابنێین،**

**ژمارەیەكی گەورە دەردەچێت كە لێكدراوی ٧ دەكات:**

**٢٠٢١٥٢١٢١٢١١٠٣١٠ = ٧ * ٢٨٨٧٨٨٤٤٥٨٧١٨٧**

**١٤- ئەگەر دوو ژمارەی بەدەستهاتوو لە دوو نیوە دێڕەكە لەتەنیشت یەكەوە بنوسین, بەڵام لەجێگەی دوو ژمارەكە بگۆڕین دووبارە ژمارەیەكی گەورە دەدات بەدەستەوە كە لێكدراوی ٧ دەكات:**

**١٢١١٠٣١٠٢٠٢١٥٢١٠ = ٧ * ١٧٣٠٠٤٤٣١٤٥٩٣١٦**

**ئێستا منیش دەتوانم بانگەشەی ئەوە بكەم كە كاتێك لە بەیتێكی دیوانی حافز لانیكەم ١٤ پەرجووم دەرهێناوە، كەوایە حافز پێغەمبەرە.**

*********************************

**ئێوەش ئەم ڕەوشەی یاریکردن لەگەڵ هەر دەقێکی تر و بۆ هەر ژمارەیەک دەتوانن بەکاربهێنن، تاکتیکی کلیلی لەم جۆرە پەرجوو داتاشینە کە ئێوە ژمارەیەکی تایبەتی لەبەرچاو بگرن و لەگەڵ ئامانج دۆزینەوەی ئەو ژمارە، یارییەکە دەست پێدەکات، ژمارەکان بەڕەوشی جیاواز لەتەنیشت یەکەوە دابنێ، کۆی بکەرەوە، لێکدانی بکە، پێچەوانەی بکەوە، ئێستا ئەم ژمارە بەدەستهاتووە، ئەوانە هەڵبژێرە کە بەسەر ژمارەی دڵخوازی خۆت شیاوی دابەشبوون بێت، بەهەمان سادەیی.**

# ئەنجامی بەش

- باسکردنەکانی قورئان لەبارەی سروشتەوە زۆر سادەو بێ هیچ تایبەتمەندییەکی بەکەڵکەو بەشێوەی ئاسایی منداڵان لەکۆتا ساڵی خوێندنی بنەڕەتی، ئەوانە باشتر و راستتر لە قورئان دەزانن.

- بەنزیکەیی قورئان لەهەر شوێنێک ئاماژەی بۆ سروشت کردبێت، هەڵەی کردووە، مەگەر راستیەکی بێ پێچوپەنای وەک خۆر ڕووناکەو ئاو بۆ ژیان پێویستە.

- هەروەکو لەم بەشەدا نیشانمانداوە، محەمەد بەنزیکەیی هەموو باسەکانی پەیوەست بەسروشت لە دەوروبەری خۆی وەریگرتووەو هێناویەتیە ناو قورئانەوە، کە هەروەکو چاوەڕوان دەکرێت ئەم باسانە زۆرترینی

**هەڵەن، لە زۆر لایەنەوە کەمێک شتی بۆ زیادکردووە، بۆ نمونە ئەوەی کە خۆر شەوانە دەڕواتە ژێر عەرشەوە کە ئەوەش هەڵەیە، خراپتر لەوە هەندێک لە باسەکانی قورئان هەڵەتر لە دەوروبەر باسی کردووە، بۆ نمونە لەکاتێکدا فەیلەسوفەکانی یۆنان گۆیبوونی زەوییان زیاتر لەهەزار ساڵ پێش محەمەد باسکردووە، قورئان زەوی بەتەخت دەزانێت، نمونەی تر گەشەی جینەکانە کە محەمەد هەروەکو دەوروبەر وەریگرتووە, بەڵام ئەوەی محەمەد گواستویەتییەوە لاوازتر و هەڵەترە لە ئەسڵی باسەکە، ئەمە بەڵگەی تەواوە کە ئەم باسانە هی خودا نیەو بەشێوەی گواستنەوەی دەماودەم بە محەمەد گەیشتوەو هەڵبەتە بەشێک لەباسەکە لە گواستنەوەی وتە دووبارەکان لەدەستچوون.**

**- لەقورئاندا هیچ پەرجوویەکی زانستیی و هەتا هیچ خاڵێکی تازەی ڕاستی زانستیی بوونی نیە، موسوڵمانانی پەرجووداتاش لەگەڵ گۆڕینی مانای وشەکان و ڕستەکان و لە زۆرێک لایەن بەپێچەوانەی دەقەکانی قورئان و حەدیس بانگەشەی بێ بەڵگەیان هێناوە کە لایەنی زۆری ئەوانە لەم بەشەدا وەکو ڕەخنە باسکراوە و نیشاندراوە کە ئەوەی باسکراوە نەک تەنها پەرجوو نیە, بەڵکو دژی پەرجوون، واتە دەیسەلمێنێت کە قورئان هی خودا نیە.**

**- لەکۆتاییدا هەڵەبوونی بەشێکی زۆری باسە زانستییەکانی قورئان، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم قورئانە دروستکراوی خودی محەمەدە نەک خودا، ناگونجێت خودا ئەوەنە نەزان بێت.**